

# چیرۆکەکانی حەسەنۆک

## بەرگی (١-٢)

نووسینی: محەمەدڕەزا یوسفی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە
د. هاوژین سڵیوە



ناوی کتێب: چیرۆکەکانی حەسەنۆك ـ بەرگی ١ - ٢
نووسینی: محەمەدڕەزا یوسفی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: د. هاوژین سڵێوە
هەڵەبڕی: د. کەیفی ئەحمەد
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: توانا ئەحمەد
نیگار: کازم تەلایی
چاپخانەی:
چاپی: یەکەم ـ ٢٠٢١

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٥٩٧) ساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە.

[بۆ منداڵانی تەمەن (٧ـ١٢)ساڵان، دەتواندرێ بۆمنداڵی تەمەن (٥ـ٧) ساڵیش بخوێندرێتەوە.]



# پێڕست


بەردێك كە نەتوانرێت هەڵبگیرێت ........ ٧
بەكلكی كەڵەشێر باوەڕبكەم یا...؟ ........ ١٠
مشك چییە كە ........ ١٣
بزنۆكە نەمرێ بەهار پێدەگا ........ ١٥
درەخت هەر چەندە بەری زۆرتر بێ ... ........ ١٨
مار ڕقی لە پونگ دەبووەوە ... ........ ٢٢
بەوەی نییە فلفل زۆر بچوكە ... ........ ٢٥
دەنگی دەهۆڵ ........ ٢٨
ماڵی خۆت تەقەت بگرە ... ........ ٣١
قەلێك و چل قەل ........ ٣٤
چێشتەكە ئەوەندە سوێر بوو ... ........ ٣٦
كێو بە كێو نەكەوێتەوە ... ........ ٤٠
میوان چارەی میوانی ناوێ ........ ٤٤
چێشتی زۆركابان ... ........ ٤٧
هەرچی كە ڕەش چووەوە ... ........ ٥٠
حەوزێك كە ماسی تێدانەبێت ... ........ ٥٤
یاریكردن مەترسی دەست و قاچ شكانی تێدایە ... ........ ٥٧
... بە كلكی شێریش یاریكردن؟ ........ ٦٠
سوار ئاگای لە پیادە نییە ........ ٦٢
لە سەرووی دەستەوە دەستی دیكە زۆرە ... ........ ٦٧
مووێك لە ورچ هەڵكەنی، غەنیمەتە ........ ٧٠
چێشتی كەشكی پوورێیە ........ ٧٣
مەنجەڵ دەگەڕێ سەری خۆی دەدۆزێتەوە ........ ٧٧
زستان تێپەڕبوو و ڕووڕەشی بۆ خەڵوز مایەوە ........ ٨٠
خۆرەتاو بەدەركەوت ... ........ ٨٣
سەلامی گورگ بێ تەماح نییە ........ ٨٦
تا گوێرەكە دەبێتە مانگا، خاوەنی زیرە دەكا ........ ٩٠
بە مانگ بڵێن: تۆ لە دونیابووی منیش هاتم ........ ٩٤
دیوار مشكی هەیە، مشكیش گوێی هەیە ........ ٩٦
حەسەنۆك خەوبردۆتییەوە، ئاویش گوێزی بردۆتەوە ........ ١٠٠
نەپارەم دا نەچەنەبازی، بوك بە ئێمە بوو ڕازی ........ ١٠٥
ژیاننامەی وەرگێڕ ........ ١٠٩




# حەسەنۆک ناچێتە قوتابخانە

1
چیرۆکەکانی
حەسەنۆک

نووسینی: محەمەدڕەزا یوسفی
لە فارسییەوە: د. هاوژین سڵێوە



# بەردێك كە نەتوانرێت هەڵبگیرێت...



لە ڕۆژگاری کۆندا، هەر ئاواییەك پاڵەوانێکیان هەبوو، پاڵەوان بەهێزترین پیاوی ئاواییەکە بوو. پاڵەوانی (خێر ئاباد) ناوی (قادر) بوو و کەسێکی میهرەبان بوو. خەڵکی ئاوایی زۆریان خۆشدەویست. ئەو شاگردی زۆری هەبوو، فێری هونەری (زۆرانبازی)ی دەکردن.

کاتێ وەرزی بەهار دەهات، پاڵەوانەکان ئاگادار دەکرانەوە، کە پێویست بوو بەردی گچکە و گەورە بەرز بکەنەوە. هەرکەسێك گەورەترین بەرد بەرزبکاتەوە، خەڵات وەردەگرێت. خەڵاتی ئەو کەسە مەڕێکی قەڵەو، یان بزنێکی شیردەر بوو.

لە نێوان شاگردەکانی (پاڵەوان قادر)دا، گەنجێك هەبوو ناوی (سەلمان)بوو. سەلمان بەژنێکی بەرز و بازوویەکی بەهێزی هەبوو. ئەو ئاشەوان بوو، هەموو ئاشەوانەکان ئەسپیان هەبوو. بە ئەسپ بەردی ئاشەکەیان دەچەرخاند و گەنمەکەیان دەکردە ئارد. بەڵام (سەلمان) بۆخۆی بەردی ئاشەکەی دەچەرخاند، بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ بازووەکانی بە هێزتر و جەستەی بەگوڕ تر دەبوو. (پاڵەوان قادر) (سەلمان)ی زۆر خۆشدەویست، چونکە ئەو شەو و ڕۆژ کاری دەکرد.

وەرزی بەهار بەدەرکەوت، پاڵەوانەکان بۆ نمایشکردن گەیشتنە مەیدانی ئاوایی و (سەلمان)یش لە نێوانیاندا بوو.

لەگۆشەیەکی مەیدانەکەدا بەرداشێکی کۆنی لێبوو. (پاڵەوان قادر) لەسەر بەرداشەکە دانیشت، تاوەکو نمایشی پاڵەوانەکان ببینێت. بەردی گچکە و ناوەنجی و گەورە لە مەیدانەکە بوون. پاڵەوانەکان یەکە یەکە دەهاتنە پێشەوە و بەردیان بەرز دەکردەوە. لە بەردی گچکەوە دەستیان پێکردبوو بەرەو بەردی گەورە دەچوون. کاتی بەرزکردنەوەی بەردە گەورەکە هات، تەنها دوو پاڵەوان لە مەیدانەکەدا بوون. ئەوانیش پاڵەوان (مراد)و پاڵەوان(سەلمان)بوون. پاڵەوان (مراد) بەرەو ڕووی بەردە گەورەکە هەنگاوی نا، ئارەقە لە سەر و ڕوخساری دەتکایەوە، هەردوو دەستەکانی بە دەوری بەردە گەورەکە هەلقەکرد، بۆ ئەوەی بەرزی بکاتەوە، بەڵام هەرچەندی تەکان و هێزی دایە بەرخۆی، نەیتوانی بەرزی بکاتەوە، سەری خۆی شۆڕکردەوە و بەلایەکدا ڕۆیی. پاڵەوان (سەلمان) هاتە پێشەوە، دەستەکانی بەوێنەی زنجیر بە دەوری بەردەکە هەلقە کرد، هەموو هێزی خۆی لە بازووەکانیدا کۆکردەوە و بەردەکەی بەرەو سینگی بەرزکردەوە. خەڵکی ئاوایی بارەکەڵڵایان پێوت و بوو بە هیاهو. ئەویش بەردەکەی فڕێدایەوە سەر زەوی.

پاڵەوان قادر پێی وت: ((ئافەرین پاڵەوان! مەڕە قەڵەوەکە بە تۆ بڕا)) پاڵەوان (سەلمان) لە بەردەم پاڵەوان (قادر)دا چۆکی داداوە و دەستی ماچکرد و وتی: ((دەمەوێ لەگەڵ پاڵەوان قادر کێبڕکێ بکەم!)) پاڵەوان قادر شیلەبزە گرتی و وتی: ((تۆ بەهێزترین گەنجی، ئەگەر من ببەزێنی، دەبیتە پاڵەوانی ئاوایی!)) ئەمەی وتو بەرەو ڕووی بەردە گەورەکە هەنگاوی نا، هەر دوو دەستی بەدەوری بەردەکەدا هەلقە کرد، بە یەك تەکان بەردەکەی بەرزکردەوە. خەڵکی ئاوایی بارکەڵڵایان پێوت و هیاهویان بۆ کرد. گەڕاوە و لەسەر بەردئاشەکە دانیشتەوە،



پاڵەوان سەلمان وتی: ((لە سەر بەرداشەکە هەڵسەوە!)) پاڵەوان قادر لەسەر بەرداشەکە بەرز بووە و وتی: ((دەتەوێ چی بکەی؟))

پاڵەوان سەلمان وتی: ((بەرداشەکە بەرز بکەمەوە!)) ئەمەی وت و بەرەو ڕووی برداشەکە هەنگاوی نا. پاڵەوان قادر و خەڵکی ئاوایی بە سەرسوورمانەوە چاویان لێدەکرد. ئەو بەرداشەکەی تەکاندا، کونێك لە ناوەڕاستی بەردەکە بوو. هەردوو دەستی لە نێو کونەکە گیرکرد، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و بەرداشەکەی بەرەو سینگی بەرزکردەوە و بەدەوری خۆیدا خولایەوە، ئینجا دەستەکانی لێکئاوەڵا کرد و بەردەکەی بەزەمیندا دادایەوە. خەڵکی ئاوایی دەستیانکرد بە هەراوهۆریا.

(پاڵەوان قادر) دەستێکی لە شانی داو پێی وت: ((ئافەرین!))، (پاڵەوان سەلمان)، ئەویش دەستی پاڵەوان قادری ماچ کرد.

(پاڵەوان قادر) بەرەو ڕووی بەرداشەکە هەنگاوی نا. هەردوو دەستی لە کەلێنی بەردەکە گیرکردن. هەناسەیەکی قوڵی هەڵمشت، زۆر هەوڵیدا تا بەردەکە بەرزبکاتەوە، بەڵام نەیتوانی. خەڵکی ئاوایی بە سەرسوورمانەوە تەماشایان دەکرد! دووبارە دەستی بەدەوری بەردەکە هەلقەکرد و هێز و گوڕی دایەوە بەرخۆی، بەڵام دیسان نەیتوانی بەرزی بکاتەوە. دواتر بەرداشەکەی ماچ کرد و لێی دوورکەوتەوە. خەڵکی ئاوایی وتیان: ((پاڵەوان قادر، بۆچی بەردەکەت ماچکرد؟ بەرزی بکەرەوە!)) پاڵەوان قادر شیلەبزە گرتی و وتی: ((بەردێك کە نەتوانی هەڵیبگری، پێویستە ماچی کەیت و بەجێیبهێڵی.)) لەو ڕۆژەدا پاڵەوان سەلمان دڵی زۆر خۆشبوو.



# بەکلکی کەڵەشێر باوەڕبکەم، یا...؟



بەیانییەکی سەحەریی، مریشکە خان لە خەو بێدار بووەوە و چاویگێڕا بۆ کەڵەشێر، کەچی دیارنەبوو. سەیری ئەم دیو و ئەو دیوی خۆی کرد، دەنگی هەڵبڕی و بانگی کەڵەشێری کرد، کەچی کەڵەشێر هیچ خەبەری نەبوو!

میرشکەکە دڵی گیرا و نیگەران بوو. بەخۆی وت: ((ئەی خودایە، دەبێ چ بەڵایەکی بە سەردا هاتبێ؟ لەکوێ بە شوێنیا بگەڕێم؟))

باڵ و پەڕەکانی خۆی کۆکردەوە و ملی ڕێگای گرت. هێشتا لە کوڵانەکەی دوور نەکەوتبووەوە جوانەگایەکی بینی. چووە پێشی و وتی: (( کاکەی جوانەگا، سوێند بە قۆچی کەمەندت، کەڵەشێرت نەبینیوە؟ بەیانی زوو، وەك ئاوێك بەزەویدا ڕۆچێت و وەك هەورێك بە هەوادا بڕوات ون بوو.))

جوانەگا یەك دوو جار بۆڕاندی و بەخۆی وت: (( ئەی بێئاگا! ئێستا تێگەیشتم بۆچی کاکی ڕێوی بەخۆی و بە کۆڵەپشتێکەوە تێپەڕبوو! حەتمەن کەڵەشێری دزیبوو و دەیبرد.))، بەڵام سەبارەت بەو بابەتە هیچ شتێکی بە مریشکەکە نەوت.



تەنها وتی: ((خەم مەخۆ، مریشکە خان! ئەگەر کەڵەشێر ببێتە ئاو و بەزەویدا شۆڕبێتەوە، ئەگەر ببێتە هەور و بە هەوادا بڕوات، بۆت پەیدادەکەم. لە سەرم بووەستە... با بڕۆین!))

مریشك و جوانەگا ملی ڕێگایان گرت، تاوەکو گەیشتنە بزنی زەنگوڵ لە مل. مریشکەکە لە خەفتان توقەتوقێکی کردو وتی: (( بزنی مل بە زەنگوڵە! سوێند بە زەنگوڵی زێڕینت، کەڵەشێرت نەبینیوە؟ بەیانی زوو، وەك ئاوێك بەزەویدا ڕۆچێت، وەك هەورێك بە هەوادا بڕوات ونبوو.))

بزنی زەنگوڵ لە مل چەند جارێك قاڕاندی و بەخۆی گوت: ((ئەی داد و بێداد! ئێستا تێگەیشتم بۆچی کاکی ڕێوی هیچ گرنگییەکی بە من نەدا و بە بێدەنگ و بە خشپەیی بە تەنیشتمەوە تێپەڕی! حەتمەن کەڵەشێرەکەی لە کۆڵەپشتەکەی نابوو!))، بەڵام ئەویش سەبارەت بەو بابەتە هیچی بە مریشکەکە نەوت. تەنها گوتی: ((خەم مەخۆ، مریشکە خانم، ئەگەر کەڵەشێر ببێتە ئاو و بەزەویدا بچێت، ئەگەر ببێتە هەور و بەهەوادا بچێت، دەیدۆزینەوە، بوەستە لەگەڵتان دێم.))

بزنی مل بە زەنگوڵ و جوانەگاو مریشك کەوتنە ڕێ. ڕۆیشتن ڕۆیشتن تاوەکو گەیشتنە ئەسپی خەنەیی. مریشکەکە قورتە قورتێکی کردو وتی: (( ئەی ئەسپی خەنەیی، سوێند بە یاڵی جوانت، کەڵەشێرت نەبینیوە؟ بەیانی زوو، وەك ئاوێك بەزەویدا ڕۆچێت، وەك هەورێك بە هەوادا بڕوات ون بوو.))

ئەسپی خەنەیی یاڵی نازداری داتەکاند و وتی: ((ئەی وای، ئێستا تێگەیشتم کە بۆچی کاکی ڕێوی بەئەدەب ببوو سەلامی لێکردم! بێگومان کەڵەشێرەکەی لە کۆڵەپشتەکەی نابوو!))

ئەسپی خەنەیی سەبارەت بەو بابەتە هیچی بە مریشکەکە نەوت. تەنها وتی: ((خەم مەخۆ، مریشکە خان، ئەگەر کەڵەشێر ببێتە ئاو و بەزویدا بچێت، ببێتە هەور و بەهەوادا بڕوات، دەیدۆزینەوە، ڕاوەستە منیش دێم.))

ئەسپی خەنەیی و بزنی مل بە زەنگوڵ و کاکی جوانەگا و مریشکە خان، ڕۆیشتن ڕۆیشتن، تاوەکو کاکی ڕێوییان لەنێو چەمێکدا دۆزییەوە. ڕێوی بەدەم ڕۆیشتنەوە گۆرانی دەگوت و سەمای دەکرد.

جوانەگا بەدەنگێکی بەرزەوە بۆڕاندی و گوتی: ((کاکی ڕێوی! سوێند بە کلکی درێژت، کەڵەشێرت نەبینیوە؟))



ڕێـوی کلکـی بـۆ بزوانـد و وتـی: ((نـا نەمبینیـوە! سـوێند بـەو کلکـە درێـژەم نەمبینیـوە!))

میرشکەکە لـە دەوری ڕێوی وەرچەرخاو قورتـە قورتێکی کـرد و وتـی: ((سوێند بـە لمووزی دێژت، کەڵەشێرت نەبینیـوە؟))

ڕێوی چاوەکانی داخست و گوتـی: ((نـا، نەمبینیـوە، سوێند بـە چاوە جوانەکانـم نەمبینیـوە!))

جوانـەگا و مریشك و بزنـی زەنگوڵ لـە مـل و ئەسـپی خەنەیـی گوتیـان: ((بـاوەڕ بـە سـوێندی ڕێـوی بکەیـن، یـان کلکـی کەڵەشێر؟))

ڕێـوی ئـاگای لـەوە نەبـوو کـە کلکـی کەڵەشـێر لـە کۆڵەپشـتەکەی هاتبـووەدەر، تـا لـەوە تێگەیشت کۆڵەپشتی بـەزەوی دادا و چەنـد پێـی هەبـوو هەنـدەی تـری بـە قـەرز وەرگـرت و تێیتەقانـد و بـۆی دەرچـوو.



# مشك چييە كە...



شێر میوانداریيەكی گەورەی بۆ ئاژەڵان ڕێكخست. هەموو جۆرە ئاژەڵ و دڕندەیەكی دەعوەت كرد. پشیلە خانم یەكێ لە میوانەكان بوو. ئەو بچوكترین میوانی شێر بوو.

پشیلە نەیدەویست بەدەستی خاڵی بچێتە ئەو میوانداریيەوە. شەو و ڕۆژ بیری دەكردەوە، كە چ جۆرە دیارييەك بۆ شێر ببات، كاتێ بینی عەقڵی بەم شتە ناشكێ، چووە لای نێرەكەر و پێی وت: ((جیرانەكەم، تۆ چ دیارييەك بۆ شێر دەبەیت؟))

نێرەكەر كە دەنگی خۆی زۆر پێ خۆشبوو، زەڕەزەڕێكی كرد و وتی: ((من دەنگە خۆشەكەی خۆمی پێشكەش دەكەم.))

پشیلە خانم هیچی نەوت. خودا حافیزی لە نێرەكەر كرد و بەڕێی خۆیدا ڕۆیی. چووە لای مانگا سپی و پێی گوت: ((ئێوە چ دیارييەك بۆ شێر دەبەن؟))

مانگا سپی بە دەنگێکی بەرز قۆڕاندی وتی: ((من وێنجە و سێپەڕەی تازەی بۆ دەبەم.))

پشیلە خانم ماڵئاوایی لە مانگا کرد و چووە لای عەلەشیش و وتی: ((ببینم ئێوە چ دیارییەك بۆ شێر دەبەن؟))

پشیلە چووە چەند شوێنێکی تر و لە چەند ئاژەڵێکی تری پرسی، دواتر گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی. دڵی توند ببوو، بەخۆی دەوت: ((پێویستە من باشترین دیاری بۆ شێر ببەم!))، بەڵام نەشیدەزانی باشترین دیاری چی بوو.

پشیلە دانیشتبوو لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد، لەناکاو چاوی بە مشکێکی بچوکی خۆڵەمێشی کەوت، زاری پڕ ئاو بوو، بەخۆی وت: ((باشترین دیاریم پەیداکرد!))، قەڵەمبازێکی لێدا و مشکەکەی لەنێوان زەوی و هەوادا گرت، ڕۆژی میوانداریيەکە هات، هەموو ئاژەڵ و دڕندەکان بە دیارییەوە چونە لای شێر، پشیلەش لەنێوان ئەوانەدا بوو، ئەو مشکە بچوکەکەی لە قەفەسێك نابوو، بە پۆزەوە ملی ڕێگای گرتبوو.

میوانداریيەکەی شێر بۆ بوونەوەرەکان شتێکی دڵخۆشکەر بوو، ماڵی شێر پڕببوو لە دیاری جۆراوجۆر، پشیلە خانم قەفەسەکەی دایە شێر و وتی: ((فەرموو! ئەوە باشترین دیارییە بۆ ئێوە! چەند ڕۆژێك ئارام بگرە تا نەختێك گەورە دەبێت، ئەوکاتە قەڵەو دەبێت و سەر و پێیەکەی بخۆ.))

شێر بە سەرسووڕمانەوە سەیری پشیلەی کرد و سوپاسیشی کرد. کە میوانداریيەکە تەواوبوو، شێر بڕیاریدا دیارییەکان کۆبکاتەوە، چاوی بە قەفەسی مشکە بچووکەکە کەوت. مشکە بچوکەکە بەترسەوە سەیری شێری دەکرد.

شێرەکە قسەی پشیلەکەی بە بیرهاتەوە و پێکەنی. دەرگای قەفەسەکەی کردەوە و وتی: (( مشکی بچووك، وەرە دەرەوە!))مشکەکە لەسەرخۆ لە قەفەسەکە هاتە دەرەوە و لە ترسان وەك گەڵای بی دەلەرزی.

شێر سەیرێکی کرد و وتی: ((بچکۆڵ بڕۆ! من ئەگەر یەك گورگ بخۆم تێرنابم، چۆن تۆ بخۆم! بۆ پشیلە خانم خۆراکێکی چەور و نەرمی، چونکە سەروپێی تۆ لایەکی ددانم پڕناکاتەوە، وەك دەڵێن: ((مشك خۆی چییە و سەروپێیەکەی چی!))، مشکە بچووکەکە تێیتەقاند و بۆی دەرچوو.



# بزنۆکە نەمرێ بەهار پێدەگا،...



(گارۆ)لە کاری ئاشەوانیدا زۆر هاوکاریی (کوردۆ)ی دەکرد. کوردۆ بزنێکی بۆ گارۆ کڕی. گارۆ ناوی لە بزنەکە نا بزنۆکە. بەخۆی و بە بزنۆکەوە دەچووە لای کوردۆ و هاوکاری دەکرد.

ئیشی ئاشەوانی زۆر بوو، چونکە وردە وردە هاوین بەرە و کۆتایی دەچوو، خەڵکی ئاوایی گەنمیان دەبردە ئاش و دەیانکردە ئارد، بزنۆکەکە لە دەوروبەری ئاشەکە دەخولایەوە و دەلەوەڕا. کاتێ (گارۆ)ی بە سەر و سیمایەکی ئارداوی دەبینی بەرەو ڕووی ئەو ڕایدەکرد، ئەویش کەمێك یاری لەگەڵ دەکرد و دواتر دەگەڕایەوە سەر کارەکەی خۆی. عەسران کە ئیشی ئاشەوانی تەواو دەبوو، گارۆ دەست و

دەم و چـاوی خـۆی دەشوشـت و لەگـەڵ بزنەکـە دەچوونـە دەشـت. بزنەکـە تێـر گیـا و گۆڵـی دەخـوارد و دواتـر دەگەڕانـەوە ماڵـەوە. چونکـە (نەنـە ڕازی)نەخـۆش بـوو، نەیدەتوانیٚ خزمەتـی مانـگا و مـەڕەکان بـکات. گارۆ بزنۆکەکـەی لـە گۆشـەیەکی حەوشـەکە دەبەسـتەوە و توێکڵـە کاڵـەك و شـوتی بـۆ دادەنـا.

ئـەو ساڵە پایـز زوو هـات، گارۆ بەپەتـی ڕەنگاوڕەنـگ کـە دایکـی دروسـتی کردبـوو، ملوانکەیەکـی جوانـی بـۆ بزنەکـە دروسـت کـرد و زەنگوڵۆکەیەکیشـی پێوەخسـت. چەنگە خەنەیەکـی بـە ئـاو گرتـەوە و لـە هـەر چـوار پـەل و نێوچـەوان و کلکـی بزنەکـەی هەڵسـوی. ئێسـتا بزنەکـە بـووە سـێ ڕەنـگ، سـپی و ڕەش و خەنەیـی. زۆر جـوان بـوو. هەمـوو کەسـێك سـەیری دەکـرد. کاتـێ کـە کوردۆ بزنەکـەی دیـت، زۆری پـێ جـوان بـوو و بـە نەنـە ڕازی وت: ((ئەگـەر دەمزانـی ئـەو بزنـە ئەوەنـدە دڵـی گارۆ خـۆش دەکا، ئـەوە زووتـر بـۆم دەکـڕی.))

نەنـە ڕازی سـەرێکی ڕاوەشـاند و وتـی: ((مـن نازانـم چـی بـە دڵـی منداڵانـدا گوزەر دەکات!))

وەرزی پایـز تـەواو بـوو، یەکەمیـن بەفـر کـە بـاری، تـا ژێـر چۆکـی گارۆ بـوو، زسـتان لـە ساڵانـی تـر زووتـر هـات، خەڵکـی ئاوایـی لـە ئامادەباشـی دابـوون. مـەڕ و مانگاکانیـان بـردە ئاغـەڵ و پێشـوازی زسـتانیان کـرد. گـەڵای درەختـان هەڵوەریـن، لـەوەڕگا نەمـا، بزنۆکـە برسـی بـوو، گارۆ نەیدەزانـی بـە چ شـێوەیەك تێـری بـکات. نەنـە ڕازی بەخشـت و قـوڕ کۆڵیتێکـی بـۆ بزنەکـە دروسـت کـرد. عەبـاس نەختـێ جـۆی لـە دراوسـێکان وەرگـرت، لەگـەڵ کا تێکەڵـی دەکـرد و بـە بزنەکـەی دەدا، بزنەکـە ئەوەنـدە برسـی بـوو کا و جۆیەکـەی زۆر بـە ئیشـتها و بەهەڵپـەوە دەخـوارد. گارۆ سـەیری دەکـرد و دەیگـوت: ((خـەم مەخـۆ، بزنۆکـە گیـان! تـا سـەیری ئێمـە دەکـەی زسـتان تەواودەبێـت، دووبـارە دەر و دەشـتەکان سـەوز دەبنـەوە و دەبنـەوە لـەوەڕگا، ئەوکاتـە بێئەنـدازە گیـای تـازە بخـۆ.))

بزنۆکـە بەچـاوە میهرەبانەکانییـەوە سـەیری (گارۆ)ی دەکـرد، کا و جـۆی بـە سـەختی دەجـوی و دەیخـوارد. بـەم شـێوەیە چەنـد ڕۆژێـك تێپـەڕی، کاو جـۆ تەواوبـوو، بـزن بـە برسـییەتی مایـەوە، ئیتـر هێـزی ئـەوەی نەمابـوو لـە شـوێنی خـۆی بەرزبێتـەوە و بەئاراسـتەی گارۆ ڕابـکات. ئەویـش باوەشـی بـە بزنەکـە دادا و باسـی هاتنـی بەهـار و سـەوزەزاری بـۆ دەکـرد و دەیـوت: ((بزنۆکـە گیـان، تەمەنـی زسـتان وا بـەرەو کۆتـا



دەچێت. ئارامت هەبێ! جارێكی تر دەچینەوە دەر و دەشتەكان، نارەحەت نەبیت!))

بزن بەبێ هێزی سەیری گارۆی دەكرد، ئەویش قسەی بۆ بزنەكە دەكرد، ئاگای لەوە نەبوو كە كوردۆ گوێی لە قسەكانیەتی.

گارۆ دەگریا، كوردۆ بە دەنگێكی بەرزەوە وتی: ((كوڕە تۆ چی دەڵێی؟ ئایە دەبێ ئەم حەیوانە بەستەزمانە تا بەهار هیچ نەخوات و بە برسیەتی بمێنێتەوە؟ بەرزبەوە بڕۆ لای مامە مراد و پێی بڵێ: یەك گونییە جۆ و دوو گونییە كات بۆ بێنێ.))

بە دەنگێكی بەرزەوە پێكەنی گوتی: ((هی هی هی...بزنۆكە مەمرە بەهار دێتەوە، كاڵەك و خەیارت بۆ دێتەوە.))

(گارۆ)یش پێكەنی، لە جێی خۆی بڵندبووە و بەپەلە بەرەو خانووی مامە مراد ڕایكرد.



# درەخت هەر چەندە بەری زۆرتر بێ،...



لە باخێکدا درەختی جۆراوجۆر هەبوو، لایەکی درەختی گێلاس و لەلایەکەی تریش درەختێکی هەرمێ هەبوو، لە ناوەڕاستی باخەکەشدا درەختێکی عەرعەر هەبوو.

باخەوانی پیر، بەیانیان زوو لە کوخەکەی بەدەردەکەوت و باخەکەی ئاودەدا، کوخی باخەوانەکە لە گۆشەیەکی باخەکەی بوو.

بەهار هات و درەختەکان شکۆفە و گەڵایان دەرکرد، باخەوانی پیر بە خۆشحاڵییەوە چاوی لە درەختەکان دەکرد و شکۆفەکانیانی بۆن دەکرد. ڕۆژێك لە درەختی گێلاسی پرسی: ((خەوی زستانت چۆن بوو))؟

درەختی کێلاس لق و چڵەکانی خۆی جوڵاندەوە و وتی:((زستانێکی سەخت بوو!))

باخەوان ئاوەکەی بۆ لای درەختی هەرمێ بەردایەوە و پێی وت: ((ئەدی تۆ زستانت چۆن بەڕێکرد؟))

درەختی هەرمێ وەڵامی دایەوە:((ئەگەر تۆ جەستەی منت لەم زستاندا بە گونییە نەپێچابایەوە سەرما و بەستەڵەك دەیئەنگاوتم و دەیکوشتم)).

باخەوان چاوی بە درەختی عەرعەر کەوت. ئەو ڕۆژەی هاتەوە بیر، کە تازە ئەو لە باخەکەیدا سەوز ببوو. نە ئەو و نە خاوەن باخ، تۆوی ئەم درەختەیان لەم باخدا نەچاندبوو، ڕەنگە با یان ئاو تۆوی ئەم درەختەی هێنابێتە ئێرە.

خاوەن باخ حەزی دەکرد ئەم درەختی عەرعەرە لە ڕەگەوە ڕیشەکێش بکات، بەڵام باخەوان ڕێی پێنەدابوو. چونکە ئەو هەموو جۆرە درەخت و سەوزاییەکی لەلا جوان و پەسند بوو.

درەختی عەرعەر ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەی دەکرد و گەورەتر دەبوو، تا وای لێهات لە هەرمێ و گێلاسەکان بڵندتر بوو. باخەوان ڕووی لە درەختی عەرعەر کرد و لێی پرسی:((ئەرێ! ئەدی تۆ زستانت چۆن بەسەربرد؟))

درەختی عەرعەر بە لەخۆباییەوە سەیرێکی باخەوانی کرد و وتی:((من درەختی شاخاویم، ترسم لە زستان و سەرما و سۆڵە نییە!))

باخەوان هیچی نەوت. جۆگەلە ئاوەکەی بەڕووی درەختی عەرعەردا کردەوە و ڕۆیشت.

درختی عەرعەر کە تازە لە سەین و بەینی ئەوە دابوو یەکەم بەری خۆی بدا، بە لووتبەرزییەوە چاوێکی لە درەختی هەرمێ کرد و وتی:((لە ڕاستیدا تۆ درەختێکی زۆر بەدبەخت و بێچارە و بچوکی! ))

درەختی هەرمێ سەری بەرزکردەوە، سەیری قەدە بەرزەکەی عەرعەری کرد و بە بەخشندەییەوە وتی:((بەڵام لە بیرت نەچێ ڕەگەکانی من بەهێزن و میوەی

درشت و ئاودار بەرهەمدێنم.))

درەختی عەرعەر لێوێکی لێ هەڵقرچاند و لق و گەڵاکانی داتەکاند و وتی:((میوەکەی تۆ لە میوەکەی من درشتتر و ئاودارتر نییە! سەیری قەد و باڵام کە! باخەوان دەبێ پەیژە لەگەڵ خۆی بێنێ، تا بتوانێ میوەکەم بچنێتەوە!))

درەختی هەرمێ فزەی لێوەنەهات، چونکە نەیدەزانی قەبارەی بەری عەرعەر چەندەیە و چ جۆرە تامێکی هەیە.

بەهار تێپەڕی و هاوین هات. گەڵای درەختەکان چڕ و پڕ تر بوون و گوڵەکانیشیان بوونە میوە. میوەی درەختی هەرمێ ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر و جوانتر دەبوو. کەچی بەری درەختی عەرعەر هەر بەقەد یەك دەنکە فندق دەبوو. درەختی عەرعەر توڕە بوو، بەڕووی درەختی هەرمێدا شیڕاندی و وتی:((هەی درەختۆکەی هەرمێی ناقۆڵا! تۆی کورتە بنە ئەو بەرە جوان و درشتەت داوە، کەچی منی بەژن و باڵا بەرز ئەم بەرە بچوکم گرتووە!؟ قەرار بێ، لەم ڕۆکەوە نەهێڵم ڕووناکی خۆرەتاو بگاتە لق و گەڵاکانت!))

درەختی عەرعەر ڕاستی وت، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ لق و گەڵاکانی زۆر و زۆرتر دەبوون، ئەو وەك پارچە هەورێك لە ژوور سەری دار هەرمێکە وەستابوو. خۆرەتاو هەرچەند هەوڵیدەدا نەیدەتوانی ڕووناکی خۆی بگەیێنێتە درەختی هەرمێ. تەنها لە دوای نیوەڕۆوە ڕێی بە کەمێك ڕووناکی دەدا، کە بەر درەختی هەرمێ بکەوێ. درەختی هەرمێ زۆر پێویستی بە تیشکی خۆرەتاو بوو و بەلایەوە هەتاو لە هەموو شتێك گرنگتر بوو. درەختی عەرعەر زۆر شادومان بوو، تا ڕۆژێك خاوەن باخ هاتە نێو باخەکەی و بینی درەختی عەرعەر سێبەری بەسەر درەختی هەرمێدا کردووە، باخەوان هاواری لێ هەڵسا و وتی:((سێبەری درەختی عەرعەر ناهێڵێ بەری هەرمێکە پێبگات. ئەگەر خۆرەتاو بەر درەختی هەرمێ نەکەوێ، چاومان بە یەك تاکە هەرمێی زێڕین و ئاودار ناکەوێ.))

خاوەن باخەکە ئەمەی وت و ڕاستەوخۆ چووە لای درەختی عەرعەر و گەڵاکانی بۆنکرد و وتی: ((چ بۆنێکی ناخۆشی لێدێ، ئەمە باخە یان جەنگەڵە! توخوا، درەختێك بەرەکەی بە قەت فندقێك بێت و بەکەڵکی خواردن نەیەت و بۆنی وا ناخۆش بێ و سێبەریشی بەسەر درەختی هەرمێدا کردبێ، ئەمە کەی جێگەی لە



باخدا دەبێتەوە و کەڵکی چییە؟ ئادەی مشارێکم بۆ بێنن!))

باخەوان چاوێکی لە درەختی هەرمێ و عەرعەر کرد. بینی درەختی هەرمێ لەبەر ئەو هەموو بەرەی گرتبووی بۆ زەوی شۆڕ ببووەوە، بەڵام درەختی عەرعەر تەنها باڵای هەڵچووی هەبوو، وەك ستوونی کارەبا لە ناوەڕاستی باخەکە وەستابوو. لە هەمان کاتیشدا بۆنی ناخۆشی لق و گەڵاکانی بەهەوا بڵاودەبووەوە.

باخەوان سەری خۆی لەقاند و بەخۆی وت:(( لەڕاستیدا! درەخت هەرچەندە بەری زۆرتربێ، سەری نویتر دەبێ!))

ئەوجا بە مشار کەوتە گیانی درەختی عەرعەری غرور و لەبنڕا بڕییەوە. خێرا گوژمەی خۆرەتاو لە هەموو لایەکەوە درەختی هەرمێیان گرتە باوەش و ئەویش جوانتر گەشایەوە.



# مار ڕقی لە پونگ دەبووەوە،...



لـە نزیـك كانیاوێـك، درەختێـك هەبـوو، دەوروپشـتی درەختەكـە چەمـەن زاربـوو، مامـز و كەروێشـك و پەڕەسـێلكە بـە شـادییەوە یارییـان دەكـرد.

لانـەی كەروێشـكەكە لـە نێـو تەڕاشـە سـەوزەكان بـوو، ماڵـی مامـز لـە تەنیشـت كانیاوەكـە بـوو. پەڕەسـێلكەكەش لـە سـەر درەختەكـە هێلانـەی چێكردبـوو.

ڕۆژێكیـان مامـز و پەڕەسـێلكە سـەرگەرمی یاریكردن بـوون، كەروێشـك بـە هەناسـە بڕكێـوە هـات و وتـی: ((مـار! مـاری ڕەش!...دەمویسـت لـە لانەكـەم بخـەوم مارێكـی ڕەشـم بینـی!))

مامز وتی: ((بێگومان خەوت بینیوە!))

پەڕەسێلكە وتی: ((ڕەنگە پەتی ڕەشت بینیبێ، وات هەستكردبێ مارە!))

كەروێشـك وتـی: ((نـا نـا! خـەوم نەبینیـوە! پەتـی ڕەشیشـم نەبینیـوە! وەرن بـا مـارە ڕەشـەكەتان پیشـان بـدەم!))

مامـز و پەرەسـیلكە بەگـەڵ كەروێشـك كەوتـن. ڕۆیشـتن و لـە لانـەی كەروێشـكەكە

نزیک بوونـەوە. لـەم لا گـەڕان و لـەو لا گـەڕان، بـەڵام ڕەشماریان نەدۆزییـەوە.

شـەو داهـات هـەر سـێکیان چوونـەوە ماڵـی خۆیـان تـا بخـەون، بـەڵام کەروێشـک لـە ترسـان تـا بەیانـی خـەو نەچووە چاوانـی. کـە بەیانـی داهـات، کوێـی لـە دەنگـی پەڕەسـێلکە بـوو، هەنـگاوی نـا بـەرەو لای ئـەو.

پەڕەسێلکە باڵەکانی لێکدەداو وتـی: ((مـار، ڕەشمار! خـۆم بینیـم! دەیویسـت بێتـە هێلانەکـەم و بەچکەکانـم بخوات.))

مامـز گەیشـتەجێ، پەڕەسـێلکە لـە ترسـان، وەك گـەڵای بـی دەلـەرزی و دەیـوت: ((مامزەخانـم، کەروێشـك ڕاسـتی وت، منیـش مـارە ڕەشـەکەم بینـی. ئەگـەر بۆ سۆراغی بەچکەکانـم بێتـەوە، چـی بکـەم؟))

پەڕەسـێلکەکە زۆر ترسـابوو. مامـز و کەروێشـك خـەمگیـن بـوون، لەنـاکاو گوێیـان لـە فیشـکە فیشـك بـوو. گوێچکەکانیـان موچکـرد و لەپشـت درەختەکـە خۆیـان مـات کـرد. ڕەشـمار لەسـەر تاتـە بەردێـك ڕاکشـابوو، زمانـی دەردەهێنـا و سـەرنجی دەدایـە ئەمبـەر و ئەوبـەر.

کەروێشك و مامز و پەڕەسێلکە زانیان کونی مار لەبن تاتە بەردەکەیە.

مار فیشکاندی و بەکونەکەدا خۆی خستە بن بەردەکە.

کەروێشك وتی: ((من هیچکە لێرە نامێنمەوە!))

مامز وتی: ((ڕاستە، پێویستە بچینە شوێنێکی تر!))

پەڕەسـێلکە وتـی: بۆکـوێ بڕۆیـن؟ ماڵـی ئێمـە لێرەیـە! چ شـوێنێکی باشـتر پەیـدا بکەیـن؟))

کەروێشـك گوێیـە درێژەکانـی داتەکانـد و وتـی: ((بـەڵام چـی بکەیـن؟ ئەگـەر لێـرە بمێنینـەوە، ڕەشـمار لەناومـان دەبـات!))

پەڕەسێلکە باڵەکانی لێکدا و وتی: ((پێویستە ڕەشمار لێرە دووربخەینەوە!))

مامـز و کەروێشـك و پەڕەسـێلکە هـاوکاری یـەك بـوون. پەڕەسـێلکە لـە ئاسمانەوە بەردووکـەی بەسـەری مارەکـە دەدا، کەروێشـك گێـزەری ژەهـراوی لەپێـش کونـی مارەکـە دانـا. مامزیـش لەپـڕ خـۆی هەڵدەدایـە سـەر تاتەبەردەکـە، تاوەکـو ڕەشـمارەکە بـۆی بخشـێت و ئەونـاوە چـۆڵ بـکات. بـەڵام هیـچ کام لـەم تەکبیرانـە سـودیان نەبـوو، مارەکـەش هـەر لـە جێـگای خـۆی مایـەوە.

مامـز و کەروێشـك و پەڕەسـێلکە لـە قـەراغ کانییەکـە دانیشـتن. دڵیـان گیرابـوو،



خەمیان دەخوارد، بیریانکردەوە چی بکەن، تاوەکو لە چنگی مار نەجاتیان بێت.

بنجە پونگەیەکی باریکەلە لە قەراغ ئاوەکە ئەوانی بینی و دڵی پێیان سوتا! پرسی: ((چی بووە؟ بۆچی ئەوەندە خەمبارن؟))

کەروێشک هەموو شتێکی بۆگێڕایەوە. مامز و پەڕەسێلکە کونی مارە ڕەشەکەیان پیشاندا.

پونگەکە نەختێ بیری کردەوە. دواتر سەرێکی بۆبادا و وتی: ((خەم مەخۆن! من و بنچکە بچوکەکانم ببەنە زارکی کونەمارەکە و بمانچێنن!))

کەروێشک بە سەرسامییەوە وتی: ((ئەو ئیشە چ سوودێکی هەیە؟))

پونگ گەڵا بچوکەکانی بە نەرمییەوە بەدەم و چاوی کەروێشکەکەی داهێناو وتی: (( گوێ لە قسەکانی من بگرن، هەرچیم وت ئەنجامی بدەن!))

مامز و کەروێشک و پەڕەسێلکە، پونگەکەیان هەڵقەند و لە زارك و دەوروبەری کونەمارەکە چاندیان. ڕەشمار لە کونەکەی هاتەدەر. بۆنی پونگ لوت و کەلەی پڕکرد، نارەحەت بوو وتی: ((چ بۆنێکی ناخۆش و پیسە!))

بەسەر و ملی هەموو پونگەکەی پانکردەوە، دووبارە گەڕایەوە کونەکەیی و خەوت.

مامز و کەروێشک و پەڕەسێلکە پونگەکەیان ئاودا. بۆ ڕۆژی دوایی، کاتێ کە بەیانی مار لە کونەکەی هاتەدەر، زۆر تووڕەبوو، چونکە دەوروپشتی کونەکەی هەمووی پونگ بوو، دیسان مارەکە بەسەر و ملی هەموو پونگەکەی پانکردەوە و بەدوای نێچیرێك دەگەڕا.

مامزو کەروێشك و پەڕەسێلکە جارێکی دیکەش پونگەکەیان ئاودایەوە.

دیسان ڕەشمار تووڕەبووە و بەسەر و گەردەنی پونگەکەی هەڵشێلا و ڕۆیی.

مامز و کەروێشك و پەڕەسێلکە، کۆڵیان نەدا، دیسان پونگەکەیان ئاودایەوە.

ڕۆژی دوایی دیسان مار چاوی بەو پونگە زۆرە کەوت، زۆر تووڕە بوو، فشکاندی و وتی: ((ئەی پونگی پیس و بۆن ناخۆش! بۆچی دەست لە من بەرنادەی؟ وای! مار ڕقی لە پونگ دەبێتەوە، کەچی لە زارکی کونەکەی دەڕوێت!))

مار زۆر بە تووڕەییەوە قسەکانی کرد و ڕۆیی بۆ ئەوەی لە شوێنێکی دیکە ماڵ بۆ خۆی دروست بکات. بەم شێوەیە، مامز و کەروێشك و پەڕەسێلکە لە چنگی ڕەشمار ڕزگاریان بوو.



# بەوەی نییە فلفل زۆر بچوکە،...



مشکێك هەبوو، هەمووان بەویان دەوت (فلفل)، ئەو بە ماندووبونێکی زۆر خانوچکەیەکی بۆ خۆی چێکردبوو.

زستان بەڕێوەبوو، بەڵام ئەو زۆر لەوە دڵنیابوو، کە خانوچکەیەکی باش و گەرمی هەیە.

ڕۆژێك فلفل لەبەردەم خانوچکەکەی دانیشتبوو، سەیری دەوروپشتی خۆی دەکرد. کەرێك بەوێدا تێپەڕی و دەستی بەزەڕین کرد و لەسەر کونەکەی ـ هیلانۆچکەکەی گەوزی، فلفل کە سەیری هەیکەلە گەورەکەی کەری کرد، زۆر ترسا لەوەی خانوچکەکەی وێران بکات. خۆی هەڵدایە بەردەمی کەرەکەو وتی: ((

کاکی نێرەکەر لەم شوێنە بەرزبەوە، خانوچکەکەم لێ وێران دەکەی!))

نێرەکەر بە ڕووگرژییەوە سەیری فلفلی کردو وتی: ((تۆ بە ئەندازەی گوێیەکی من نی، تۆ فەرمانم لەسەر دەکەی؟ لەبەر چاوم ونبە!))

فلفل بە پاڕانەوە وتی: ((کاکی نێرەکەر، ئەوە خانوچکەی منە. تۆ لەسەری گەوزیوی، خراپ دەبێت.))

کەر توڕەبوو، سەر و پۆتەلاکی ڕاوەشاند و وتی: ((لێم دوورکەوە دەمەوێ پشوو بدەم!))

دوای ئەوە چاوەکانی لە سەریەك داناو سەری خستە سەر سینگی و خەوت.

فلفل بە توڕەییەوە سەیرێکی ئەمبەر و ئەوبەری خۆی کرد و بەخۆی وت: ((چی بکەم، چی نەکەم؟))دواتر بیری کردەوە و خۆی هەڵدایە سەر ورگی کەرەکە، کەرەکە تەکانێکی بەسەر و قەوچەی خۆیدا، بەڵام فلفل خیرا خۆی هەڵدایە سەر گوێیەکی و گازێکی لێگرت.

کەرەکە سەر و کێلاکی خۆی بەولاو بەولادا تەکاندا و فلفلی بەزەوی دادا. هەستاوە سەرپێ و دووبارە خۆی هەڵدایەوە سەر ورگی کەرەکە. ئەو جارە گازی لە گوێیەکەی تری گرت.

نێرەکەر لشمەلشمێکی کرد و سەر و گوێلاکی خۆی بەملا و بەولادا تەکاندا، فلفلی فرێدایە ناو گیاو گۆڵ و لەبەرچاوی ون بوو.

کەرەکە سەیری دەوروبەری خۆی کرد، فلفلی نەدیت! دووبارە چاوەکانی لێکنایەوە و خەوت.

فلفل زۆر لەسەرخۆ بە کلکی کەرەکەدا سەرکەوت و گازێکی لە لاقەپرغەی گیرکرد.

نێرەکەر لەجێی خۆی بەرزبووەوە، فلفل قەلەمبازێکی دا و لەنێو گیا و گۆڵ خۆی شاردەوە. نێرەکەر چاوی لەم بەر و لەو بەر گێڕا، کەچی فلفلی نەبینی. پاڵکەوتەوە و جێی گازگرتنی مشکەکەی بە زمان و لچی مشت وماڵکرد و دیسان خەوتەوە.

فلفل خۆی لە کەرەکە نزیك کردەوە و گازیکی لە قاچی گرت. نێرەکەر بە خیرایی کارەبا چاوەکانی کردەوە و چاوی بە فلفل کەوت. سمێکی بەرزکردەوە تاوەکو بە سەر و گوێی مشکەکە دا بکوتێت، بەڵام مشکەکە بە خێرایی ڕایکرد و

چووە سەر درەختێکی بەرز.

نیرەکەر زۆر تووڕەبوو وتی: ((ئەوە تۆی گاز لە من دەگری؟))فلفل کلکی خۆی بزواند و وتی: ((تۆ خانوچکەی من وێران دەکەی؟))

نیرەکەر زەڕەزەڕێکی کردو وتی: ((ئێستا دەتکوژم!)) دەستی کرد بە هەڵبەز و دابەز و قۆشمە کردن، بەڵام هیچ سودێکی نەبوو، چونکە فلفل لەسەر دەرەخت بوو.

فلفل لەو بەرزییەوە هاواری کرد: ((ئەگەر دیسان لەسەر خانوچکەکەم بخەوییەوە، گازت لێدەگرم. بڕۆ لە لایەکی تر بخەوە تاوەکو گازت لێنەگرم!))

کەر کە بینی هیچ چارەیەکی نییە، سەر و پۆتەلاکی خۆی بەملا و ئەولادا جوڵاندەوە و سەیرێکی سەر و سیمای بچوکی مشکەکەی کرد و وتی: ((بەوەی نییە فلفل گچکەیە- زۆر تیژە و فرە بەڵایە.)) ڕۆیی و لەو لای خانوچکەکەی فلفل خەوت.



# دەنگی دەهۆڵ...



لە لادێیەکی سەرسەوز و جوان، پادشایەک دەژیا، پادشا کوڕێکی نازپێدراوی هەبوو، ناوی «ئەمیر» بوو. ئەمیر لە شار دەژیا، بەڵام هەندێ کات دەهاتە لادێ و چەند ڕۆژێک دەمایەوە. ئەو شەو و ڕۆژ لە ماڵی باپیری نەدەهاتە دەرەوە. ئیش و کاری خوارن و نووستن بوو. حەزی لە باغ و بیابان نەبوو. یاری لەگەڵ منالانی لادێ نەدەکرد.

کچێک لە ماڵی باپیری بوو ناوی «جیران» بوو. ئەو لە ناندێنی باپیری ئیشی دەکر. کاتێ خواردن ئامادە دەبوو، دەیبردە ژوورەکەی پادشا.

ڕۆژێک جیران بەسینییەک خواردنەوە چووە ژووری ئەمیر. بۆنی چێشت ئەمیری لە خەو بێدارکردەوە. ئەمیر بە هەیکەلی بەرز و قەڵەوەوە بە ئاراستەی خواردنەکە ڕۆیی، لەناکاو گوێی لە دەنگی دەهۆڵ بوو. بە سەرسامییەوە گوێی لە دەنگەکە گرت و وتی: ((وای دەنگێکی چەند خۆشە! ئەوە دەنگی چییە؟))

جیران سینییەکەی لەسەر زەوی داناو وتی: ((دەنگی دەهۆڵە. لە ئاواییەوە دەکوترێ.)) ئەمیر تا ئەو کاتە نە دەهۆڵی بینی بوو، نە گوێشی لێ ببوو. بەخۆی وت: ((من کوڕی پادشام، پێویستە هەموو شتێک بزانم!))

دواتر ڕووی لە جیران کرد و وتی: ((دەمەوێ چەند پرسیارێکت لێبکەم، بزانم دەتوانی وەڵامیان بدەیتەوە؟ پێم بڵێ دەهۆڵ چ ڕەنگێکی هەیە، دەنگی ئەوەندە

خۆشە؟))

جیران ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و ئاوی دەمی قوتدایەوە و وتی: ((پادشا! دەهۆڵ وەکو بەرداشە، بەڵام لەو بچوکترە.))

ئەمیر پێکەنی و بە جیرانی وت: ((بەردی ئاش؟ ئافەرین نموونەکەت جوانە!))

جارێکی تر دەنگی دەهۆڵەکە بەناو ژوورەکەیدا لەرییەوە، جیران لە ژوورەکە هاتە دەرەوە.

ئەمیر شیلەبزە گرتی و بەخۆی وت: ((ئێستا تێگەیشتم کە دەهۆڵ وەکو بەرداشە.))

ئەمیر سەرگەرمی گوێگرتنی دەنگی دەهۆڵ بوو، لەو کاتەش جیران بە جامە دۆیەکەوە هاتە ژوورەوە. ئەمیر وەکو باوکی بەڵغەبابەی دەرپەڕاند و وتی: ((ئەی کچەکە پێم بڵێ دەهۆڵ لە چی دروستدەکرێ، دەنگیشی وا خۆشە؟))

جیران دەستەپاچە وەستاو وتی: ((پادشا! دەهۆڵ لە پێستەی مانگا دروست دەکرێ.))

ئەمیر بە سەرسوڕمانەوە وتی: ((پێستەی مانگا؟ ئافەرین! ڕاست دەڵێی دەهۆڵ لە پێستەی مانگا دروست دەکرێت.))

جیران پاشەوپاش لەژوورەکە هاتە دەرەوە. ئەمیر بە دڵخۆشییەوە لەبەردەم سفرەی نانخواردنەکە دانیشت و سەرگەرمی نانخواردن بوو. ئەو کەیفی بەخۆی دەهات. چونکە بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لە جیرانی پرسی بوو، ئەوەی بۆ ئاشکرا ببوو، کە دەهۆڵ چییە و چۆن دروست دەکرێت.

دوای کەمێك جیران گەڕایەوە بۆ ئەوەی قاپی خۆراکەکان بباتەوە. هێشتا دەنگی دەهۆڵ دەبیسترا. ئەمیری تەنگەستوور بە جیرانی وت: ((بڵێ بزانم، بەچ جۆرێك دەنگی دەهۆڵ بەو جوانی و خۆشییەوە بەرپا دەبێ؟))

جیران وتی: ((مامە مرادی دەهۆڵچی، دوو داری وەك گۆچانی پێیە، ئەو بەو دوو دارە دەهۆڵەکە دەکوتێت، دەنگی دەهۆڵ لە ئاواییدا بڵاودەبێتەوە.))

ئەمیر بە سەرسوڕماوییەوە وتی: ((دار!))

جیران سەرقاڵی کۆکردنەوەی قاپ و قاچاغەکان بوو. ئەمیر بەخۆی وت: ((سەرسووڕمانە! شتێك وەك بەردی ئاش وابێت و بە پێستەی مانگا دروستکرابێت و بە دار لەو بدرێت، چ دەنگێکی باش و خۆشی هەبێت.))





جیـران بڵنـد بـوو تاوەکـو قاپـەکان بباتـە دەرەوە. ئەمیـر بانگـی کـرد و وتـی: ((دەبێـت مـن ببەیتـە ئـەو شـوێنەی کـە دەهۆڵەکـەی تیـا دەکوترێـت!))

جیـران ناچاربـوو بەگوێـی بـکات. ئەمیـر سـواری کەرێـك بـوو و جیـران پەتـی کەرەکـەی لـە مست گـرت و ڕایکـرد. ئەمیـر زۆر بـە وریاییـەوە خـۆی بـە کورتانـی کەرەکـە گرتبـوو، تاوەکـو بەرنەبێتـەوە. منداڵانـی لادێ بـە سەرسامییەوە سـەیریان دەکـرد و پێدەکەنیـن.

کاتێ جیـران و ئەمیـر گەیشتنە شوێنی مەبەست، منداڵە ورتکەی لادێ وەدویـان کەوتبـوون! مامـە مـرادی دەهۆڵچـی لـە گۆشـەیەك دانیشـتووە و نیرگەلـەی دەکێشـا، دەهۆڵەکەشی لـە سـەر زەوی دانابـوو. جیـران هەڵوەسـتەی کـردو وتـی: ((ئـەوە دەهۆڵـی مامـە مـرادە!))

ئەمیر بـە ترسـەوە لەسـەر پشتی کەرەکـە هاتـە خـوارەوە. بە سەرسامییەوە سـەیری کـرد! ئـەو بیـری لـە بەرداشـێك دەکـردەوە، کـە بـە پێسـتەی مانـگا داپۆشـرابێت و بـە دار بکوترێت. بـە جیرانـی وت: ((کوا دەهۆڵەکە؟))

جیران دەهۆڵەکەی پیشانی ئەمیردا و وتـی: ((ئەمە دەهۆڵە!))

ئەمیـر بـە سەرسووڕمانەوە سـەیری دەهۆڵەکـەی کـرد. چـووە پێشـەوە و شـەقێکی لێـدا! دەنگێکـی بڵنـد لـە دەهۆڵەکـەوە بەرپابـوو.

ئەمیر کشاوە دواوە و بە جیرانی وت: (( ئەوشتە دەهۆڵە.))

ئەمیـر تووڕەبـوو، چەنـد شـەقێکی تـری لـە دەهۆڵەکـەدا و وتـی: ((دەنگی دەهـۆڵ خۆشـە.)) لـەو کاتـەدا لەسـەریەك و بەخێرایـی دەهۆڵەکـەی دایـە بەرشـەقان و وتـی: ((بـەڵام ئەمـە دەنگـی کـەرە!))

لـەو کاتـەدا دەهۆڵەکـە دڕا. مامـە مـراد وتـی: ((پادشـا، بۆچـی دەهۆڵەکـەت لـەت و پارکـرد؟))

ئەمیـر چەنـد شـەقێکی دیکـەی لـە دەهۆڵەکـەداو وتـی: ((مـن ئـەو دەهۆڵـەم دەوێ کـە دەنگـی خۆشـە، نـەك دەهۆڵێـك کـە وەکـو کـەر بزەڕێـت!))

جیـران شـیلەبزەگرتی و وتـی: ((تـۆ تایبەتمەنـدی دەهـۆڵ نازانیـت؟ لـە کۆنـەوە وتوویانـە: دەنگـی دەهـۆڵ لـە دوور خۆشـە.))

ئەمیـر بـە سەرسووڕمانەوە، سـەیری جیـران و مامـە مـراد و منداڵەکان و دەهۆڵە لـەت و پارکراوەکـەی کـرد و سـواری کەرەکـە بـوو و لێیـان دوور کەوتـەوە.





# مالی خۆت تەقەت بگرە...



کۆترەخان یەک لەچکی گولگوڵی هەبوو، هەر کەسێک کە دەیبینی دەیوت: ((بەه بەه، چەند جوانە!))، هەر کاتێکیش کە دەیویست بچێتە دەرەوە، یان بۆ میوانداری بڕوات، لەچکەکەی دەخستە سەر سەری و لەسەرەخۆ باڵەکانی لێکدەدا، بۆ ئەوەی هەموو بونەورێک ئەو ببینێ.

نەنە قەلەڕەش، کە لەچکی کۆترەکەی دەبینی، ئاهی هەڵدەکێشا. چۆلەکە خان جیکە جیکی دەکرد و باڵەکانی لێکدەدا. ڕیشۆڵە بی بی ئەویش بەدوای کۆترەکە دەفڕی و بۆ ئەوەی لەچکەکە جوانتر ببینێ.

کۆترەخان جیرانی نەنە قەلەڕەش و چۆلەکە خان و ڕۆشۆڵە بی بی بوو. بەڵام هیچ کاتێک لەچکەکەی بەوان نەدەدا. دەیوت: ((ئەو لەچکە گولگوڵییە ماڵی منە.

بۆچی بیدەمە جیرانەکانم؟ دەیانەوێ سەرپۆشەکەم بخەنە سەریان و بەملا و ئەو لادا بڕۆن و پۆزی پێ لێدەن. نەخێر نایاندەمێ!))

نەنە قەلەڕەش و چۆلەکە خان و ڕیشۆڵە بی بی هیچیان نەدەوت، بەڵام دڵیان بەرامبەر کۆترەکە گەردی گرتبوو.

ڕۆژێکیان بایەکی بەهێز هەڵیکرد، کۆترە خان لەنێو هێلانەکەی خەوتبوو. سەرپۆشەکەی لە گۆشەیەکی هیلانەکەی بوو، کە بایەکە وەستا، کۆترەکە لە خەو هەڵسا و سەیریکرد لەچکەکەی نەماوە! هەر دوو باڵەکانی بە تەوقی سەری خۆی داداو وتی: ((ئای دز، وەی دز، سەرپۆشەکەم دزرا!))

باڵەکانی لێکدا و چووە هێلانەی نەنە قەلەڕەش. گمەگمی کرد و وتی: ((ئەی نەنە قەلەڕەش! دزی ناشیرین! سەرپۆشی گوڵگوڵیم کوانێ؟ لە کوێیە؟ زوو پێم بڵێ!))

نەنە قەلەڕەش بە خەمبارییەوە وتی: ((کۆترە خان، من و تۆ هاوسێین، هاوسێی دیوار بە دیوار. کێ دزە؟ دز کێیە؟ من ئاگام لە سەرپۆشەکەی تۆ نییە. سەیرکە سەرپۆشم لەسەر نییە!))

کۆترە خان باڵەکانی لێکدا و چووە هیلانەی چۆلەکە خان، گمەگمی کرد و وتی: ((ئەی چۆلەکە خان! دزی بێ ئابڕوو! سەرپۆشە گوڵگوڵییەکەم کوا؟ زوو بڵێ! لە کوێیە؟))

چۆلەکە خان دڵی گیراو وتی: ((کۆترە خان، ئێمە جیرانی یەکین، جیرانی دیواربەدیوار. کێ دزە؟ دز کێیە؟! من ئاگام لەسەرپۆشەکەت نییە. سەیرکە سەرپۆشم بەسەرەوە نییە!))

کۆترە خان باڵەکانی لێکدان و چووە هیلانەی ڕیشۆڵە بی بی و گمەگمی کردو وتی: ((ئەی ڕیشۆڵە بی بی! دزی هەوەس باز، سەرپۆشە گوڵگوڵییەکەم کوا؟ لە کوێیە؟ زوو بڵێ!))

ڕیشۆڵە بی بی بە دونیایەك خەمەوە وتی: ((کۆترە خان، ئێمە جیرانی یەکین، جیرانی دیوار بە دیوار، کێ دزە؟ دز کێیە!؟ من ئاگام لە سەرپۆشەکەی تۆ نییە. سەیرکە سەرپۆشم لەسەر نییە.))

کۆترە خان لە پڕمەی گریانیدا و گەڕایەوە هیلانەکەی خۆی. ڕیشۆڵە بی بی باڵەکانی لێکدا و چووە ماڵی چۆلەکە. پێکەوەش چونە ماڵی قەلەڕەش، دواتر هەر

سێکیان پێکەوە چوونە ماڵی کۆتر و پێیان وت: ((پێویستە بگەڕێن و سەرپۆشەکەت بۆ بدۆزینەوە!))

کۆتـرە خـان بەگریانـەوە وتـی: ((ئەگـەر سەرپۆشـەکەم دۆزییـەوە، ئـەوە دەیدەمـە ئێـوەش!))

هەریـەك لـەوان بەرێگایەکـدا ڕۆیشـتن، لـە هەمـوو لایـەك گـەڕان، بـەڵام سەرپۆشـەکەیان نەدۆزییـەوە. هەموویـان گەڕانـەوە هێلانـەی کۆتـرە خـان. ئـەو کات بینیـان سەرپۆشـەکەی لەسـەر زەوی کەوتـووە. هەمـوو دڵخـۆش بـوون. کۆترەخـان زۆر شـەرمەندەبوو وتـی: ((بۆچـی سەرپۆشـەکەم لێـرە کەوتـووە؟))

نەنە قەلەڕەش وتی: ((ئیش ئیشی با بوو! سەرپۆشەکەی لیرە فڕێدا و ڕۆیی.))

چۆلەکە خـان وتـی: ((بـا ئیشی خۆی دەکات، کۆتـرە خان پێویستە زۆر بـاش ئـاگای لە سەرپۆشـەکەی بێ!))

ڕیشـۆڵە خـان وتـی: ((ئەگـەر کۆتـرە خـان بـە باشـی ئـاگاداری سەرپۆشـەکەی بایـە، ئـەوە تۆمەتـی دزی بۆمـە هەڵنەدەبەسـت!))

کۆتـرە خـان زۆر شـەرمەزار بـوو و وتـی: ((ڕاسـت دەڵێیـت! ڕوورەش خـۆم، بمبەخشـن! بێ بەڵگـە نییـە کـە پێشـینان وتوویانـە: ماڵـی خـۆت تەقـەت بگـرە و جیرانـت بـە دز مەگـرە.))



# قەلێك و چل قەل



هەبوو نەبوو بەچکە قەلەڕەشێك هەبوو، کە هێشتا بەتەواوەتی فێرە فڕین نەبوو بوو. ڕۆژێکیان دایکی، یانی نەنە قەلەڕەش، بەدوای پەیداکردنی خواردندا دەگەڕا، بەرلەوەی بڕوات، بە بەچکەکەی وت: ((لە هیلانە نەیەیتە دەرەوە، تاوەکو من دەگەڕێمەوە!))، بەڵام بەچکە قەلەڕەشەکە گوێی بە قسەی دایکی نەدا، کاتێ دایکی ڕۆیی، خۆی هەڵدا و فڕییە سەر چڵە درەختێك. لەسەر دەرەختەکەوە هەڵفڕییە سەر زەوی و نیشتەوە. دووبارە هەڵفڕییەوە سەر لقە دەرەختێك. کاتێ بینی فێرە فڕین بووە زۆر دڵخۆش بوو. وای بیرکردەوە بەهەوادا فڕینیش هەروا ئاسانە، باڵەکانی لێکئاوەڵا کردەوە و بەرە و ئاسمان فڕی، بەڵام هەرچەندە باڵەکانی لێکدا نەیتوانی زۆر بفڕێت. کەوتە سەر دڕکوداڵ. هەرچەندە هەوڵیدا نەیتوانی لە نێو دڕکەکاندا بێتە دەرەوە.

وارێکەوت قەلەڕەشێك بەوێدا تێدەپەڕی. چاوی بەو بەچکە قەلەڕەشە کەوت. بەخۆی وت: ((چی بکەم؟ چی نەکەم؟ بڕۆم قەلەکانی دیکە ئاگادار بکەمەوە!))

باڵەکانی لێکدا و گەیشتە قەلی دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم و وتی: ((دانیشتوون چی دەکەن، ئەوە بەچکەی نەنە قەلەڕەش کەوتۆتە نێو دڕکان!))

پێنجەمین قەل باڵەکانی لێکدا و ڕۆیشت، بە قەلی شەشەم و حەفتەم و ...دەیەمی

وت: ((دانیشتون چی دەکەن، فەرخەی نەنە قەلەڕەش کەوتۆتە ناو دڕکان و زمانی لاڵبووە و دەنوکیشی شکاوە!))

قەلی دەیەم گریا، فڕی و بەقەلی یازدە و دوازدەو ...بیستەمی وت: ((دانیشتوون چی دەکەن، فەرخەی نەنە قەلەڕەش کەوتۆتە نێو دڕکان و دەنوکی شکاوە و لاڵبووە و بێگومان باڵیشی شکاوە!))

قەلەڕەشی بیستەم هەردوو باڵەکانی بەسەری خۆی دادا و لە شەقەی باڵیدا. بە قەلی بیست و یەکەم و بیست و دووەم و...بە سییەم گەیشت و وتی: ((دانیشتوون چی دەکەن، فەرخەی نەنە قەلەڕەش، کەوتۆتە نێو دڕکان و دەنوك و باڵی شکاوە و زمانی لاڵبووە، بێگومان پەڕەکانیشی هەڵوەریون!))

قەلەڕەشی سییەم قاغەقاغێکی کرد، هەڵفڕی چوو بە قەلی سی و یەك و سی و دوو و ...چلەم گەیشت و وتی: ((دانیشتوون چی دەکەن، فەرخەی نەنە قەلەڕەش کەوتۆتە نێو دڕکان و دەنوك و باڵی شکاوە و پەڕەکانی هەڵوەریون و لاڵ و پاڵ بووە و مردووە!))

چلەمین قەل قاغەقاغێکی کرد و هەڵفڕی و هەموو قەلەکانی کۆکردەوە و هەڵفڕین بە ئاراستەی هێلانەی نەنە قەلەڕەش بۆ ئەوەی بەشداری پرسەکەی بن.

بەرلەوەی بگەنە هێلانەی نەنە قەلەڕەش، بینیان فەرخەکە کەوتۆتە نێو دڕکان و دایکیشی واخەریکە دەریبهێنێتەوە.

قەلەکان قیرەقیرپیان کرد و بە سەرسوورمانەوە سەیری یەکتریان دەکرد! چلەمین قەل وتی: ((ئەوە فەرخە قەلەکەیە! باڵ و دەنوکی نەشکاون، پەڕەکانیشی هەڵنەوەریون، زیندووە و لەنێو دڕکدا گیربووە!))

پێنجەمین قەل  وتی: ((من وای بۆ چووبووم دەنوکی شکاوە!))

دەیەمین قەل وتی: ((من وای بۆ چووبوم باڵی شکاوە!))

بیستەمین قەل وتی: ((من وای بۆ چووبووم کە پەڕەکانی هەڵوەریون!))

سیەمین قەل وتی: ((من وای بۆ چووبوم کەمردووە!))

لەوکاتەدا هەر چل قەلەکە هاوکاری نەنە قەلەڕەشیان کرد، بۆ ئەوەی فەرخە قەلەکە لەنێو دڕکاندا بهێننە دەرەوە. هەمووشیان پەیمانیان بەیەکدا، هەتا بەچاوی خۆیان شتێك نەبینن، لەخۆیانەوە قسەنەکەن. بۆ ئەوەی خەبەری یەك قەل بەهەڵە نەگاتە چل قەل.

# چێشتەکە ئەوەندە سوێر بوو...



نەنە گوڵێ لە ناندین بوو، ساڵەهای ساڵیش بوو چێشتی بۆ»خان» و بۆ میوانان لێدەنا. دەستاوەی گەلێ خۆشبوو، بۆیە خان زۆر حەزی لە دەستاوی نەنە گوڵێ بوو. سوێر و شیرین، بێخوێش بایە دەیخوارد و فزەی لێوە نەدەهات. ئەو تەنها بیری لە خواردن دەکردەوە. کاتی نانخواردن گوێی بە هیچ شتێك نەدەدا، کاتێك کە تەواو تێر دەبوو، ئینجا تێدەگەیی کە خواردنەکە سوێرە، یان کەم خوێیە! بەتام بووە، یان بێ تام!

خان کچێکی گەورەی نازپێدراوی هەبوو ناوی «نازبی بی» بوو. نازبی بی وەك دایکی زۆرخۆر بوو. شەو و ڕۆژ دەیخوارد و دەنووست. ئەگەر چێشتەکە درەنگ ئامادەبووایە، وەکو منداڵ پێی لە زەوی دەچەقاند و دڕنەی دەگرت و دەگریا و قسەی ناشیرینی دەوت، بەڵام کاتێ سکی تێر دەبوو پڕ بە گەرووی پێدەکەنی و بەملا و ئەولادا تێکدەسوڕا. دەگەڕایەوە و بەدڵنەواییەوە لێی دەنووست.

نازبی بی زۆر ئیرەیی بە نەنە گوڵێ دەهات، چونکە خان هەمیشە بەوی دەوت: ((ئەها ناز بی بی! خواردنەکانی نەنە بی بی زۆر بەتامن! پێویستە لەوەوە فێربی خواردن دروست بکەی!))

بەڵام نازبی بی زۆر ڕقی لە نەنە بی بی دەبۆوە و حەزی نەدەکرد چارەشی ببینێ.

ڕۆژێکیان بە دڵتەنگی و تووڕەییەوە، چووە ناندینەکە، نەنە گوڵێ بەپەلە چێشتی لێدەنا. ناز بی بی بە نەنە گوڵێی وت: ((ئەمڕۆ من چێشت لێدەنێم! دەمەوێ چێشتێکی بەلەزەت بۆ خان (بۆ باوکە گیان) لێبنێم.))

نەنە گوڵێ پێکەنی و وتی: ((نازبی بی خانم، چێشت لێنان ئیشێکی وا ئاسان نییە. پێویستە ئەم ئیشە وردە وردە فێر ببی!))

ناز بی بی دەستی بەگریان کرد و هاواری لێهەڵساو وتی: ((تۆ حەقت نەبێ، «خان» باوکە گیان، وتی تۆ چێشت لێبنێ!))

نەنە گوڵێ ئیتر هیچی نەوت، تەنها پرسی: ((ئێستا دەتەوێ چ چێشتێك لێنێی؟))

ناز بی بی بیری کردەوە و وتی: چێشت.. چێشتی شلەی (قەلەمکار!)[1] دوای ئەوە دەستی لە سەر کەمەری دانا و دەستی کرد بە فەرماندان و وتی: بەپەلە ((ڕۆن و فلفل بێنە!)) ((گۆشت و نۆك و فاسۆلیا و ماش بێنە!))، دواتر وتی: ((پیاز و زەردە چەوە و مەعدەنووس بێنە!))، ئینجا وتی: ((خوێ بێنە!)) بەکورتییەکەی ئەمری دەکرد. کاتێ کە هەموو شتێك ئامادەبوو، بە نەنە گوڵێی وت: ((تەباغەکە داگیرسێنە!))نەنە گوڵێ لەفزی لەزار نەگەڕا و تەباغەکەی داگیرساند.

---

١ قەلەم کار: جۆرە چێشتێکی ئێرانییە، بە گۆشت و لۆبیا و نیسك و سەوزە و ... دروست دەکرێت.



ناز بی بی دەستیکرد بە فەرمانکرن، هەر کارێکی بە کەسێك سپارد، کەسێك ئاوی ڕۆکردە نێو قازانەکە، یەکێکی دیکە ڕۆن و گۆشتەکەی تێکرد. یەکێکی تر نۆك و فاسۆلیا و شتەکانی تری تێکرد. کەسێکی تر خوێی تێکرد. دواشت ئەوە بوو ناز بی بی ئەسکوییەکی دەستداێ و چێشتەکەی پێ تێکوەردا. نەنە گوڵێ و کەسەکانی تر لە گۆشەیەك ڕاوەستابوون و سەیریان دەکرد. کەسێك نەیدەوێرا بڵێ: ((ناز بی بی خان، ڕۆنەکەی کەمە))، یان(( سەوزەکەی بەئەندازە تێبکە)). یان((خوێیەکەی زۆرە)).

ناز بی بی پشتی لە هەمووان کردبوو و چێشتەکەی هەڵدەتەکاند. دوایی سەر قازانەکەی داخستو وتی: ((ئێستا تێدەگەن کە چ چێشتێك بە باوکە گیان دەدەم!))

دواتر فەرمانیدا کە هەمووان لە نادینەکە بچنە دەرەوە.

هەموو ڕۆیشتن تەنها ناز بی بی لەوێ مایەوە. لە تەنیشت قازانەکە دانیشت و چاوەڕێی دەکرد شیوەکە ئامادە بێت. وردە وردە خەوە نوچکە(خەوە نوتکە) دەیبردەوە و دواتر نووست. چونکە ئەو لەتەواوی ژیانیدا، جگە لە خواردن و نووستن هیچ ئیشێکی تری نەکردبوو!

بۆنی چێشتی سووتاو بەهەموو شوێنێك بڵاو بوویەوە. نەنە گوڵێ هاتە نادینەکە و وتی: ((ناز بی بی خان، چێشتەکە سووتا!))

ناز بی بی لەخەو ڕاپەڕی و سەری قازانەکەی هەڵدایەوە، بە پەلە نۆکەرەکانی بانگکرد و وتی: ((قازانێکی دیکە بێنن!))

قازانێکی دیکەیان هێنا و چێشتەکەیان ڕۆکردە ناوی، ناز بی بی نەختێك ئاو و خوێی ڕۆکردە ناو قازانەکەو وتی: ((هەر ئێستا چێشتەکە ئامادە دەبێت!))

نیو دەمژمێری پێچوو ناز بی بی سەری قازانەکەی هەڵدایەوە. هەموو ئامادەبووانی قەسرەکەی بانگکرد تاوەکو بێن و چێشت بخۆن. یەکێ قاپێکی پێدان و وتی: ((بخۆن و ببینن کە لە چێشتی نەنەگوڵێ بە لەزەترە.))

هەریەکە کەوچکێکی بۆ دەمی برد، بەڵام هیچیان نەیانتوانی بیخۆن و قوتی بدەن! ناز بی بی کاسەیەکی لە چێشتەکە بۆ «خان» برد. خان کاسەکەی لە دەستی کچەکەی وەرگرت و کەوچکێکی بۆ زاری برد، بەڵام ئەو لەتەواوی



ژیانیدا، کاتێ کە خواردنی دەخوارد، ئینجا تێدەگەیی کە سوێرە، یان کەم خوێیە، هاواریکرد: ((وای! چەند سوێرە!))

کاسەکەی هەڵگرتوو وەکو فیلی تووڕەبوو بەرەو ناندینەکە ڕۆیی. لە ناندینەکەدا چەندان قاپی پڕ چێشتی نەخوراو هەبوو. چونکە ئەوەندە سوێر بوو، کەس یەك کەوچکی لێنەخواردبوو.

«خان» بەتووڕەیەوە چووە ناو ناندینەکە و وتی: ((نەنە گوڵێ، ئەوە چ چێشتێکت لێناوە؟ بۆچی ئەوەندە سوێرە؟))

ناز بی بی هاتە نێو ناندینەکە و وتی: (( بابەگیان! من ئەم چێشتەم لێناوە.))

خان زۆر بە سەرسووڕمانەوە سەیری ناز بی بی و نەنە گوڵێ و ئەوانی تری کرد. دواتر سەری شۆڕکردەوە و ناندینەکەی بەجێیهێشت. ناز بی بی بەدوای ئەو داڕۆیی.

نەنە بی بی سەیرێکی کردن و وتی: ((خانیش لەوە تێگەیشت، کە چێشتەکە زۆر سوێربوو !))



# کێو بە کێو نەکەوێتەوە،...



لە ڕۆژگارێکدا، لە نێو دوو کێوی بەرزی هەزار بەهەزاردا، دوو گوند هەبوون. یەك لە گوندەکان ناوی «سەری کێو»بوو، ئەوەکەی تر ناوی «بناری کێو»بوو، سەرچاوە ئاوێکی سازگار و سارد لە گوندی «سەری کێو» هەڵدەقوڵا و دەگەییە ئاویی «بناری کێو». ئەم سەرچاوە ئاوە، زەوییەکانی هەردوو ئاوایی پاراو دەکرد.

خەڵکی گوندی سەری کێو و بناری کێو، زۆر دۆستانە و برایانە دەژیان، تا ڕۆژێك ئاغای گوندی «سەری کێو» بیری لەوە کردەوە و وتی: ((ئەو سەرچاوە ئاوە لە ئاواییەکەی ئێمەوە هەڵدەقوڵێ، بۆچی بە خۆڕایی ئاو بدەینە گوندەکەی

خـوارەوە؟ لەوڕۆکـەوە ئەگـەر ئاوایـی بنـاری کێـو ویسـتیان ئاویـان بـۆ بچێـت، دەبێـت ئیشـم بـۆ بکـەن!))

قسـەکانی دەرەبـەگ بەنێـو ئاوایـی بنـاری کێـو بڵاوبوویـەوە. دواتـر بـۆ چەنـد ڕۆژێـك ئاوەکـەی لێبڕین.

گونـدی بنـاری کێـو بەخۆکەوتـن و چوونـە لای ئاغـای گونـدی سـەری کێـو، تاوەکـو داوا لـە ئاغـا بکـەن، بـۆ ئـەوەی جارێکـی دیکـە ئاوەکەیـان بـۆ بەربداتـەوە. بـەڵام ئاغـا زۆر تووڕەبـوو و وتـی: ((ئـەوەی کـە وتوومـە هـەر ئەوەیـە، پێویسـتە بێنـە بـن ڕکێفـی مـن و ئیشـم بـۆ بکـەن. ئەگەرنـا ئـاو نادەمـە ئاواییەکەتـان!))

کەدخـودا بـە میهرەبانییـەوە بـە ئاغـای وت: ((ئاوایەکـەی ئێمـە و ئێـوە، کەوتۆنەتـە نێـو ئـەم کیوانـەوە. ئێمـە چ گوناهێکمـان هەیـە، کـە کەوتووینەتـە خـوارەوەی کێوەکـە؟ لەسـەرەتاوە ئێمـە لێرەینـە و ئەمـڕۆش سـەرچاوەی ئاوەکـە هـی هەردووکمانـە، دڵتـان وەکـو بـەردی ئـەم کێـوە ڕەق نەبـێ! ڕەحمێـك بـە ژن و منـاڵەکانمـان بکـەن!))

ئاغـا مڕێکـی لـە سـەبیلەکەی دا و بەتووڕەییـەوە وتـی: ((لەخۆتانـەوە قسـە مەکـەن! سـەرەوەی کێـو، سـەرەوەی کێـوە، خـوارەوەی کێـو خوارەوەیـە! سـەرەوەی کێـو وەکـو ئاغـا وایـە، خـوارەوەی کێویـش وەك ڕەعیـەت. ئـەو دوو کێوەش هەگیـز پێکناگـەن! مـن ئەربابـم و ئێـوەش ڕەعیـەت! ئەگـەر قبووڵـی دەکـەن کـە ببنـە ڕەعیەتـی مـن، ئـەوە ئاوەکەتـان بـۆ بەردەدەمـەوە، ئەگەرنـا ڕێنـادەم قەتـرە ئاوێکتـان پێبگات.

ئـاوی کانیاوەکـە بـە ئاراسـتەی بـەردەڵان و بیابـان دەڕۆیـی. سـەوزایی وەرزێرەکانـی ئاوایـی خـوارەوە وشـك دەبـوو، خەڵـك ئـاوی خواردنەوەشـیان دەسـت نەدەکـەوت.

کەدخـودا و خەڵکـی ئاوایـی دانیشـتن و بیریانکـردەوە، بـۆ ئـەوەی لـە کێشـەی بـێ ئـاوی ڕزگاریـان بـێ. هـەر کەسـە و شـتێکی دەوت، هەبـوو دەیـوت: ((لـەو ئاواییـە کـۆچ بکەیـن!))

هەندێکیش دەیانوت: ((ببینە ڕەعیەتی ئاغا کێشەمان نامێنێ!))

کەسـانی تـر دەیانـوت: ((بـە بێڵـەوە بچیـن بـە خورتـی و بـە زۆرەملـێ ئاوەکـە بردەینـەوە بـۆ ئاواییەکەمـان!))

هەبووش دەیانوت: ((ئەگەر ئاوەکە بە تۆبزی بهێنینەوە، ئەوا شەو و ڕۆژ توشی



شەڕ دەبین.))

لە کۆتایدا کەدخودا وتی: ((لەجێی ئەو قسانە دەبێ بیرێکی باشتر بکەینەوە! ئاو تەنها لەو کانیاوەدا نییە، ئەم کێوە پڕ لە ئاوە. دەبێ بێڵ و قازمە بهێنین و چەند شوێنێك هەڵکۆڵین و سەرچاوەی ئاو بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی پێویستمان بە ئاغا و کانییەکە نەبێ!))

کاتێ خەبەری هەڵکۆڵین و پەیداکردنی سەرچاوەی ئاو گەیشتە ئاغا، زۆر تووڕەبوو! بەڵام هیچی پێنەکرا.

بەیانییەکی زوو، یەك لە پیاوەکانی ئاوایی سەری کێو هاتە لای ئاغا و وتی: ((ئاوی کانیاوەکەمان ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە، ئیتر ناتوانم ئاودێری بکەم!))

بە بیستنی ئەم هەواڵە، دڵی گیرا و ڕەنگی دەم و چاوی تێکچوو. لەخۆچوو و کەوتە سەر زەوی.

لەڕاستیدا ئاوی کانیاوەکە ڕۆژ بە ڕۆژ کەم دەبووەوە. تا وای لێهات تەنها ئاوی خواردنیان مایەوە.

ئاغا نەخۆش و بێ تاقەت بوو و لەناو نوێنەکەی کەوتبوو و نەیدەزانی چی بکات. ڕۆژێك یەك لە پیاوەکانی هاتە لای و پێی وت: ((کاتێ کە لە خوارەوەی کێوەکە بیریان لێدا، ئاوەکە کەمبوویەوە، چونکە ئەو بیرە ئاوی کانیاوەکەی مژی و لەناویبرد، پێویستە چی بکەین؟))

ئاغا بەسەختی لە جێی خۆی بەرزبوویەوە و بەئاراستەی خوارەوەی کێوەکە شۆڕبووەوە.

سەیریکرد خەڵکی گوندی بناری کێو سەرقاڵی ئاودانی کشتوکاڵن. ئاغا چووە ماڵی کەدخودا و وتی: ((ئێوە خەریکی چین؟ ئاوی کانیاوەکەی ئێمە نەماوە!))

کەدخودا نەرمە پێکەنینی هاتێ و وتی: ((ئێمە هیچ ئیشێکمان نەکردووە! بیرەکەی ئێمە لە بناری کێوەکەیە، کانیاوەکەی ئێوە لەبەشی سەرەوەیە. ئێمە هیچ ئیشێکمان بە کانیاوەکەی ئێوە نییە.))

ئاغا بینی کە کەدخودا ڕاست دەڵێت، لەو کاتەدا بەداوای لێبوردن و پاڕانەوە وتی: ((ئەگەر ئاو نەگاتە زەوییەکانمان دەستەپاچە دەوەستین. بەزەیت پێمان

بێتەوە و ئاومان بدەیێ!))

کەدخودا ئاهێکی هەڵکێشاو وتی: ((ئاو لە خوارەوە سەرناکەوێتە سەرەوە! چۆن ئاوتان پێبدەین؟ کەمتەرخەمی خۆت بوو! ئاوت لە ئێمە بڕی، بۆیە ئەو بەڵایەت بە سەرداهات.))

ئاغا لەشەرم و نارەحەتی وەك گەڵای بی دەلەرزی.

کەدخودا سەرکەوتە سەرکێوی بەرز و وتی: ((لەبیرتە کە وتت من ئاغا و ئێوە ڕەعیەن، هیچ کاتێك ئەم دوو کێوە بەیەك ناگەن؟ تۆ ڕاستت وت! هیچ کاتێك کێو بە کێو ناگات! ئێستا لەوە تێگەیشتی کە بێ ئاوی چەند دژوارە.))

دەرەبەگ سەیرێکی کەدخودای کرد و مات و بێ تاقەت و لاڵ و بێ دەنگ بوو!!.



# میوان چارەی میوانی ناوێ...



مێرووله له عەمبارەکەیدا زەخیرەی دە ساڵی دانابوو، بەڵام بە بەردەوامیش زەخیرەی تری کۆدەکردەوە، کەچی  زۆر ڕەزیل بوو و دڵی نەدەهات بیخوات، هەر بۆیەش لاواز و بێبڕست ببوو. سەردانی کەسی نەدەکرد، کەسیش لە ماڵی ئەو سکی بەزەواد نەدەبوو. هەر بەتەنها دەژیا!

ڕۆژێك لە ڕۆژان قالۆنچە ڕووی کردە ماڵی مێرووله و بینی یەك دوو قولانج دەرگاکەی کراوەتەوە، لە دەرگای داو وتی: ((خاوەن ماڵ، میوان ڕادەگری؟))

کەس وەڵامی نەدایەوە. قالۆنچە دووبارە لە دەرگای دایەوە، بەڵام ئەم جارەش کەس جوابی نەدایەوە. دواتر خۆی دەرگاکەی تەواو کردەوە و چوو لە گۆشەیەکی ژوورەوە دانیشت و وتی: ((خاوەن ماڵ لە هەر شوێنێك بێت ئێستا دێتەوە!))

هێندەی پێنەچوو کاکی بۆق هات و تەق تەق تەق لە دەرگای داو وتی: ((خاوەن ماڵ، میوان ڕادەگری؟))

قالۆنچە خۆی خستە باری خەوەوە! کاتێ کە بینی کەس وەڵامی ناداتەوە، هاتە لایەکی دەرگا و وتی: ((خاوەن ماڵ لە هەر شوێنێك بێ، ئێستا دێت!))

کاتێ بۆق چاوی بە قالۆنچە کەوت، بەناڕەحەتی وتی: ((تۆ کێی؟ ڕەنگە بۆ دزی هاتبی!))

قالۆنچەکە چاوەکانی کردەوە و بەنارەحەتی وتی: ((بۆ خۆت دزی! من میوانی خاڵە میروولەم.))

کاکەی بۆق وتی: ((میوان؟! شێوەی تۆ وەکو سواڵکەر وایە.))

قالۆنچە وتی: ((خۆت سەیری ئاوێنەت کردووە؟ هەزار خۆزگەم بە سوڵکەر!))

بۆق سینگی خۆی دایە پێش و وتی: ((دەرۆزەکەر؟ من میوانی میروولەم! خۆی منی دەعوەت کردووە.))

قالۆنچە بە تووڕەیی و بەفیزەوە وتی: ((میروولە چەند جار منی دەعوەت کردووە، بەڵام ئەمڕۆ توانیومە بە خزمەتی بگەم.))

بۆق تووڕەبوو وتی: ((تۆ چی تاوەکو بانگێشتت بکەن؟ میوان پێویستە وەکو من دەنگی خۆش بێ!))

ئەمەی وت و دەستی بە قیرەقیر کرد: ((قیر، قیر، قیر...))

قالۆنچە هاواری لێهەڵسا و وتی: ((وای گوێم کەڕ بوو. بەتۆش دەڵێن میوان؟ میوان پێویستە دەست و پێی لووس بن. سەیری دەست و پێی من بکە!))

بۆق دایە قاقای پێکەنین و وتی: ((چ دەست و پێیەك! سەد ڕەحمەت بەدەست و پێی قالۆنچە ناشیرنەکان!))

بۆق ڕووبەرووی قالۆنچە وەستا و وتی: ((لە ڕاستیدا کاتێ تۆ لێرەبی، من حەزناکەم میوانی میروولە بم!))

قالۆنچە بەرزبوویەوە و وتی: ((منیش حەزناکەم میوانی میروولە بم و چاوم بە چاوی تۆ بکەوێ، بڕۆ دەرەوە!))

قالۆنچە و بۆق کردیانە شەڕ. بۆق قیرە قیڕی دەکرد و قالۆنچەش جیرەجیر. میروولە بەسەرسامییەوە سەیری دەکردن. ئەو لە یەکەم دەقەوە کە ئەوانی دیتبوو خۆی لە گۆشەیەك قایمکردبوو. بۆیە گوێی لە هەموو قسەکان ببوو. دەیویست بێتە پێشەوە و شتێك بڵێ، لە هەمان کات مشك گەیشت. سەیریکرد ئەوا قالۆنچە و بۆق شەڕیانە! چووە پێشیان و وتی: ((چی بووە؟ بۆچی شەڕ دەکەن؟))

قالۆنچە وتی: ((من میوانی میروولەم، لەهەمان کاتیش هیچ کەیفم بەم بۆقە نایێ.))

بۆق هاتە دەنگ و وتی: ((نەخێر! من میوانی مێروولەم، منیش چارەی ئەو قالۆنچەیەم ناوێ.))

مشك هاتەدەنگ و وتی: (( میروولە هەر کەیفی بەمیوانان نایێ. ئەو ئەوەندە ڕەزیلە، نە دەچێتە ماڵی کەس، نەکەسیش دەعوەت دەکات. ئەگەر خۆی بێت، هەردووکتان لێرە دەردەکات.)) دوای ئەوە پێکەنی و کەوتەوە قسەکردن و وتی: ((لەڕاستیدا پێشینان وتوویانە: میوان چارەی میوانی ناوێ، خاوەن ماڵیش چارەی هیچیانی ناوێ!))

میروولە بەخەجاڵەتەوە هاتە دەرەوە و وتی: ((نە من لەمرۆکەوە میوانم خۆشدەوێ!))

قالۆنچە و بۆق و مشك بە سەرسامییەوە سەیری مێروولەکەیان کرد.



# چێشتی زۆرکابان،...



سالآنێکی زۆر بوو پووره ڕەعنا و پووره زەهرا دۆستی یەك بوون. ئەوەندە لە یەکەوە نزیك بوون خەڵك دەیانگوت: ((لە دونیادا دوو خوشکی وەکو پووره ڕەعنا و پووره زەهرا پەیدانابن!))هەردووکیشیان پێکەوە لە ماڵێکدا دەژیان. هەر کاتێك کەسێك لە گەڕەکەکەیان دەیویست چێشت بۆ نەزر و خێر دروست بکات. بەوانیان دەوت. پوره ڕەعنا چێشتەکەی لێدەنا و دابەشیشی دەکرد. ڕۆژێك یەکێك لە هاوسێکانیان هاتە ماڵیان و داوای لێکردن کە چێشتی نەزر و خێریان بۆ لێبنێت.

خەڵکی گەڕەك بەمەیانزانی، قاپ و قابلەمەیان ئامادەکرد. مندالآن ئاو زایە نێوزاریان و چاوەڕێ بوون. پووره ڕەعناو پووره زەهرا چارۆگیان لە کەمەریان بەست و چونە ماڵی دراوسێکەیان. پووره ڕەعنا بە پووره زەهرای وت: ((خوشکەکەم، وەرە با ئەمجارەیان پێکەوە چێشتەکە لێنێین، بەم شێوەیە بەتام و بەلەزەت تر

دەبێت!))

پـووره ڕەعنـا قبووڵـی کـرد، دەسـت و بازوویـان لێهەڵماڵـی و سـەرقاڵی ئیشـکردن بـوون. یەکێکیـان ئـاوی هێنـا، یەکێکیـان تەباغەکـەی داگیرسـاند، یەکێکیـان سـاوەرەکەی ڕۆکـردە نـاو قـازان و ئـەوەی تـر بیبـەری تێکـرد. ئـەوەی تریـش تێکـی وەردا.

خەڵکـی گـەڕەك بـە قـاپ و قابلەمـەوە گەیشـتنەجێ، پـووره ڕەعنـا سـەری قازانەکـەی هەڵدایـەوە، پـووره زەهـرا بـە ئەسـکو چێشـتی بـۆ تێدەکـردن، منـداڵان لـە خۆشـیان عەجمینیـان نەبـوو.

کەوچکیـان لـە قاپـان هەڵێنـا و بـۆ زاری خۆیـان بـرد، بـەڵام لـە یەکـەم کەوچکـەوە توشـی سەرسـووڕمان بـوون! چونکـە چێشـتەکە تامـی جارانـی نەبـوو. زۆر بـێ خـوێ بـوو. کـەس لەفـزی لـە زار نەگـەڕا، هەموویـان بـە قـاپ و قابلەمـەوە گەڕانـەوە مـاڵ.

ئەسـکو دەهـات بگاتـە بنـی قازانەکـە، پـووره زەهـرا قاپێکـی بۆخۆیـی و قاپێکـی بـۆ پـووره ڕەعنـا تێکـرد. دواتـر هـەردووك دانیشـتن تاوەکـو خـواردن بخـۆن، بـەڵام کـە یەکـەم کەوچکیـان بـۆ دەمیـان بـرد، ئـەی وای! خواردنەکـە بێخوێیـە، لـە شـوێن خۆیانـەوە خەجاڵەتبـار بـوون، سـەریان شـۆڕکردەوە و گەڕانـەوە مـاڵ.

دوای چەنـد ڕۆژێـك «نێرگـز خـان» لـە دەرگای ماڵـی دوو ژنەکەیـدا، داوای لێکـردن چێشـتی خێـر لێبنێـن، چونکـە کوڕەکـەی ببـووە سـەرباز.

هەردوکیـان قبوڵیـان کـرد و بەڕێکەوتـن، پـووره زەهـرا بـە پـووره ڕەعنـای وت: ((خۆشـکی خۆشەویسـتم، پێویسـتە ئاگاداربیـن لـەوەی کـە چێشـتەکە بێخـوێ نەبێـت!))

پووره ڕەعنا وتی: ((ڕاستە دەبێ بیرمان کۆکەینەوە!))

لـە ماڵـی نێرگـز خـان قۆڵیـان لێهەڵماڵـی و سـەرقاڵی ئیـش بـوون. یەکیـان ئـاوی هێنـا، ئـەوەی تریـان تەباغەکـەی داگیرسـاند، یەکێکیـان هەرشـتەی ڕۆکـرد و ئـەوەی تریـان خوێـی تێکـرد. یەکیـان هەمـووی تێکـەڵ کـرد، ئـەوی دیکەیـان خسـتییە نـاو قازانـەوە.

خەڵکـی گـەڕەك بـە کاسـە و قابلەمـەوە گەیشـتەجێ. پـووره زەهـرا سـەرە قازانـی هەڵدایـەوە، پـووره ڕەعنـا بـە ئەسـکو چێشـتی لـە کاسـە و قابلەمـەکان دەکـرد. منـداڵان لـە خۆشـیان هەڵبـەز و دابەزیـان بـوو، بـەڵام ئەمجارەش چێشـتی ئـەم دوو ژنـە تامـی جـاری جارانـی نەبـوو. زۆر سـوێر بـوو!

ئەمجارەشـیان کـەس لەفـزی لـەزار نەگـەڕا. هەمـووان بەکاسـە و قابلەمـەی پـڕەوە

گەڕانەوەماڵەوە.

چێشتی نێو قازانەکە کەم مایەوە، پوورە ڕەعنا کاسەیەکی بۆ خۆیی و کاسەیەکی بۆ پوورە زەهرا تێکرد. هەردووك دانیشتن بۆ ئەوەی خواردن بخۆن، بەڵام کە یەکەم کەوچکیان بۆ زاریان برد، هەی وای! چێشتەکە زۆر سوێر بوو! دیسان خەجاڵەتیان دەربڕی و گەڕانەوە ماڵەوە.

چەند ڕۆژێك تێپەڕی نەوە بچووکەکەی «ئەقدەس خان» تازە ددانی هاتبووە دەر. ئەقدەس خان، بەم بۆنەیەوە دەیویست شیوی داندۆك بداتە جیرانەکانی. ئەو چووە ماڵی هەردوو ژنەکە و داوای لێکردن بێن و چێشتەکەی بۆ لێبنێن.

ئەوانیش قبوڵیانکرد و چونە ماڵی «ئەقدەس خان» پوورە ڕەعنا، بە پوورە زەهرای وت: ((خوشکە گیان، پێویستە یەکێکمان چێشتەکە لێبنێین، تۆ چێشتەکە لێبنێ، منیش دەیخەمە قاپانەوە، ئەگەر بمانەوێ پێکەوە چێشتەکە لێبنێین، زەینمان پەرت دەبێتەوە و چێشتەکەمان بەتام دەرناچێت.))

پوورە زەهرا قبووڵی کرد، پوورە ڕەعنا تەباغەکەی داگیرساند، ئاوی هێنا، گەنم و فاسۆلیا و خوێی هێنا. پوورە زەهرا گەنم و فاسۆلیاکەی ڕۆکردە نێو قازانەوە، ڕێژەیەك خوێی تێکرد، تێکی وەرداو وازی لێهێنا.

خەڵکی گەڕەك بە کاسە و قابلەمە گەیشتن، پوورە ڕەعنا سەری قازانی هەڵدایەوە و بە ئەسکو چێشتەکەی لە کاسە و قابلەمان دەکرد.

بوکی «ئەقدەس خان» بە منداڵە جوانەکەیەوە لەنزیك قازانەکە دانیشتبوو. منداڵەکە یەك ددانی سپی، بەوێنەی مرواری لەدەم بوو.

چێشتی دوو ژنەکە، نە سوێر بوو نە بێخوێش بوو، لەسەر تامی خۆی بوو، زۆر بەلەزەت بوو. منداڵان بە پەنجەش بنی کاسەکانیشیان پاککردەوە.

قازان هاتە ئەوەی بەتاڵ بێت. پوورە ڕەعنا کاسەێك چێشتی بۆ خۆیی و کاسەیەکیشی بۆ پوورە زەهرا تێکرد. هەردووك دانیشتن تاوەکو چێشت بخۆن. هەرکە یەکەم مراکیان بۆ دەمیان برد، هەستیان کرد زۆر بەتامە.

پوورە ڕەعنا نەرمە پێکەنینێکی هاتێ و وتی: ((خوشکە گیان، بەخۆڕاییان نەوتووە: چێشتی زۆر کابان، یان سوێرە، یان بێ خوێیە!))

خەڵکی گەڕەگ شیویان دەخوارد و دەیانوت: ((بەه بەه! دەستان خۆش بێت.))



# هەرچی کە ڕەش چووەوە،...



بزنێك كارژیلەیەكی هەبوو، ڕۆژێك گورگێك تێیڕوهات و كارژیلەكەی لێبرد. بزن خەم دایگرت، بڕیاریدا ڕووبەڕووی گورگ ببێتەوە! بەڵام سەیریكرد تاكو تەنهایە و بەبێ قۆچ و ددانی تیژ چلۆن ڕووبەڕووی بێتەوە؟

دەلاكچی ئەو خەبەرەی بیست ئامادەیی پیشاندا، كە ددانی بزن تیژبكاتەوە.

دواتر جگە لە ددانەكانی قۆچەكانیشی تیژكردەوە.

«زەنگوڵ زێڕین» كاتێ كە ئەمەی بیست، ملی ڕێگای گرت، تاوەكو یارمەتی بزنەكە بدات، بەڵام ئەو چی لە مست دەهات؟ چونكە بزن و كارژیلەكەی نەدەناسی! بەژیانی خۆی هیچیانی نەبینی بوو.

زەنگوڵ زێڕین لەم و لەوی دەپرسی: ((بزنە خان شێوەكەی چۆنە؟ كارژیلەكەی ڕەنگی چۆنە؟))هەموان وەڵامیان دەدایەوە: (( بزن و كارژیلەكە، وەكو خۆت ڕەشن.))

زەنگوڵ زێڕین ڕۆیشت.. ڕۆیشت تاوەكو گەیشتە (ڕیشۆڵە)یەك، بینی ئەوە سەرقاڵی دروستكردنی هێلانەیە. زەنگوڵ زیڕن ڕیشۆڵەكەی بینی بەخۆی وت: ((ئەمە حەتمەن بزنەكەیە! گورگ هێلانەی لێتێكداوە و كارژیلەكەی لێبردووە.

ئێستا دەیەوێ هێلانەیەکی نوێ دروست بکاتەوە.))

پرتەپرتێکی لەبەرخۆیەوە کرد و ئینجا بە ڕیشۆڵەکەی وت: ((سڵاو بزنی ڕەش! من زەنگوڵ زێڕینم! ئامادەم یارمەتیت بدەم، بۆ ئەوەی لەگەڵ گورگی ناقۆڵا بجەنگیت!))

ڕیشۆڵە سەرێکی بۆ بادا و وتی: ((بەخیربێی زەنگوڵ زیڕین! بەڵام من بزن نیم! من ڕیشۆڵەم. بزن لە من گەورەترە، زۆر گەورەتر!))

زەنگوڵ زێڕین خەجاڵەت بوو و ماڵئاوایی لە ڕیشۆڵە کردو ملی ڕێگای گرت.

سەیری دەور و پشتی خۆی دەکرد، چاوی بە قەلەڕەشێك کەوت. کە لە بەرهەتاو سیسەڵە ببوو و بەبێ تاقەتی سەیری بیابان و دەشتاییەکانی دەکرد.

زەنگوڵ زێڕین بە خۆی وت: ((بێگومان ئەمەیان بزنەکەیە. گورگ کارژیلەکەی بردووە و ئەوەتا بەبێ تاقەتی دانیشتووە.))

ترینگە ترینگێکی کرد و بە قەلەڕەشەکەی وت: ((سڵاو بزنی ڕەش! من زەنگوڵ زێڕینم، ئامادەم یارمەتیت بدەم، بۆ ئەوەی ڕووبەرووی گورگ ببیتەوە.))

قەلەڕەش باڵەکانی لێکدا و وتی: ((بەخێربێی زەنگوڵ زێڕین، بەڵام من بزن نیم! من قەلەڕەشم، بزن لەمن گەورەترە و باڵ و پەڕیشی نییە. دوو قۆچی لەهەواو چوار سمی لەزەوی هەیە.))

زەنگوڵ زێڕین خەجاڵەتی دەربڕی و خوداحافیزی لە قەلەڕەش کرد و ملی ڕێگای گرت تاوەکو گەیشتە گامێش. گامێش ڕایدەکرد بۆ ئەوەی بگاتە گاگەل، چونکە لەوان دابڕابوو.

زەنگوڵ زێڕین بە خۆی وت: ((بێگومان ئەوەیان بزنەکەیە. لەوکاتەی کە گورگ کارژیلەکەی بردووە، سەرگەردان بووە و لە کارژیلەکەی دەگەڕێ.))

ترینگە ترینگێکی کرد و بە گامێشی وت: ((سلا و خانمی بزن! من زەنگوڵ زێڕینم، ئامادەم کۆمەکت بکەم، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی گورگ ببیتەوە.))

گامێشی ڕەش یەك دوو جار بۆعاندی و وتی: ((بەخێربێی زەنگوڵ زێڕین، بەڵام من بزن نیم! من گامێشی ڕەشم. بزن وەکو منە، دوو قۆچی بەهەواوە هەیە، چوار سمیشی هەیە، بەڵام ئەو ڕیشی هەیە، من نیمە.))

زەنگوڵ زێڕین شەرمەزاربوو و ماڵئاوایی لە گامێش کرد و ملی ڕێگای گرت تاوەکو گەیشتە بزنەکە.



بزنەکە قۆچەکانی لە هەسان سوویی بوو و ددانەکانیشی تیژکردبووەوە، بەمەبەستی ئەوەی ڕووبەڕووی گورگ ببێتەوە.

زەنگوڵ زێڕین بەخۆی وت: ((ئیتر ئەوەیان خۆیەتی. شاخ و ددانەکانی خۆی تیژ کردۆتەوە، تاوەکو لەگەڵ گورگ بجەنگێت.))

ترینگە ترینگێکی کرد و وتی: ((سڵاو بزنە خان! من زەنگوڵ زێڕینم! ئامادەم یارمەتیت بدەم، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی گورگی ناقۆڵا ببیتەوە! لە مێژە لەدوات وێڵم. هەمووان بەمنیان وتووە، کە ڕەنگەکەی وەك ڕەنگی کارژیلەکەی ڕەشە. یەکەم جار ڕیشۆڵەم بینی وامزانی تۆی. چونکە ڕەنگی ڕیشۆڵە ڕەشە. دواتر قەلەڕەشم بینی وام هەست کرد تۆی. دواتر گامێشم بینی وامزانی تۆی، چونکە ڕەنگی گامێشەکەش، ڕەش بوو.))

بزن زۆر خۆشحاڵ بوو و وتی: ((بەخێربێی زەنگوڵ زێڕین! ڕاستیان پێ وتووی. ڕەنگی من وەکو کارژیلەکەمە. لەڕاستی دا، لە دونیادا، کارژیلەی جوانی وەك کارژیلەی من پەیدانابێ. دڵم زۆر تەنگ بووە. ڕاستە ڕەنگی ڕیشۆڵە و قەلەڕەش و گامێش ڕەشە و وەکو ڕەنگی کارژیلەکەمە، بەڵام هەرچی کە ڕەش بێت کارژیلە نییە!))

دواتر بزنەکەو زەنگوڵ زێڕین بەرەو ڕووی ماڵی گورگ بەڕێ کەوتن و ڕووبەڕووی بوونەوە و کارژیلەکەیان لێوەرگرتەوە.

حەسەنۆك ناچێتە قوتابخانە،...

لە ڕۆژگاری کۆندا، بەهۆی نەبوونی قوتابخانە منداڵان لە خوێندن بێبەش بوون. کوڕێك هەبوو بەناوی حەسەنۆك، لە دونیا کەسێکی تر نەبوو وەکو ئەو تەمبەڵ بێت! ئەو لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە ماڵەوە دادەنیشت و ئیشی نەدەکرد. دڵخۆشی باوك و نەنکی حەسەنۆك ئەوەبوو، کە ئەو بچێتە قوتابخانە و بخوێنێ، بەڵام ئەگەر کێو لەجێی خۆیەوە بجوڵایە حەسەنۆك نەدەجوڵا!

ڕۆژێکیان نەنکی بە میهرەبانییەوە پێی وت: ((حەسەنۆك گیان، نەنە بەقوربانی قەد و باڵات بێ! بچۆ بۆ قوتابخانە و دەرس بخوێنە و شتێك فێربە.))

حەسەنۆك سەرێکی ڕاوەشاند و وتی: ((من ناچمە قوتابخانە!))

باوکی حەسەنۆك شیلەبزەیەکی هاتێ و وتی: ((باوکەگیان منداڵی خەڵکانی تر ببینە! هەموو چوونەتە قوتابخانە و خوێندەوارن. تۆش بڕۆ دەرس بخوێنە، بۆ



خۆت ببە پیاو و ببە سالار و سەردار!))
حەسەنۆك دیسان سەرێكی بۆ تەكاند و وتی: ((من نامەوێ ببمە سالار و سەردار، دەمەوێ وەكو گەدا عەلی بم.))
نەنك و باوكی حەسەنۆك بە سەرسوڕمانەوە سەیری یەكتریان كرد. نەنكی حەسەنۆك ئاهێكی هەڵكێشا و وتی: ((ئەوەش لە چارە ڕەشی منە! منداڵی خەڵكی حەزدەكەن ببنە سالار و سەردار، منداڵی من دەیەوێ وەكو گەدا عەلی بێت! لەڕاستیدا لە كوڕەكەی من تەمبەڵتر نییە!))
گەدا عەلی كێ بوو؟ ئەو پیرەمێردێك بوو، ڕیشێكی سپی و درێژی هەبوو. ڕۆژانی هەینی لە كۆڵانەكان دەسووڕایەوە و چیرۆكی دەگێڕایەوە.
(حەسەنۆك)ش گەدا عەلی خۆشدەویست. كاتێ كە دەنگی ئەوی دەبیست، وەكو باڵندەیەك كە لە قەفەس ئازاد بكرێ، بە كۆڵانەكاندا وێڵ دەبوو، تەنها دەنگی گەدا عەلی حەسەنۆكی ڕاپێچی كوچەكان دەكرد. حەسەنۆك لەتەك گەدا عەلی دادەنیشت و گوێكانی موچ دەكرد و لە چیرۆكەكانی ڕادەما.
ڕۆژێكیان حەسەنۆك لە گەدا عەلی پرسی: ((تۆ چۆن فێری ئەو هەموو چیرۆك و شیعرە بوویی؟))
گەدا عەلی نەرمە پێكەنینێكی هاتێ و وتی: ((كاتێ منداڵ بووم، لەگەڵ براكەم دەچوومە قوتابخانە. خوێندن و نووسین لەوێوە فێربووم. دواتر بۆ خۆشم كتێبی جۆرا و جۆرم خوێندەوە، چیرۆك و شعریان بۆ بەرهەمهێنام.))
حەسەنۆك بە خەمبارییەوە وتی: ((چومە قوتابخانە، تاوەكو فێری خوێندن و نووسین بم و وەكو تۆ فێری شیعر و چیرۆك بم، بەڵام دەرگای قوتابخانە داخراوبوو.))
گەدا عەلی بە زەردەخەنەوە وتی: ((بۆچی تۆ نازانی ڕۆژانی هەینی دەرگای قوتابخانە داخراوە؟ سبەی بچۆ بۆ قوتابخانە، دەرس بخوێنە و خوێندەواربە!))
حەسەنۆك ئینجا تێگەیی كە ئەو ڕۆژی هەینی چوبووە قوتابخانە! شیلەبزەیەكی هاتێ و وتی: ((بەڵام هیچكە مەڵێن حەسەنۆك ناچێتە قوتابخانە، ڕۆژی هەینی تێپەڕێ دەچم.))
حەسەنۆك ڕۆژی دوایی چووە قوتابخانەو وانەی خوێند و خوێندەوار بوو.



# حەوزێك كە ماسی تێدانەبێت،...



کاتێ کە نەنە «گوڵزار» ڕۆیی، من خەمم خوارد، ماسییەکانی ناو حەوزیش خەمباربوون. نەنە گوڵزار ئەوانی زۆر خۆشدەویست. هەمیشە ورتکەنانی بۆ ڕۆدەکردنە نێو حەوزەکە. کاتێ ماسییەکان دەمیان لە نانەکە دەکوتا، حەزم دەکرد خۆم هەڵدەمە ناو ئاوەکە و ماچیان بکەم.

نەنە گوڵزار دەیوت: ((ماسییەکان گوڵی ئەم حەوزەن.))

دەشیوت: ((لەڕاستیدا ماسییەکان وەکو گوڵەکانی باخچە سپی و سوورن.))

کاتێ نەنە گوڵزار ڕۆیی، گوڵەکانی باخچە وشك بوون. ئاوی حەوزەکەش وەك مەرەکەبی ڕەشی لێهات.

دایکم ماسییەکانی گرت و خستنیە ناو مەسینەوە. ماسییەکان حەزیان لەم شوێنە

نەبوو، مەسینەکە بۆ ئەوان زۆر بچووك بوو، من هەستم کرد دڵیان گیراوە و زۆر خەمبارن، ڕۆژێك پرسیان: ((نەنە گوڵزار لەکوێیە؟ بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟))

بەرامبەریان دانیشتم و وتم: ((نەنە گوڵزار چۆتە ماڵی پوورە ڕەعنا.))

نارەحەت بوون و بەخەمبارییەوە سەیریان کردم.

منیش وتم: ((ئاخر پوورە ڕەعنا منداڵێکی ناسکۆڵە و جوانی بووە.))

ماسییەکان دڵیان خۆش بوو و کلکیان جوڵاند. لەوە تێگەیشتم حەزدەکەن قسەیان لەگەڵ بکەم. دڵم نەشکاندن و وتم: ((دەزانم ئێوە حەزتان لە ژیانی نێو ئەو مەسینەیە نییە. دەزانم ئێوە حەزدەکەن لەنێو حەوزەکەدا بخولێنەوە، بەڵام ئاوی حەوزەکە ڕەشبووە، ئێوە حەزتان لە ئاوی ڕەش و گەنیوە؟))

ماسییەکان بە سەرسوڕمانەوە سەیریانکردم. وایان بیرکردەوە کە ڕاست ناڵێم، زۆرم پێ ناخۆش بوو. مەسینەکەم هەڵگرتوو جومە حەوشەکەوە، لە قەراغ حەوزەکەم دانا تاوەکو ماسییەکان حەوزەکە ببینن. بەوانم وت: ((ئێستا سەیر بکەن! ئاوی حەوزەکە چ ڕەنگێکە؟))

ماسییەکان بە سەرسامییەوە سەیری ئاوە پیسەکەیان دەکرد. لەناکاو دەنگی قیڕەقیری چەند بۆقێکم بەرگوێ کەوت. ئەو کات ماسییەکانیش دەنگی بۆقەکانیان بیست! سەرەتاتکێیەکیان کرد، چەند بۆقێکی گەورە و قەڵەویان لە لێوارە پیسەکەی حەوزەکە بینی. بۆقەکان سەیری من و ماسییەکانیان دەکرد و قیرەقیرپیان لێ بەرپادەبوو.

ماسییەکان دەگریان، ناو حەوزەکەش پڕ ببوو لە وردە بڵق! بۆقەکانیش شەو و ڕۆژ هەر قیڕەقیرپیان بوو، من دەمزانی ئەوان لەکوێوە هاتوونەتە ماڵەکەی ئێمە. لەپشتی خانووەکەمان گۆمێکی گەورەی لێبوو. ئەو گۆمە شوێنی مێش و مەگەز و بۆق بوو. ڕەنگە لەوێوە هاتبێتنە ماڵەکەی ئێمە.

چەند ڕۆژێك تێپەڕین، من و ماسییەکان خەمبار بووین، تاوەکو ڕۆژێك نەنە گوڵزار بە خۆیی و بوخچەیەکی سپییەوە وەدەرکەوت. ڕامکرد و خۆم خستە باوەشییەوە و زۆرم ماچ کرد.

نەنە گوڵزار بە سەرسوڕمانەوە سەیری حەوزە ئاوەکەی کرد و وتی: ((ئەمە حەوزە یان زەلکاو و زێراب؟!))

دایکم و جیرانەکانمان خەجاڵەت بوون، نەنە گوڵزار بوخچەکەی لەسەر زەوی



داناو بەهەمووانی وت: ((خێراکەن سەتڵ بێنن تاوەکو حەوزەکە بەتاڵ بکەین!))

هەر کەسە و سەتڵێکی هێنا. وردە وردە ئاوی حەوزەکەیان خاڵی کرد. بۆقەکان بەملا و ئەولادا ڕایاندەکرد و قیرەقیرپیان لێوەدەهات. کاتێ کە حەوزەکە بەتاڵ بوو، نەنە گوڵزار وتی: ((ماسییەکان لە کوێن؟))

ڕامرد مەسینەکەم هێنا، کاتێ کە ماسییەکان نەنە گوڵزاریان بینی، سەرکلکیان بۆ جوولاند. نەنە گوڵزاریش پێکەنی.

چی وای پێنەچوو جیرانەکان حەوزە پاکەکەیان پڕئاو کردەوە، ئاوێکی شیرین و پاکیان تێکرد، کە وەك فرمێسك ڕۆشن بوو!

نەنە گوڵزار ئاوی نێو مەسینەکەی ڕۆکردە نێو حەوزەکەوە. ماسییەکان بەوێنەی گوڵی سوور و سپی ڕۆچوونە نێو ئاوەکەوە. بەملاو ئەولادا مەلەیان کرد. تاوەکو بنی حەوزەکە ڕۆیشتن و سەرکەوتنەوە. سەر و کلکیان بۆ نەنە گوڵزار جوولاندەوە. دایکم و جیرانەکانمان لەدەوری حەوزەکە دانیشتبوون و هەمووان بە خۆشحاڵییەوە سەیری حەوزەکەیان دەکرد. گوێیان لە دەنگی بۆقەکان دەبوو کە لە گۆشە و قوژبنی خانووەکەوە دەهات.

دایکم وتی: (( حەوز بە ماسییەوە چەند جوانە!))

یەکێ لە جیرانەکان وتی: ((زۆر باش بوو لەدەست بۆقەکان ڕزگاریمان بوو، شەو و ڕۆژ دەیانقیرپاند.))

نەنە گوڵزار شیلەبزەیەکی هاتێ و وتی: ((حەوزێك کە ماسی تێدانەبێت، بۆق دەبێتە پادشای.))



# یاریکردن مەترسی دەست و قاچ شکانی تێدایە،...



کەروێشک و فسۆس و بۆق پێکەوە یاریان دەکرد، مشکێکی بچوکیش لە گۆشەیەکەوە دانیشتبوو و چاوی لێدەکردن. کەروێشک هەڵبەز و دابەزی بوو، فسۆس بە باڵای درەختانەوە هەڵدەگەڕا، بۆقیش کەوتبووە جوڵە و بازدان، بەڵام مشکە بچوکەکە لە شوێن خۆیەوە نەدەبزوا.

کەروێشک چووە لای مشکە بچوکەکە و پێی وت: ((تۆش وەرە یاریمان لەگەڵ بکە، پێشبڕکێ دەکەین بەو گردەوە سەردەکەوین!))

مشکە بچوکەکە وتی: ((نا! لەسەر گردەکەوە تەقڵە لێدەدەم و دەکەوم و سەرم دەشکێ.))

فسۆس وتی: ((دەوەرە سەرکەوینە سەردرەخت!))

مشکە بچوکەکـە وتـی: ((نەخێـر نایـەم دەترسـم لەسـەر درەختەکـەوە بکەومـە خـوارەوە و سـەرم بشـکێت.))

بۆق وتی: ((دەورە بەملا و بەولادا ڕابکەین و هەڵبەز و دابەز بکەین!))

مشکە بچوکەکە وتی: ((نا! سەرم بە بەردێك دەکەوێت و دەشکێت.))

کەروێشك گوێچکەی بـۆ بزوانـد و سـەیرێکی فسۆس و بۆقـی کـرد و وتـی: ((ئـەم مشکە بچوکـە زۆر ترسـنۆکە. بابڕۆیـن بۆ خۆمـان پێشـبڕکێکە بکەیـن.))

کەروێشـك و فسـۆس و بۆقەکـە بـەدوای یەکـدا ڕایانکـرد و گەیشـتنە گردەکـە، بـە هەورازەکـەی سـەرکەوتن، هـەر یەکێکیـان زووتـر بگاتـە سـەر گردەکـە، ئـەوا براوەیـە.

مشکە بچووکەکـە لـە گۆشـەیەك دانیشـتبوو و سـەیری دەکـردن. کەروێشـك و فسـۆس بەخێرایـی بـەرەو بەرزایـی گردەکە ڕایاندەکرد، بۆقیـش بـە بـازدان بـەدوای ئەوانـەوە بـوو. کەروێشـك بەپێـش هەموویانـەوە کـەوت و گەیشـتە سـەر گردەکـە و بـە دەنگێکـی بڵنـد وتـی: ((مـن بردمـەوە!))

فسـۆس بـە هەناسـە بڕکێـوە وتـی: ((ئێسـتا بەسـەر ئـەم درەختـە دەکەویـن. هەرکامێـك زووتـر سـەربکەوێت، دیباتـەوە.))

پێشـبڕکێکە دەسـتی پێکـرد. ڕووەو درەختەکـە ڕایانکـرد. مشـکە بچوکەکـە بەوریاییـەوە سـەیری دەکـردن. فسـۆس وەکـو پشـیلە چـووە سـەر درەختەکـە و وتـی: ((مـن بردمـەوە!))

بـۆق بەهەناسـە ساردییەوە وتـی: (( ئێسـتا بـە سـەر ڕووی ئـەو ڕووبـارە بازدەدەیـن، هەرکـەس نەکەوێتـە نـاو ئاوەکـەوە دەیباتـەوە.))

هەریەکـە و بـەرەو ڕووی ئاوەکـە ڕایکـرد. مشـکە بچوکەکـە بـە خەمبارییـەوە تەماشـای دەکـردن. ئـارەزووی دەکـرد یارییـان لەگـەڵ بـکات، بـەڵام لـەوە دەترسـا سـەری بشـکێ.

کەروێشـك و فسـۆس نەیانتوانـی لـە ڕووبارەکـە بپەڕنـەوە، بـۆق هەمباسـکانی لێـدا و لـە ڕووبارەکـە پەڕییـەوە، بەخۆشـحاڵییەوە وتـی: ((مـن بردمـەوە!))

کەروێشك وتی: ((ئێستا چ جۆرە یارییەك بکەین؟))

فسـۆس و بـۆق سـەیری یەکتریـان کـرد، مشـکە بچوکەکـە بـەرەو ڕوویـان هـات و وتـی: ((منیـش یـاری دەکـەم!))

پارچـە بەردێکـی تەخـت و سـاف لـە خـوار گردەکـە بـوو پێشـانیدان و وتـی: ((هـەر



کەسێك زووتر بگاتە ئەو تاتە بەردە دەیباتەوە.))

کەروێشك و فسۆس و بۆق قبووڵیان کرد. هەموو پێکەوە ڕایانکرد، کەروێشك هەڵخلیسکا و کەوتە سەر فسۆس. بۆق و مشك کەوتنە پێشیانەوە. مشك بەپێش بۆقەکە کەوتەوە. گەیشتە سەر تاتە بەردەکە و وتی: ((من بردمەوە!))

کەروێشك و فسۆس و بۆق، بە خەمبارییەوە سەیری مشکە بچووکەکەیان کرد. مشکە بچوکەکە لەخۆشیان هەڵبەز و دابەزی بوو، بەڵام لەناکاو سەرسمێکی دا و سەری کەوتە بەر پێیەکانی و لە بەردەکەوە کەوتە خوارەوە و تەوقی سەری کەمێك بریندابوو. دەستیکرد بەگریان وتی: ((بینیتان لە کۆتایدا سەرم شکا!))

کەروێشك و فسۆس و بۆق بەڕاکردنەوە چوونە لای، دەورەیاندا و هەڵیاندەدایە ئەسمان و دەیانگرتەوە و دەیاوت: ((یاریکردن مەترسی دەست و قاچ شکانی تێدایە، سەرشکانی تێدایە!...)) مشکە بچووکەکە سەیری دەکردن و پێدەکەنی.



# ...، بە کلکی شێریش یاریکردن؟



مشکێکی بچووک لە دارستانێکی سەوز و جواندا دەژیا و زۆر حەزی لە یاریکردن بوو. لە بەیانییەوە تاوەکو شەو بەملا و ئەولای ماڵەکەی ڕایدەکرد و یاری لەگەڵ بەچکە فسۆس و بەچکە کەروێشك و فەرخە بۆق دەکرد.

دایکی بە مشکە بچووکەکەی وتبوو، کە لە کونەکەی دوور نەکەوێتەوە. مشکە بچوکەکە قسەی دایکی لەگوێ گرتبوو و هیچ کاتێك دوور نەدەکەوتەوە. بەڵام لەبەتبەختی ئەو ڕۆژێکیان بوونەوەرێکی گەورە هات و لەسەر کونەکەی ئەو پاڵکەوت. هاوڕێکانی مشکە بچووکەکە لە ترسان قوچاندیان. بەڵام مشکە بچوکەکە لەجێی خۆی جەما و چۆلی نەکرد. بە سەرسامییەوە سەیری بوونەوەرە گەورەکەی دەکرد. بوونەرە گەورەکە سەری لەسەر چەپۆکی دانابوو و خەوتبوو.

مشکە بچووکە کە ئارەزووی وازیکردنی هەبوو، بە خەمبارییەوە لە نزیك کونەکەی دانیشت و بیری دەکردەوە، بە چ شێوەیەك یارییەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

لەو کاتەدا کلکی دڕندە گەورەکە بەرەو سەرەوە بەرزبوویەوە و کەوتە لەرەو بەرەو ڕووی مشکە بچووکەکە هات. مشکە بچوکەکە خۆی بە کۆتایی کلکە نەرمەکە گرت و ئیتر بەرزبوووەوە، سەری بەمووە نەرمەکانی کلکەکە دەخشاند و چێژی لێوەردەگرت.

هەر جارەی کە بوونەوەرەکە تەکانێکی دەدا کلکیشی بەملا و ئەولادا دەسووڕاند. لەو کاتەدا مشکە بچووکەکە وای بیردەکردەوە کە کلکەکە یاری لەگەڵدا دەکا، بۆیە

خۆی دەخەواند و تەقڵەی لەسەر لێدەدا.

سەرگەرمی یاریکردن بوو، لەناکاو بوونەوەرە گەورەکە لەخەو بێداربووەوە و نەعرەتەی کرد، لەگەڵ دەنگی نەعرەتەکە جەنگەڵ هاتە لەرزین!

مشکە بچووکەکە هەترەشی چوو، لەوە تێگەیی کە ئەو دەنگە لەکوێوە دێت، خۆی هەڵدایە ژێر کلکەکە و خۆی ماتکرد.

چەند ساتێک تێپەڕی، دیسان گوێی لە نەعرەتەکە بوو، کە بەتەواوی جەنگەڵەکەی هەژاند. مشکە بچووکەکە زۆر بەتووندی خۆی بەکلکەکە گرت. لەترسان وەك پەلکی بی دەلەرزی، پڕ و پۆی کلکەکەی لە سەر دەموو چاوی لابردوو کەوتە جموجۆڵ. بوونەوەرەکە خۆی داتەکاند، مشکە بچوکەکەش دەچووە سەرێ و دەهاتەوە خوار.

بوونەوەرە گەورەکە سەر و کەلەی بڵند کرد، ئەوکات مشکە بچووکەکەی دیت و وتی: ((ئەوە تۆ بووی منت بێدارکردەوە؟))

مشکە بچوکەکە لەفزی لەزار نەگەڕا، ئەو لەسەر کۆتایی کلکەکە لە بەینی ئاسمان و زەووی بوو. بوونەوەرە گەورەکە دەهری بوو، نەعرەتەیەکی کرد و ویستی مشکە بچووکەکە بخوات.

مشکە بچووکەکە قەڵەم بازێکی لێدا و کەوتە ناو پوش و پەڵاش و بە چەند سەرمەقولاتێك خۆی پەنهان کرد.

بوونەوەرە زەبەلاحەکە لەشوێن خۆی بەرزبووەوە. سەیری دەوروبەری کرد، بەڵام مشکە بچووکەکەی نەدیت، ملی ڕێگای گرت و ڕۆیی.

ماوەیەك تێپەڕی مشکە بچووکەکە لەنێو پوش و پەڵاش هاتەدەر. بەچکە فسۆس و بەچکەکەروێشك و فەرخە بۆق بەڕاکردنەوە هاتن و پرسیان: ((مشکە بچووکەکە چیتکرد بۆ ئەوەی شێر بڕوات؟))

مشکە بچوکەکە بە سەرسوڕمانەوە وتی: ((شێر؟!))

بەچکە فسۆس و بەچکە کەوێشك و فەرخە بۆق وتیان: ((بەڵێ شێر! چیتکرد بۆ ئەوەی پێشی ماڵەکەت بەربدات؟))

مشکە بچووکەکە بیریکردەوە و وتی: ((من تەنها یاریم لەگەڵ کلکی کرد، چونکە کەسێك نەبوو یاری لەگەڵ بکەم.))

دۆستان بە سەرسوڕمانەوە وتیان: ((مشکی بچووك چی دەڵێی؟ یاری یاری، بەکلکی شێریش یاریکردن؟!))تازە مشکە بچووکەکە تێگەیشت کە شێر چییە و چۆنە.



# سوار ئاگای لە پیادە نییە...



لـە قاقرِێکی  وشك و برینگدا، ئاو و هـەوا زۆر گـەرم بـوو، پیاوێـك بـە سـواری حوشـتـرەوە حۆتـر حۆتـر ڕێیدەکـرد. ڕێگاکـەی دوور بـوو، بـەڵام دەشیویسـت زوتـر بگاتـە شـار!

حوشترسوارەکە ڕۆیی.. ڕۆیی لەسەر تەپۆلکەیەکدا گەیشتە کەسێکی پیادە، کەسە پیادەکە زۆر هیلاك بوو و پەکی کەوتبوو، حوشتر سوارەکە پێی وت: ((سڵاو برام، بارودۆخت چۆنە؟))

کابراش وتی: ((ماندووم، هێز لە بەدەنمدا نەماوە.))

پیادەکە خورجینێکی جوانی پێبوو، سوارەکە وتی: ((ئەو خورجینە بفرۆشە و کەرێکی شەلی پێبکرە! سواری کەرەشەل ببە و سەفەر بکە!))

پیادەکـە نەرمەپێکەنینێکی هاتێ و وتـی: ((ناتوانـم! ئـەم خورجینـە بفرۆشم، ئەمـە دووکانی منـە. لەم دێ  بۆ ئەو دێ و لـەم شارەوە بۆ ئەو شار دەڕۆم و شت دەکـڕم و دەفرۆشـم.))

دواتـر بەپاڕانـەوە بـە سـوارەکەی وت: ((مـن و تـۆ هاوشـارین، منیـش سـواری حوشـترەکەت بکـە! زۆر هیلاکـم.))

سوارەکە بە ڕووگرژییەوە سەیری پیادەکەی کرد و وتی: ((حوشترەکەی من بچوکە، تەنها هێزی ئەوەی هەیە یەك کەس سواری پشتی بێت.))

پیادەکە ملی ڕێی گرت و ڕۆیی، ماوەیەکی پێچوو نان و خورمای لە خورجینەکەی دەرهێنا و دەستیکرد بە نانخواردن. دواتر هەستاوە سەرپێ و ملی ڕێگای گرتەوە. بە لۆژە لۆژ دەڕۆیی، لە ناوەڕاستی بیابانەکە گەیشتەوە پیاوەکەی تر، بینی لەسەر زەوی دانیشتووە و سکی خۆی دەکوشێ.

پیادەکە وتی: ((سڵاو برا! حاڵت چۆنە؟))

سوارەکە وتی: ((برسیمە. هێز لە دەست و قاچەکانمدا نەماوە.))

پیادەکە نەرمەپێکەنینێکی هاتێ و وتی: ((ئەو حوشترە بفرۆشە و نان و خورمای پێبکڕە! نان و خورماکەت بخۆ و سەفەر بکە!))

سوارەکە زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و وتی: ((ناتوانم، ئەم حوشترە بفرۆشم، چونکە یاوەری منە، لەم ئاواییەوە بۆ ئەو ئاوایی و لەم شارەوە بۆ ئەو شارەم دەبات.))

دواتر بە پاڕانەوە بە پیادەکەی وت: ((من و تۆ هاوشارین، تیکە نانێکم پێبدە! زۆر برسیمە.))

پیادەکە بە ڕووگرژییەوە سەیری سوارەکەی کرد و وتی: ((خورجینەکەی من گچکەیە، نان و خورمام بە ئەندازەی یەك نەفەر پێیە. تەنها کەسێکی پێ تێردەبێ.)) پیادەکە ئەوەندەی وت و ڕۆیی.

ژن و منداڵی هەردوو پیاوەکە لە گۆشەیەکی دەروازەی شار وەستابوون. ئەوان چاوەڕێی ئەوەبوون، پیادەکە بەخورجینەوە، سوارەکەش بەحوشترەوە بەدەرکەون، بەڵام هەموویان توشی سەرسامی بوون، بینیان حوشترەکە بەبێ سوار ئەوا دێت و خورجینەکەشی بەدەمەوە گرتووە! ژن و منداڵی هەردوو پیاوەکە بەگریانەوە ڕووەو حوشترەکە ڕایانکرد. حوشتر خورجینەکەی لەبەردەم ژن و منداڵی پیاوە پیادەکە دانا، خۆشی لەبەردەمی ژن و منداڵی خاوەنەکەی وەستا.

چەند گەنجێکی شار سواری حوشترەکە بوون و بەرەو ڕووی بیابانەکە ڕۆیشتن، زۆر دوور نەکەوتنەوە گەیشتنە پیادەکە، کە زۆر بەهیلاکی و بێ برستی لەسەر زەوی کەوتبوو. سواری حوشترەکەیان کرد، نەختێکی تر ڕۆیشتن گەیشتنە پیاوەکەی تر، ئەویش لە برسیەتی و تینوێتی کەوتبووە سەر زەوی. ئەویشیان سواری حوشتر



کرد و گەڕانەوە شار.

کاتێ کە بارودۆخی هەردوو پیاوەکە باشبوو و هاتنەوە سەرخۆ، سەیریان کرد لەتەنیشت یەکن و ژن و منداڵەکانیش لە دەوریانن، پیاوە خاوەن حوشترەکە بەپیاوە پیادەکەی وت: ((بۆچی تیکە نانێکت نەدامێ؟ زۆر برسی بووم.))

پیاوە پیادەکە وەڵامی دایەوە: ((تۆ بۆچی منت سواری حوشتر نەکرد؟ زۆر هیلاك بووم.))

گەنجانی شار دایانە قاقای پێکەنین و وتیان: ((بەڕاستی نە سوار ئاگای لە پیادەیە، نە تێریش ئاگای لە برسییە.))



چیرۆکی منداڵان

# حەسەنۆک خەو بردۆتییەوە

٢ چیرۆکەکانی حەسەنۆک

نووسینی: محەمەدڕەزا یوسفی
لە فارسییەوە: د. هاوژین سڵیوە





# لە سەرووی دەستەوە دەستی دیکە زۆرە...



لە یەکەمین ڕۆژی دەستپێکی قوتابخانە، «عەباس» هێز و توانای خۆی پیشاندەدا و دەفتەر و کتێبەکانی خۆی دەدایە «حوسێن» تاوەکو بۆی هەڵگرێ. لە قوتابخانەش شەڕی لەگەڵ هەموان دەکرد. هەر شوێنێکیشی بەدڵ بایە دۆشەکەکەی ڕادەخست و لەوێ دادەنیشت. منداڵانی قوتابخانە ناویان لێنابوو عەباسی قەلەندەر، چونکە هەیکەلێکی قەبە و قەڵەوی هەبوو، لە هەموو منداڵانی قوتابخانە بەهێزتر بوو، بەڵام عەباس زیاتر هێز و توانای خۆی بەرامبەر حوسێن پیشاندەدا، چونکە حوسێن بەژن کورت و وردیلە و گەردەن باریك و لاواز بوو. بەستەزمانە وەك پشیلە چۆن لە سەگ دەترسێ، ئاوا لە عەباس دەترسا! عەباس هەرچییەکی

دەوت، ئـەو گوێـی بـۆ شـل دەكـرد. كاتـێ كـە نیوەڕۆیـان قوتابخانـە دادەخـرا، عەبـاس كتێـب و دەفتـەر و بوخچـەی نـان و پەنیرەكـەی بـە حوسـێن هەڵدەگـرت. حوسـێن لـە پێشـەوە دەڕۆیشـت و (عەباس)یـش بەدوایـەوە بـوو، جارێكیـان حوسـێن تـوڕە بـوو و كتێـب و دەفتـەر و بوقچەكـەی توڕدایـە چۆگـەی ئـاو و ڕایكـرد. عەبـاس بەدوایـا ڕایكـرد و گەیشـتێ و گرتـی و بەرەنـگاری یەكتـر بوونـەوە، عەبـاس پێـی نایـە پشـتی پێـی حوسـێن و بـە بەرپێنەیـەك بـەزەوی دادا و لەسـەر سـینگی دانیشـت. لـەوڕۆژەوە حوسـێن لـە عەبـاس تۆقـی.

حوسـێن ناچاربـوو ئەركەكانـی (عەباس)یـش بنووسـێتەوە، چونكـە عەبـاس ئـاگای لـەدەرس و مەكتـەب نەبـوو، ڕۆژ تـا ئێـوارە لـە كۆڵانـان دەسـووڕایەوە و لـە بیـری ئازاردانـی خەڵـك بـوو. ڕۆژانـە حوسـێن ئەركەكانـی (عەبـاس)ی دەنووسـییەوە، دواتـر واجیبەكانـی خۆشـی دەنووسـییەوە. مامۆسـتا سـەری لـەو كارە سـووڕمابوو، چونكـە عەبـاس هیـچ ڕۆژێـك لـە دەرسـدا بەشـداری نەدەكـرد، كەچـی دەیبینـی ئەركەكانـی بەجوانـی بـە پاكـی نووسـراونەتەوە!

ڕۆژەكان تێدەپەڕیـن، تاوەكـو ڕۆژێـك كـوڕی خاڵـی حوسـێن، كـە نـاوی ئەكبـەر بـوو، لەگـەڵ دایكـی چوونـە قوتابخانـە، چونكـە تـازە هاتبوونـە ئـەو كۆڵانـە، بۆیـە خـۆی گواسـتەوە ئـەم قوتابخانەیـە، بـۆ ئـەوەی لەدەسـت عەبـاس ڕزگاری بێـت، هەمـوو بەیانییەكـی زوو، بـە بـەردەم ماڵـی ئەكبـەر تێدەپـەڕی و پێكـەوە دەچوونـە قوتابخانـە. ڕۆژێكیـان حوسـێن بەشـان و باڵـی ئەگبـەری هەڵـدا و باسـی هێـز و توانـای ئـەوی بـۆ عەبـاس كـرد، بـۆ ئـەوەی عەبـاس بترسـێت و لێـی دووركەوێتـەوە، (عەبـاس) یـش ئـەوەی لـەلا ڕوون بـوو، كـە ئەكبـەر باڵابەرزتـرە و لـەو گەورەتـرە. ئـەو بەشـان و بـاڵ هەڵدانـەی حوسـێن ترسـی لـە لای عەبـاس دروسـتكرد. ئەگبـەر حـەزی لـە لێـدان و كوتـان و شـەڕ و شـۆڕ نەبـوو، تەنهـا بەژنـی لـە عەبـاس بەرزتربـوو، بـەڵام بـەو قسانەی كـە حوسـێن كردبوونـی، ترسـی لـە دڵـی عەباسـدا چاندبـوو، لـە ڕۆیشـتندا هەمیشـە ماوەیەكـی دەهێشـتەوە و تـەواو لـە ئەكبـەر نزیـك نەدەبـووەوە. هـەر كاتێـك كـە (حوسـێن)ی لەتـەك ئەكبـەر دەدیـت، وەكـو مشـك لـە گۆشـەیەكەوە بـۆی دەردەچـوو. لـەو ڕۆژەوە حوسـێن ڕاهێنانەكانـی (عەبـاس)ی نەنووسـیوە و بارودۆخـی عەبـاس بـەرەو خراپـی چـوو. مامۆسـتا بـۆی بەدەركـەوت، كـە ئـەو ڕاهێنانانـەی پێشـتر هەمووی لەلایـەن كەسـی تـرەوە نووسـراون. ڕۆژێكیـان مامۆسـتا بـە تووڕەییـەوە پێـی وت: ((تـۆ



کەسێکی باش نیت، بە نەنکت بڵێ سبەی بێتە قوتابخانە.))
عەباس لە ترسان هەترەشی چووبوو، هیچ چارەیەکی نەبوو، تەنها ئەوە نەبێ بچێتە لای حوسێن، بەڵام حوسێن هیچکە لەو نەدەترسا. عەباس زۆر هەوڵیدا، بەڵام حوسێن ئامادە نەبوو ڕاهێنانەکانی ئەو بنووسێتەوە. عەباس ئەوەندە پاڕایەوە، (حوسێن)یش وتی: ((بەمەرجێك هاوکاریت دەکەم.))
عەباس بە خۆشحاڵییەوە وتی: ((بە چ مەرجێك؟))
حوسێن کەمێك بیریکردەوە و وتی: ((بەو مەرجەی هەموو ڕۆژێ کتێب و دەفتەر و بوقچەی نان و حەلواکەم تا قوتابخانە بۆ هەڵگری.))
عەباس بە تووڕەییەوە سەیرێکی (حوسێن)ی کرد، ئەگەر ترسی «ئەکبەر»ی نەبوایە، مشتە کۆڵەیەکی دەخێواندە لووتی حوسێن.
بۆ ڕۆژی دوایی عەباس کتێب و دەفتەر و بوقچەی نان و حەلواکەی بۆ هەڵگرت. لەبەرامبەر ئەمەش حوسێن (عەباس)ی فێرە مەشق و نووسین و خوێندن دەکرد. تا ڕۆژێکیان ئەکبەر، عەباس و (حوسێن)ی دیت. زەینی دایێ، حوسێن سەری بەرزکردۆتەوە و سینگی دەرپەڕاندووە و بەرەو قوتابخانە دەڕوات. (عەباس)یش جگە لە کتێب و دەفتەر و بوقچەکەی خۆی، کتێب و دەفتەر و بوقچەی (حوسێن)یشی هەڵگرتووە!؟ کاتێ کە گەیشتنە قوتابخانە، منداڵان بە عەباس پێدەکەین، ئەکبەر چووە پێشەوەو بە(حوسێن)ی وت: ((دیارە خۆت دەستت نییە؟ بۆچی کەل و پەلەکانت بەو بەدبەختە هەڵدەگری؟))
حوسێن بەرامبەر ئەکبەر خەچاڵەتبار بوو و هەموو شتێکی بۆگێڕایەوە. ئەکبەر زەردەخەنەیەکی هاتێ و کتێب و دەفتەر و بوقچەکەی (حوسێن)ی لێوەرگرت و وتی: ((کاکە عەباس! ئێستا تێگەیشتی کە : ((لەسەرووی دەستەوە، دەستی تر زۆرە! هیچکە نمایشی ماسولکەت مەکە!))لەو ڕۆژە بەدواوە، عەباس و حوسێن و ئەکبەر بوونە هاوڕێی گیانی بە گیانی.



# مووێك لە ورچ هەڵكەنی، غەنیمەتە



ورچێکی زۆر ڕەزیل و خۆپەرست هەبوو، ئەگەر بتکوشتبایە قەترە هەنگوینێك، یان دانە میوەیەکی بەکەس نەدەدا. ماڵانگەڕ بوو، دەچووە ماڵی بوونەوەرانی تر و تێر و پڕی دەخواد، بەڵام خۆی کەسی بانگهێشت نەدەکرد و لە ماڵی ئەو کەس سکی بەزەواد نەدەبوو.

ڕۆژێکیان ڕێوی دەم و چاوی شوشت و مووەکانی شانەکرد و بە پاکوخاوێنی ملی ڕێگای گرت، لە ڕێگا کلکی دەجووڵاندەوە و کەیفی بەخۆی دەهات، تا گەیشتە لانەی کەروێشك.

کەروێشك وتی: ((ڕێویە خان، سەفەرت خێر، کێوە دەچی؟))

ڕێوی بەنازەوە کلکی بەرەو سەرەوە بزواند و وتی: ((بەمیوانداری دەچمە ماڵی پووری ورچ.))

کەروێشک دەستێکی بە سکی خۆی داهێنا و وتی: ((حەیف پوورە ورچ گەلێ قرچۆکە، ئەگەرنا منیش دەهاتم.))
ڕێوی گوێچکەی بۆلەقاند و وتی: ((من و تۆ نەچوینەتە سەر سفرەی تاوەکو ببینین ڕەزیلە، ئەگەر بچین و شت بخۆین، دەست بەرداری ئەو ڕەزیلییەی دەبێت.))
کەروێشکیش دەستێکی بەخۆی داهێنا و خۆی تیف تیفە کرد و پێکەوە ملی ڕێگایان گرت، ڕێوی لە پێشەوە دەڕۆیشت و کەروێشکیش بەدوایەوە بوو.
هێشتا زۆر نەڕۆیشتبوون، گەیشتنە سمۆرە، ڕێوی بەناز و مەکرەوە لە سمۆرە دوورکەوتەوە و وتی: ((لە من و کەروێشک نزیک نەبیتەوە! بۆنێکی ناخۆشت لێدێ. ئێمە بەمیوانی دەچینە ماڵی پوورە ورچ. تۆش گەر مەیلت هەیە، بڕۆ لەو ڕووبارە خۆت بشۆ و وەرە لەگەڵمان.))
سمۆرە بەڕاکردن خۆی گەیاندە ڕووبارەکە و خۆی بە ئاوەکە دادا و بەشرپەشرپ خێرا خۆی شووشت و بەدوای ڕێوی و کەروێشک کەوت.
پوورە ورچ لە ماڵەکەی هاتە دەرەوە تاوەکو بچێتە جەنگەڵ. لەدوورەوە چاوی بە ڕێوی و کەروێشک و سمۆرە کەوت. سەیری کردن، بەڵام نەیدەزانی بۆچی بەو پاکو خاوێنییەوە بەرەو ماڵەکەی ئەو دێن. خۆی بەلایەك دادا و کیسەی میوەکەی هەڵگرت، خۆی بەلایەکەی تر دادا و گۆزەڵە هەنگوینەکەی هەڵگرت. هەرچی خۆراکێکی هەبوو هەمووی خستە ناو گۆزەیەکی گەورە و خۆشی لەسەری دانیشت.
ڕێوی و کەروێشك و سمۆرە، گەیشتنە ماڵی پوورە ورچ، پورە ورچ بە ڕووگرژی و بە مۆنییەوە لەسەر گۆزەکە دانیشتبوو و دەمی دەکردەوە و دایدەخستەوە.
ڕێوی کلکی بۆبزواند و وتی: ((پوورە ورچ ئەوە چی دەکەی؟ میوان ڕاناگری؟))
پوورە ورچ ئاهێکی هەڵکێشاو وتی: ((میوان؟ میوان بۆچی؟ ئەوە دەبینن خۆم هەوا دەخۆم. ئێوەش بفەرموون هەوا بخۆن.))
کەروێشک مشەمشێکی کرد، چاوەکانی سمۆرە لە سەرسامییاندا زیاد کرانەوە و ئەبڵەق بوون و هەڵتۆقین. ڕێوی سەیرێکی ڕەنگ و رووە پەرپووەکەی ورچی کرد و کەمێك بیری کردەوە، سەرێکی بۆ ڕاوەشاند و هەواکەی بۆنکرد و وتی: ((بەه بەه! بەه بەه! چ بۆنێك، چ عەترێك! چ بۆن هەنگوینێك!))
پوورە ورچ بە سەرسووڕمانەوە وتی: ((بۆنی چی؟ عەتری چی؟))
ڕێوی هەناسەیەکی هەڵکێشا و دیسان وتی: ((وەی گیان چ بۆنێك! وای وای چ



گوڵاوێـك!))

لەڕاسـتیدا بۆنـی هەنگویـن دەهات؟ ڕەنگـە ڕێـوی بیـەوێ بـە ورچ بڵێـت: ((گرنـگ نییـە، تـۆ شـتمان بدەیتـێ، تەنهـا بۆنـی هەنگوینمـان بدەیـێ!)) ڕێـوی خێسـێکی بـۆ کەروێشـك و سـمۆرە کـرد، بـۆ ئـەوەی ئەوانیـش بڵێـن: ((چ بۆنێـك! چ عەترێـك! چ هەنگوینێـك!))

ڕێوی و کەروێشك و سمۆرە لمووزیان بەحـەواوە نـا و بۆنیانکرد وتیـان: ((چ بۆنێك! چ عەترێـك! چ هەنگوینێـك!))

پـوورە ورچ بـە سەرسووڕمانەوە سـەیری دەکـردن، بـە ناڕەحەتییـەوە وتـی: ((وای وای! چ میوانێکن! هێشتا یەکترمـان نەناسـیوە، دەڵێـن.. دەڵێـن: چ بۆنێـك، چ عەترێـك.))

ورچ هـەوای پشـتی سـەری خـۆی بۆنکـرد، لـەو بۆنـی هەنگوینـە تێنەگەیشـت. جارێکـی تـر بۆنـی کـردەوە، کەچـی هیـچ هەسـتێکی بـەوە نەکـرد کـە بۆنـی هەنگویـن دێـت.

بەخـۆی وت: ڕەنگـە لووتـی مـن گیرابێـت، بـەڵام چ قەیدیـدەکا، هەنگوینەکـە ماڵـی خۆمـە، بۆنـی هەنگوینەکـەش هـی خۆمـە. تووڕەبـوو و ڕووی تێکـردن و وتـی: ((ئـەی میوانانـی ڕووقایـم، لێـرە بـڕۆن. مـن شـەو و ڕۆژ بـە بۆنـی هەنگویـن تێردەبـم، بۆچـی بەزەیـی و خاکەڕایتـان نییـە؟))

هەرسـێکیان بـە سەرسووڕمانەوە سـەیری پـوورە ورچیـان کـرد. ڕێـوی لەدڵـی خۆیـدا وتـی: لەڕاسـتی دا ئـەم ورچـە زۆر ڕەزیـل و قرچۆکـە! نایەڵـێ بۆنـی هەنگوینیـش بکەیـن، ئەگـەر لەجێـی شاهەنگ بوایـە و ئـەو هەمـوو هەنگوینـەی هەبـا چـی دەکـرد؟

بـە ڕقـەوە شـاپێکی لـە پشـتی ورچ داو وتـی: ((ئەوەنـدە ڕەزیـل مەبـە!))

ورچ لەسـەر کوپەکـە وەك فیـل کـەوت. کوپەکـە شـکا، کیسـەی میوەکان دڕا. کۆزەڵـە هەنگویـن شـکا. میـوە و هەنگویـن تێکەڵبـوون. ڕێـوی بـە سەرسـووڕمانەوە سـەیری مووەکانـی نێـو پەنجـەی ورچەکـەی کـرد. چ موویەکـی عەنتیکـە!

ورچ بە خەجاڵەتەوە پێی وتن: ((فەرموون!... فەرموون!))

ڕێـوی لەژێـر لێوانـەوە، بەدەنگێکـی نـزم تـا ئەندازەی ئەوەی ورچ ببیسـتێ و نەیبیسـتێ وتـی: ((لەڕاسـتی دا خراپیـان نەوتـووە: موویـێك لـە ورچ هەڵکەنـدن، غەنیمەتـە، ئەوەتـە چ غەنیمەتێك!))

ڕێویش چاوی خستبووە سەر میووە و هەنگوینەکە.

# چێشتی کەشکی پووریێیە،...



خاتون کێ بوو؟ نەنکی نێرگز و زەهرا و سەعید و عەلی بوو. پرچی زیوین بوو، لەچکەکەی گوڵگوڵی بوو. دادەنیشت و حیکایەتی بۆ منداڵان دەگێڕایەوە. باسی ڕۆژگارە کۆنەکانی بۆ دەکردن.

منداڵان لە قسە و حیکایەتەکانی تێر نەدەبوون. ئەگەر شەو و ڕۆژ قسەی بکردایە و حیکایەتی بگوتایە، کەس نەیدەگوت: ماندوو بووم، چونکە قسەکانی «خاتوون» ماندوویێتی لە بیر دەبردنەوە و شادی پێدەبەخشین.

کەس نەیدەزانی بۆچی خاتوون لە پوورە «کەزی» تووڕەبوو. نێرگز و زەهرا و سەعدی و عەلی، هەرچی هەوڵێکیاندا بۆیان ڕوون نەبووەوە بۆچی ئەوانە لەیەك

تـووڕەن.

ئەگـەر  کەسـێك لـە بـارەی پـووره کـەزی قسـەیەکی بکردایـە، خاتـوون تـووڕە دەبـوو و دەیـوت: ((هەرچـی دەڵێـن بیڵێـن، بـەس باسـی پـووره کـەزی مەکـەن!))

منـدالان زۆریـان حەزدەکـرد خاتـوون لەگـەڵ پـووره کـەزی ئاشـت کەنـەوە، بیریـان زۆر لـەو ئیشـە دەکـردەوە. دواتـر گەیشـتنە ئـەو ئەنجامـەی کـە پـووره «کەزی»یـان مەجبـوور کـرد، کـە نـەزر لەخـۆی بگـرێ و چێشـت دروسـت بـکات و دۆسـت و ئاشـناکانی خـۆی بانگهێشـت بـکات.

خاتـوون نەیدەویسـت میوانداریيەکـەی پـووره کـەزی قبـووڵ بـکات، منـدالان دەورەیانـدا، نێرگـز وتـی: ((خاتـوون گیـان، چێشـتی نـەزرە، خراپـە نەیـێ!))

سەعید وتـی: ((خاتـوون گیـان، ئاگـات لێیـە خواردنـی نـەزر ڕەتدەکەیتـەوە!))

زەهـرا وتـی: ((خاتـوون گیـان، تـۆ وەرە ماڵـی پـووره کـەزی و خـواردن مەخـۆ!))

عەلـی وتـی: ((تووڕەبـوون بەجێـی خـۆی و چێشـتی نـەزر بەجێـی خـۆی!))

خاتـوون ئـاوی قـوڕگی قوتدایـەوە و وتـی: ((لەبـەر خاتـری چێشـتی نـەزر دێـم، ئەمـا سـوێند بەخاوەنـی چێشـتەکە، فـزەم لێوەنایـێ!))

هەمـوو لـە ماڵـی پـووره کـەزی کۆبوونـەوە، کاتـێ کـە خاتـوون گەیشـت، هەمـوو هەسـتانە سـەرپێ و پێشـوازییان لێکـرد، خاتـوون وەڵامـی دانـەوەو لـە گۆشـەیەکی ژوورەکـە دانیشـت.

بۆنـی چێشـت لەنێـو ژوورەکـەدا بـڵاو بووبـووەوە، منـدالان لـە دەورەی خاتـوون کۆبووبوونـەوە. یەکێکیـان پێـی وت: حیکایـەت بگێـڕەوە. یەکێکـی تـر وتـی: باسـی ڕابردوومـان بـۆ بکـە. یەکێکیـان قسـەی خەندەئامێـزی کـرد، بـۆ ئـەوەی پێبکەنـێ. بـەڵام خاتـوون بـە تووڕەییـەوە لـە گۆشـەیەکی ژوورەکـە دانیشـتبوو لەفـزی لـەزار نەدەگـەڕا.

سفرەیان ڕاخسـت، پـووره کـەزی لـە ناندینەکـەدا هـات و بەهەمووانـی وت: ((پێڵاوتـان بـان چـاوم، بەخێربێـن، بفەرمـوون وەرنـە سـەر سفرە))، بـەڵام کـەس لەجێـی خـۆی نەجـوڵا. عەلـی و نێرگـز و زەهـرا و (سـەعید)ش، لەجێـی خۆیـان نەبـزوان. سـەیری یەکتریـان دەکـرد، دواتـر هەموويـان سـەیری (خاتـوون)یـان کـرد و وتیـان: خاتـوون لـە



هەموومـان گەورەتـرە، پێویسـتە سـەرەتا ئـەو بێتـە سـەر سفرە.))

خاتـوون بـە نارەحەتییـەوە وتـی: ((بـۆ ڕێزگرتـن لـە چێشـتی نـەزر هاتـووم، بـەڵام تامیشی ناکـەم!))

لـە مسـەرەوە تـا ئـەو سـەر هەمـوو کاسـەی چێشـت داندرابـوو، بـەڵام کـەس لەسـەر سفرەکە دانەنیشتبوو. هەمـوو سـەیری یەکتریـان کـرد و بـە (خاتوون)یـان وت: (( تـۆ وەرە لەسـەر سفرە دانیشـەو دەم لـە هیـچ شـتێك مـەدە!))

خاتـوون ئاهێکـی درێـژی هەڵکێشـا و هەسـتایە سـەرپێ و چـوو لـە قـەراغ سـفرەکە دانیشـت. هەمـوو دڵیـان خۆشـبوو و سـەرگەرمی چێشـت خـواردن بـوون.

یەکێکیان وتی: ((خواردنێکی تایبەتە!))

یەکێکی دیکە وتی: ((دەستی پوورە کەزی خۆش بێت!))

هەر کەسە و شتێکی وت.

کاسـیەك ئـاش لـە بـەردەم خاتـوون بـوو، بـەڵام خاتـوون دەسـتی لێنەدابـوو. نێرگـز و زەهـرا لـە دیوەکـەی ئـەو دانیشـتبوون، سـەعید و (عەلی)یـش لـە دیوەکـەی تـر. خاتـوون سـەیری بەحـەواوە نابـوو و سـەیری قوڕنـەی ژوورەکـەی دەکـرد.

منـداڵان ئاماژەیەکیـان بـۆ یەکدی کـرد، سـەعید مراکێکـی لـە ئاشـی خاتـوون خـوارد. (زەهـرا)ش مراکێکـی خـوارد. عەلـی و نێگـز چەنـد مراکێکیـان خـوارد. چونکـە خواردنەکـەی پـوورە کـەزی بەلـەزەت بـوو. کـەس سـەیری خاتـوون و منداڵەکانـی نـە دەکـرد.

کاتـێ هەموویـان تێـر و پڕیـان خـوارد و کشـانەوە، بـە سەرسـووڕمانەوە سـەیری کاسـەکەی (خاتوون)یـان کـرد! بینییـان بەتاڵـە، یـەك کەوچکیشـی لێنەماوەتـەوە. یەکیـان وتـی: ((چێشـتەکە بەتـام بـوو، (خاتوون)یـش لێـی خـوارد.))

یەکێکـی دیکـە وتـی: ((چێشـتی نـەزر هەروایـە! خەڵکـی تـووڕەش والێـدەکا لێـی بخـۆن.))

هەمـوو دەوریـان لـە خاتـوون دا و وتیـان: ((بەتـام بـوو خاتـوون! نـەزری سـەلامەتیتان بێـت و سـەد سـاڵ بژیـت!))

خاتـوون سـەری بەگێـژەوە دەچـوو، سـەعید و نێرگـز و عەلـی چوونـە لای پـوورە

کەزی، کە لە ناندینەکەدا بوو و پوورە کەزی هات و سەیری کاسە بەتاڵەکەی (خاتوون)ی کرد و خۆشحاڵ بوو. چووە پێشەوە و ماچیکرد و وتی: ((خاتوون گیان، بمبەخشە! بۆ خاتری ئەو چێشتی نەزرە بمبەخشە! لەڕاستیدا خواردنەکە بەلەزەت بوو؟!))

خاتوون شیلەبزەکی هاتێ و پوورە کەزی ماچ کرد و وتی: ((من چێشم نەخواردووە! یەکێکیان وتی: (خاتوون)یش چیچشتی خواردووە! یەکێك پرسی: چێشتەکە بلەزەت بوو خاتوون؟ ئەوەیش وتی: بەخوا من یەك کەوچکیشم نەخواردەوە، بەڵام منەتی چێشتەکە هاتە گەردەنم و لەسەر من حیساب کرا.))

سەعید و نێرگز و عەلی و زەهرا پێکەنین و پێکەوە وتیان: ((خاتوون گیان! چێشتی کەشکی پوورێیە، بخۆی قاپ هەیە، نەشخۆی قاپ هەیە.))



# مەنجەڵ دەگەڕێ سەری خۆی دەدۆزێتەوە



ڕۆژێ بوو ڕۆژگارێ بوو، پیرەژنێك هەبوو، ناوی نەنە سەلیمە بوو، لە ژوورێکی بچووك دەژیا. ئەو لە ماڵی دونیا شتێکی وای نەبوو. مەقاڵەیەکی هەبوو بۆ زستان، دوو دەستە نوێن و دۆشەکی هەبوو بۆ خەوتن. چولەیەکی هەبوو بۆ شیولێنان. چوند قاپ و قاچاغێك و مراکێك بۆ نانخواردن. لە هەموشی گرنگتر یەك مەنجەڵیشی هەبوو، کە چێشتی جۆراو جۆری پێ لێدەنا. نەنە سەلیمە چێشتی لەو مەنجەڵە لێدەنا، تشریب و هەر شتێکی کە مەیل داربوو لێیدەنا.

نەنە سەلیمە کەمێك حەواسی پەرت و بڵاو بوو، هەندێ جار لە بیری دەچووەوە هەندێ شتی لەکوێ داناوە. ڕۆژێکیان سەرە قابلەمەکەی لێ ون بوو. لەملا و لەولا گەڕا و بن مەقاڵە و دەوروبەری ژوورەکەی، بەڵام سەرە قابلەمەکەی نەدۆزییەوە، گێژ و سەرگەردان بوو و نەیدەزانی چی بکات، چونکە مەنجەڵ بەبێ سەرقەپاغ سوودی نییە، ئاوی گۆشتاوەکەی زوو دەبووە هەڵم و گۆشت و فاسۆلیاو نۆکەکەی دەسووتا. ساوار بەبنی مەنجەڵەوە دەنووسا و هەڵمەکەی هەموو دەڕۆیی.

نەنە سەلیمە قاپێکی لە سەر مەنجەڵەکە دادەنا، دەیگۆڕی و کاسەیەکی دادەنا، کەچی هیچیان جێی سەرە قابلەمەکەیان پڕنەدەکردەوە. ئەوەندە بەدوای سەرەمەنجەڵ گەڕا تاوەکو هەڵپەی لە پێکەوت، کەچی هەر نەشی دۆزییەوە. تورەبوو و مەنجەڵەکەی فڕێدایە کۆگا و وتی: ((هەر کاتێك سەرەکەی خۆت دۆزییەوە، وەرەوە لای من.))

مەنجەڵ سەر و سیما سووتاو و ڕەشەکەی بەرزکردەوە و بە نەنە سەلیمەی وت: ((خۆت سەرەکەمت ونکردووە، خۆشت بیدۆزەوە.))

نەنە سەلیمە گوێی لە قسەی مەنجەڵەکە نەگرت و دەرگای کۆگاکەی داخست و ڕۆیی. مەنجەڵ سەیری دەورووبەری خۆی کرد و چاوی بە گۆزە ڕۆنێك کەوت، پێی وت: ((تۆ سەرەکەی منت نەبردووە؟))

گۆزە باوێشکی هاتەوە و وتی: ((ئەگەر بردبوومایە، لە سەری خۆم دادەنا، سەیرکە لە سەرم نییە!))

مەنجەڵ سەیری گۆزەکەی کرد، بینی نەنە سەلیمە سەری گۆزەکەی بە قوماشێك بەستبووەوە.

مەنجەڵ بەملا و ئەولادا تەقڵەی لێدا و گەیشتە جەڕە سرکەیەك، جەڕە سرکەکە وەك گەمژەێك قابلەمەکەی هاتە بەرچاو وتی: ((چ ئیشێکت لێرە هەیە؟))

مەنجەڵ لە ترسان لەرزی هاتێ و وتی: ((بەدوای سەری خۆم دەگەڕێم، تۆ ئەوت نەبینیوە؟))

جەڕە دایە قاقای پێکەنین و وتی: ((سەرت پیویستە لەسەر سەرت بێت، ئاگاداربە سەرت لەدەست نەدەی!))

مەنجەڵ وتی: ((سەرچاو، سەرچاو!))بە تەقڵە لێدان ڕۆیی و ڕووبەڕووی کاسەیەك وەستا. بە عەبووسی و نارەحەتی بەکاسەکەی وت: ((وامبیستووە کە تۆ سەرەکەی منت وەرگرتووە، زووبە بمدەوە!))

کاسە وەکو کەڵەشێری شەڕکەر خۆی گیڤکردەوە و بە مەنجەڵی وت: ((ئەوە دەڵێی چی! دیارە من دزم؟! سەری تۆم بۆچییە؟))

مەنجەڵ بەتەقڵەلێدان چووە لای قۆری و پێی وت: ((قوربانی گوڵی ڕەنگا و ڕەنگت بم سەرەکەی منت نەبینیوە؟))

قۆری وەك قاز گەردنی خۆی درێژکرد و وتی: ((بەداخەوە، ئەگەر قەپاغم





هەبووایە، ئێستا لێرە نەدەبووم، جێگەم سەر سەماوەر و سەر تاقچەکان دەبوو.))
مەنجەڵ دڵی بە قۆریەکە سووتا و پێی وت: ((ئەگەر سەرقەپاغەکەم دۆزییەوە، دەینێمە سەرت بۆ ئەوەی چا بۆ نەنە سەلیمە بدەمێنی.))
قۆری لەسەر زەوی پاڵکەوت و وتی: ((وای، سەرەکەی تۆ بخەمە سەری خۆم؟ مەگەر کەم عەقڵ بم؟ دەتەوێ هەموو بڵێن، مەنجەڵەڕەش ببینن، دەزانی من کێم؟ من قۆری چینیم!))
مەنجەڵ هیچی نەوت، نەنە سەلیمەی بەبیرهاتەوە و بەخۆی وت: بێگومان نانی پووری دەخوات، چونکە من لەوێ نیم گۆشتاوی بۆ دروست بکەم. خودایە ئەگەر حەزی لە چێشتی ڕشتەبێ چی ڕوودەدات؟ بەچ جۆرێك ئەم چێشتە لێبنێت؟ ئەگەر نەوە و منداڵەکانی بێن چ چێشتێکیان بۆ لێدەنێت؟
خەمی دنیا لەدڵی مەنجەڵەکە بوو. نەیدەزانێ چی بکات. لەدەوروبەری خۆی دەگەڕا، دواتر زۆر ماندوبوو لە گۆشەیەکی کەوەنتەرەکە خەوی لێکەوت. چ خەوێك! خەوی بینی کە سەرقەپاغەکەی دۆزیوەتەوە و لەسەری دانراوە. نەنە سەلیمەش سەیری دەکا و پێدەکەنێ.
لەناکاو دەرگای مەغزەنەکە کرایەوە و نەنە سەلیمە هات، جەڕە و قۆری و گۆزە و کاسە لە جێی خۆیان ڕاپەڕین، بەڵام مەنجەڵ تەکانێکیشی نەدا، لە خەوێکی قوڵ بوو. نەنە سەلیمە زۆر برسیبوو، دەیویست مەنجەڵەکە بباتەوە و هەر چۆنێ بێ خواردن لێبنێت. بە سەرسووڕمانەوە سەیری مەنجەڵی کرد. مەنجەڵ خۆی خستبووە سەر قوماشێکی سپی و نوستبوو. نەنە سەلیمە کە قوماشە سپییەکەی دیت، وتی: ((وای سەرە مەنجەڵەکە لێرەیە.))
بەبیری هاتەوە کە سەرەقابلەمەکەی لەسەر جەڕە سرکەکە دانابوو و بە قوماشێکی سپی بەستبوویەوە. ویستبووی بۆ سەرە جەڕەکە قەپاغێك دروست بکات، بۆ ئەوەی تۆز و خۆڵی تێنەکەوێ، بەڵام کاتێك سەری جەڕە سرکەکەی بەستبووەوە لەبیری چووبوو سەرە قابلەمەکە لاببات.
نەنە سەلیمە بەهێواشی مەنجەڵەکەی لە باوەشکرد و نەیدەویست مەنجەڵەکە لەو خەوە خۆشە بێداربکاتەوە. سەرە مەنجەڵەکەی هەڵگرتەوە و بەهێواشی خستییەوە سەر مەنجەڵەکەو پێکەنی وتی: ((لەڕاستییدا مەنجەڵ دەگەڕێ، سەری خۆی دەدۆزێتەوە.))



# زستان تێپەڕبوو و ڕووڕەشی بۆ خەڵوز مایەوە



کۆگای عەلی خەڵوزچی بە ماڵە قوڕینەکەی نەنە ئینسی نووسابوو، عەلی خەڵوزچی تاوەکو بنمیچی کۆگاکەی پڕکردبوو لە گونیەی ڕەژوو زستانانیش دەیفرۆشت. هەر کاتەی کە دەیویست عەرەبانەی ڕەژووەکە بچێتە ژوورەوە یاخود دەرەوە، لە دیواری نەنە ئینسی گیردەبوو و عەرەبانەچی هاواری لێهەڵدەستا. عەلی ڕەژووچی چەندجار بە نەنە ئینسی وتبوو کە نیازی هەیە خانووەکەی لێبکڕێت، بەڵام نەنە ئینسی ملی بۆ ئەم کارە نەدەدا و ڕازی نەبوو. چونکە ئەم خانووەی بۆ ڕەزای کوڕی هێشتبووەوە. ڕەزاش چووبووە سەربازی، نەنە ئینسی ڕۆژی دەژمارد تاوەکو کوڕەکەی لە سەربازی بگەڕێتەوە، عەلی ڕەژووچی باش دەیزانی کە نەنە ئینسی فەقیرە.

دەشیزانی ئەگەر ڕەزا بگەڕێتەوە، ئەوا ڕازی نابێ خانووەکە بە عەلی ڕەژووچی بفرۆشێت. بۆیە هەوڵیدەدا تاوەکو ڕەزا سەربازە، خانووەکە لە بندەستی نەنە ئینسی دەربهێنێت.

نەنە ئینسی لە بەیانییەوە تا ئێوارە، ماڵی ئەم و ئەوی پاکدەکردەوە و چێشتی بۆ لێدەنان، بۆ ئەوەی خەرجی خوی دەربهێنێ.

ژنەکەشی وتی: ((ئیتر نەنە ئینسی با سەردانمان نەکات، بە کچ و دایکت و بە هەمووان بڵێ، کە ئیتر ئیش بە نەنە ئینسی نەدەن، کاتێ بە برسییەتی دەمێنێتەوە، مەجبووره خانووەکەی بە بەلاش بە من بدات.))

ژنی عەلی خەڵووزچی ئەو ئیشەی ئەنجامدا، دەستیکرد بەدرۆ و بانگەشە و بە خراپە باسی نەنە ئینسی کرد. بە هاوسێکانی وت، کە نەنە ئینسی کەسێکی واو وایە. نەنە ئینسیش ئاگای لە هیچ نەبوو، لە دەرگای هەر ماڵێکی دەدا، کەس دەرگای بەڕوو نەدەکردەوە، لە بەدبەختی ئەو زستان نزیك بووەوە و ڕەزای کوڕیشی بەدەرنەکەوت. گۆگا گەورەکەی نەنە ئینسی پڕ ئارد بوو. یەك مشت نیسك و پەنیر و ساواریشی لە کیسەدا هەبوو.

هێشتا مانگی یەکەمی زستان نەببوو، کە نیسك و نۆك و لۆبیا و پەنیری نەنە ئینسی تەواوبوو. پیرێژن چووە ماڵی عەلی ڕەژووچی و پێی وت: ((هەندێك پارەم بەقەرد بدەیێ تاوەکو کۆتایی زستان.))

عەلی ڕەژووچی پێکەنی و وتی: ((لەگەڵ من زۆر خراپی، خانووەکەت بفرۆشە و قەرزەکانت بدەوە و لە کەس مەپاڕێوە!)) ئەو کات نەنە ئینسی تێگەیی کە عەلی ڕەژووچی لێکدانەوەی چۆنە. لەوە تێگەیی بۆچی بە ڕاست و چەپ قەردی پێدەدا، دەیویست نەنە ئینسی ئەوەندە بکەوێتە ژێرباری قەرزەوە، کە خانەوەکە بۆ ئەو بمێنێتەوە.

نەنە ئینسی ڕێگای خۆی گرت و ڕۆیی و شەو و ڕۆژ ساواری لێدەنا و دەیخوارد. مانگی دووەمی زستان بوو، تورەگەی ساوار تەواوبوو. نەنە ئینسی نەچووە ماڵی هیچ کەسێك، ڕەزای کوڕی کەسێکی بەغیرەت بوو، ئەگەر بهاتبوایە و بیزانیبایە کە ئەو بەینە خەڵك خەرجی داکیان داوە، ئەوا زۆر نارەحەت دەبوو، نەنە ئینسی هەر چۆنێك بێت شەو و ڕۆژی گوزەراند تاوەکو خەڵووزی ئاگردانەکەی تەواوبوو.

زستان سارد و بێڕەحم بوو، لە دار و دیوارەکانیشی سەرما دەباری، چارەی نەبوو جارێکی دیکە چووەوە لای عەلی ڕەژووچی و داوای کیسەیەك خەڵووزی کرد، عەلی خەڵووزچی پێکەنی و وتی: ((خانوویێك کە زستان ساردە و هاوینان گەرم، بەکەڵکی چی دێت؟ بیفرۆشە ئۆغژنت دێ! وازم لێبێنە با گەراجەکەم فراوان بێت.))

نەنە ئینسی تووڕەبوو و بەهەشتاوی گەڕایەوە ماڵەوە. چارپا بچوکەکەی پارچە پارچە کرد، ئاگری لە تەختەی چارپاکەی بەردا و دوو کیسە خەڵووزی لێبەرهەم هێنا، تاوەکو کۆتایی زستان ئاگردانی نەنە ئینسی ئاگردان و تەنوورەکەی گەرم بوون. چێشتی لێنا و لە دەرگای کەسی نەدا. لە سەین و بەینی جەژن بوو ڕەزای کوڕی پەیدابوو، چوو دەستی ڕەزای گرتوو بردییە گەراجی عەلی ڕەژووچی، بە دەنگێکی بڵند وتی: ((ئەی عەلی ڕەژووچی!))

عەلی خەڵووزچی بەسەر و ڕوویەکی ڕەشەوە وەك پارچە ڕەژوویەك لە گەراجەکە وەدەرکەوت. نەنە ئینسی پێی وتی: ((ڕەژوو ڕەش! بەکوێری چاوەکانت، هەموو زستان تەنوورەکەم گەرم بوو. ئاگردانەکەم گەرم بوو. سکم تێربوو، ئێستاش ڕەزای کوڕم هاتۆتەوە. ئەو خانووەی هەمە، سبەی هەم ژن بۆ کوڕەکەم دەهێنم. چاو کوێر، خانووەکەم هیچ کاتێك بە تۆی نافرۆشم، بەهەر سەختییەك بوو زستانم بەڕێکرد، بەڵام شەرمەزاری و ڕووڕەشی بەتۆ برا، قەدیمە وتوویانە: زستان تێپەڕی و ڕووڕەشی بۆ ڕەژوو مایەوە. لەڕاستیدا عەلی ڕەژووچی وەکو پارچە ڕەژوویێك ڕەش بوو.



# خۆرەتاو بەدەرکەوت...



هەوری ڕەش ڕووی خۆرەتاوی داپۆشی و دونیا تاریك بوو. گوڵ و گیا و بوونەوەرەکانی جەنگەڵ چاوەڕێی خۆرەتاو بوون، بۆ ئەوەی هەوا گەرم بێت و گوڵەکان بکرێنەوە و گەڵاکان دڵخۆشبن. کەروێشك و فسۆس و خۆرپەرست یارییان دەکرد، دواتر هەموو دڵتەنگ بوون، چونکە هەوری ڕەش نەیدەهێشت خۆرەتاو بەدەرکەوێت. خۆرپەرست لە هەموویان دڵتەنگتر بوو. چونکە هیچ گیانداریك بە ئەندازەی خۆرپەست شەیدای خۆرەتاو نەبوو.

ئەو کاتەی کە هەوری ڕەش بەری خۆرەتاوی گرت، دونیا بۆ خۆرپەست تاریك و ناخۆش بوو. خولقی نەبوو لە لانەکەی جێگیربێ، یان سەرخەوێکی بۆ بشکێنێ. حەزیدەکرد دەردەدڵی خۆی بۆ کەسێك بەیان بکات، بۆ ئەوەی خەمەکانی کەم ببنەوە. بەڵام بۆ کێی باسبکا؟ سەیری دەور و بەری خۆی کرد. هیچ گیاندارێکی

نەبینی، چونکە بەرەو تاریکی دەچوو و هەموو گەڕابوونەوە لانەکەیان. خۆرپەرست بە کۆڵێک خەمەوە ملی ڕێگای گرت.
ڕۆیی ڕۆیی تا گەیشتە مشکێکی کوێر. مشکە کوێرەکە لە کونەکەیەوە بەدەرکەوت و سەری بەملا و ئەولادا دەسوڕاند.
خۆرپەرست بەمشکە کوێرەی وت: ((سڵاو تۆش نائارامی؟))
مشکەکوێرە سمێڵی مشتوماڵ کرد و وتی: ((لەبەرچی نائارام بم؟ ئێستا زۆر خۆشحاڵم، چونکە تێرم و خۆراکی باشم خواردووە و دەمەوێ هەندێک هەوا هەڵمژم.))
خۆرپەرست وتی: بەڵێ ئەگەر خۆرەتاو بەدەرەوە بایە هەوا هەڵمژینیش تامی دەبوو.))
مشکە کوێر بەسەرسامییەوە پرسی: ((خۆرەتاو؟ خۆرەتاو چ تامێکی هەیە؟ چ خۆراکێکە؟))
خۆرپەرست وەڵامی دایەوە: ((مەگەر خۆرەتاو ناناسی؟ ئەگەر خۆرەتاونەبێت، خونچە و گوڵ نابینی، گیا سەوزنابێت، بەبێ خۆرەتاو ژیان زۆر سەختە.))
مشکەکوێر کە هەموو تەمەنی لە ژێر زەویدا ژیابوو لە قسەکانی خۆرپەست حاڵی نەدەبوو، بۆیە وتی: ((چ درۆیەکی گەورەیە! بەبێ خۆراك ژیان زۆر سەخت دەبێت، نەك بەبێ خۆرەتاو. ئەرێ خۆرەتاو چییە؟))
خۆرپەرست هەرچییەکی وت، مشکەکوێر لێی حاڵی نەبوو، کە خۆرەتاو چییە؟ خۆرپەست بۆ گەرمی، لەبەر جوانی خۆرەتاو... ڕووناکی خۆرەتاوی بۆ ڕوونکردەوە، بەڵام مشکەکوێرە تەنها لەبیری خواردن بوو. خۆرپەست بێتاقەت بوو و هیچی دیکە قسەی نەکرد.
وارێکەوت شەمشەمەکوێرەیەك بەوێدا ڕەت بوو، خۆرپەست شەمشەمەکوێرەکەی بانگکرد و پێی وت: ((تۆ بەڵگە بۆ مشك بهێنەوە، کە خۆرەتاو چەندە ڕۆشن و جوان و باشە.))
شەمشەمەکوێرەکە لەسەر لقەدارێك نیشتەوە و وتی: ((چ شتێك ڕۆشن و جوان و باشە.))
خۆرپەست وتی: ((خۆرەتاو! بە مشك بڵێ، ئەگەر خۆرەتاو نەبێ، گیاکان سەوز نابن، کوڵەکان ناپشکون، ئاوەکان نابنە هەڵم و زۆر شتی دیکەش.))



شەمشەمەکوێرە بەچاوە وردیلانەکانی کە ئاشکرا نە بوو دەبینێت یان نابینێت، سەیرێکی خۆرپەرستی کرد و وتی: ((ئیتر خۆرەتاو چییە؟ ئەوە باسی چی دەکەی، ئەتۆ کێی؟))

مشکەکوێرە پیف پیفێکی کرد و بە خۆرپەرستی وت: ((نەموت قسەی سەیر و سەمەرە دەکەی؟ بۆ ئەم قسە سەیر و سەمەرانەت هیچ بەڵگەیەك ناهێنیتەوە.))

خۆرپەست بێتاقەت ببوو، نەیدەزانی چی بکات، بە شەمشەمەکوێرەی وت: (( چۆن خۆرەتاو ناناسی؟ مەگەر بەبێ خۆرەتاو دەتوانی بژی؟!))

مشکەکوێر و شەمشەمەکوێرە بە سەرسامییەوە سەیری یەکتریان کرد. شەمشەمەکوێرە بە چپەوە بە مشکەکوێری وت: ((بێگومان شێتە، قسەی سەیر و سەمەرە دەکا، بەڵگەشی دەوێ.))

مشکەکۆرە پیف پیفێکی بۆ کرد. واتا: بەڵێ جەنابی شەمشەکوێرە، ڕاست دەبێژی.))

لەناکاو بایەکی بەهێز هەڵیکرد و هەورە ڕەشەکەی لەبەردەم خۆرەتاوەکە دوورخستەوە و خۆر بەدیارکەوت و زۆر ڕۆشن بوو. خۆرپەرست لەخۆشیان هاوایکرد: ((سەیرکەن! خۆرەتاو بەدەرکەوت!))

دەنگی زیقەیەکی ترسناك بە بەرگوێی خۆرپەرست کەوت. خۆرپەرست بەرە و ڕووی مشکەکوێر و شەمشەمەکوێرە هات، بە دەنگێکی بەرز وتی: ((سەیرکەن! خۆرەتاو بەدەرکەوت، بەڵگەی خۆرەتاو!)، کە سەری هەڵبڕی سەیریکرد مشکەکوێرە و شەمشەمەکوێرە لەوێ نەماون.



# سەلامی گورگ بێ تەماح نییە



گورگێکی پیر لە سەر کێوێك دەژیا، ددانی تیژ نەبوو، بازووی بەهێز نەبوو و ڕنۆکی تیژی نەبوو، پیرییەکەی بێهێزی کردبوو، بەڵام زۆریشی برسی بوو لە بیری ڕاوکردنی کەروێشکێك بوو، بەڵام چۆن کەروێشکەکە ڕاوبکات؟!

گورگ بەئاراستەی دەشتاییەکان ملی ڕێگا گرت. چاوی بە مێگەلێك کەوت، ئاراستەی ڕێی خۆی گۆڕی و بەرەو ڕووی ئەوان هەنگاوی نا، سەگی مێگەلەکەی بینی، کە بەوێنەی شێرێکی تووڕە دەور و خولی مێگەلەکەی دەدا.

گورگەکە بەخۆی وت: ((ئیتر پیر بوویی و ناتوانی لەگەڵ ئەم سەگە شەڕ بکەی. وا باشترە ڕێگای دیکە بۆ ڕاوکردن پەیدابکەی، بەڵام کام ڕێگا!؟))

گورگ چووە سەر تاتەبەردێك و زۆر بیریکردەوە تا ڕێگەیەکی دۆزییەوە. ملی

ڕێگای گرت و بەرەو لای سەگەکە ڕۆیی و لە دوورەوە وتی: ((سڵاو کاکی سەگ!))
سەگەکە بە تووڕەییەوە سەیرێکی گورگەکەی کرد و خۆی گرش کردەوە و ملی درێژکرد و مڕاندی و خۆی بۆ شەڕ ئامادە کرد. گورگ بە میهرەبانییەوە وتی: ((سڵاو کاکی سەگ! بۆچی وەڵامی سەلامەکەم نادەیتەوە؟))
سەگ بە سەرسامییەوە سەیری گورگی کرد و وتی: ((سڵاو!))
سەگەکە زۆر بە وریاییەوە سەیری گورگەکەی کرد، تاوەکو لە پشت تاتە بەردەکەوە بزر بوو.
نیوەڕۆ بوو هەوا گەرم داهاتبوو، مێگەلەکە تینویان بوو و بەئاراستەی کانیاوەکە ملی ڕێگایان گرت، گورگەکە لە پشتی دەرەختێکەوە بەماتە مات هات و بە مەڕێکی وت: ((سڵاو مەڕەخان! وەزعت چۆنە؟))
مەڕەکە ترسا و باعەباعێکی کرد، گورگ بەنەرمییەوە وتی: ((بۆچی وەڵامی سڵاوەکەم نادەیتەوە؟ من لێرەبەدواوە گورگی دڕندە نیم. بۆ خۆت دەبینی کە من سڵاوت لێدەکەم.))
گوێی مەڕەکە لە ترسان دەلەرزی و وەڵامی دایەوە و وتی: ((سڵاو!))
گورگ زۆر بەخێرایی ڕۆیشت، مەڕەکەش ڕایکرد و خۆی گەیاندەوە مێگەل. گورگەکە لە پشتی تامانی باخێك ملی درێژکرد. بە نێرییەکەی  وت: ((سڵاو نێری! ئاوی کانیاوەکە ساردە؟))
نێری ئاراستەی قۆچەکانی بەرەو ڕووی گورگەکە وەرچەرخاند، گورگ بە نەرمییەوە وتی: ((بۆچی وەڵامی سڵاوەکەم نادەیتەوە؟ من هیچ ئیشێکم بەتۆ نییە، وەڵامی سڵاوەکەم بدەوە تا بڕۆم.)) نێری بە سەرسووڕمانەوە سەیری گورگەکەی کرد و وتی: ((سڵاو!))
گورگ ملی ڕێگای گرت و ڕۆیی. مێگەلی مەڕ و بزنەکە تێر گیایان خوارد و تێر ئاویان خواردەوە و بەئاراستەی دەشتەکە گەڕانەوە. سەگ و مێگەلەکە لەدەوری یەك کۆبوونەوە و سەگەکە وتی: ((من گورگێکم بینی.))
نێری وتی: ((سڵاوی لێکردم.))
مەڕێك وتی: (( سڵاوی لە منیش کرد، گورگێکی میهرەبان بوو!))
کە بووە مەغریب گورگەکە پەیدابووەوە و بەسەگەکەی وت: ((سڵاو کاکی سەگ! وەرە ماڵەکەم خواردنی باشم هەیە.))



جارێکی دیکە سەگەکە بەتووڕەییەوە سەیری گورگەکەی کرد، گورگ بە میهرەبانییەوە وتی: ((جوابی سڵاوەکەم بدەوە، من و تۆ دراوسێین.))
سەگەکە وتی: ((سڵاو!))
گورگ لموزی بەرەو ڕووی گوڵێك شۆڕکردەوە و بەدەوری مێگەلەکە خولایەوە و بە مەڕێکی وت: ((سڵاو مەڕەخانم! وەرە باپێکەوە بڕۆینە سەر ئەم کێوە، ئەوێ پڕە لە سەوزەگیا.))
مەڕەکە لەترسان دەلەرزی، گورگ بەمیهرەبانییەوە وتی: ((دیسان لەبیرت چووەوە وەڵامی سڵاوەکەم بدەیتەوە؟))
مەڕەکە سام گرتی و بەلالوتییەوە وتی: ((سڵاو! سڵاو!...))
گورگەکە گوێیەکانی بۆ بزواند و ڕۆیی.
نێرییەك گەڵای درەختەکانی دەخوارد، گورگەکە گەیشتە لای و وتی: ((سڵاو کاکی نێری! بۆچی گەڵای دەرەختەکان دەخۆی؟ سەری ئەم کێوە پڕە لە سەوزەگیای تازە.))
نێری قۆچەکانی پیشانی گورگەکەدا، گورگەکە بە نەرمییەوە وتی: ((بۆچی وەڵامی سڵاوەکەم نادەیتەوە و شەڕانیش دیاری، بڵێ سڵاو تاوەکو بڕۆم.))
نێریەکە بەتووڕەبوونەوە وتی: ((سڵاو!))
گورگەکە ڕۆیی، بۆ ڕۆژی دوایی دیسان هاتەوە و سڵاوی لە سەگەکە و مێگەلەکە کرد.
مەڕێك وتی: ((چ گورگێکی میهرەبانی! هێرشمان ناکەیتە سەر و سڵاویشمان لێدەکەی.))
بزنێك وتی: ((من تاکو ئێستا گورگی وام نەبینیوە!))
سەگەکە گوێی بۆ قسەی مەڕ و بزنەکە شل کردبوو، نەشی دەتوانی باوەڕبکات، کە گورگەکە میهرەبانە. بۆیە زۆر بەوریاییەوە ئاگای لە مێگەلەکە بوو.
گورگ جارێکی دیکە لە مێگەلەکە نزیك بووەوە و بە مەڕێکی وت: ((سڵاو مەڕەخان! لەگەڵم دێی لەو دەشتەدا بسوڕێینەوە و بچینە سەر ئەو کێوە، من سەوزەگیای بەتامت پیشان دەدەم؟))
بیرکردنەوە لە سەوزەگیای سەوز و بەتام زاری مەڕەکەی پڕکرد لە ئاو. سەیری دەوروبەری خۆی کرد، شوان و سەگەکە دیارنەبوون. مەڕەکە بەگەڵ گورگەکە



کەوت و بەسەر کێوەکە دەکەوتن و لە گورگەکەی دەپرسی: ((کوا سەوزەگیا بەلەزەتەکە؟))

گورگ هەورازتر هەڵدەکشا و دەیوت: ((کەمێکی تر سەرکەوە!))

گورگ مەڕەکەی زۆر لە مێگەلەکە دوورخستەوە، کاتێ کە زۆر لە مێگەلەکە دوورکەوتنەوە، وتی: ((مەڕەخان، سەوزەگیا ناسك و بەتامەکە کەمێك لە هەورازترە، بەڵام من هیچ ناتوانم بەپێ بڕۆم، کەمێك لە دونگەکەتم بدەیێ با بیخۆم بۆ ئەوەی هێزم بێتەوەبەر!))

مەڕەکە لە تەڵەکەبازی گورگەکە بەخەبەرهاتەوە، بەدەنگێکی بەرز باڕاندی. گورگ ئارامی لێهەڵگیرا و خۆی هەڵدایە سەر مەڕەکە. مەڕەکە ڕایکرد، گوگەکە بە دووی کەوت، لەو کاتەدا سەگەکە لەپشت تاتە بەردەکەوە بەدەرکەوت و هەڵمەتی بۆ گورگەکە هێنا، گورگ ترسا و بە نەرمییەوە وتی: ((کاکی سەگ سڵاو! تۆ لەکوێی؟ ئێرە کوێییە؟))

سەگەکە وتی: ((سڵاوی ناسڵاو گورگی فێڵباز، بەو سڵاوانەت دەتویست مەڕ بخۆی؟))

گورگ کە بینی کار لەکارترازا، چوار قاچی هەبوو چواری دیکەشی قەرزکرد و وەکو با ڕایکرد.

مەڕەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: ((کاکی سەگ! لەکوێ بووی؟ چۆن ئاگادار بوویەوە؟))

سەگەکە وتی: ((من لەسەرەتاوە دەمزانی گورگ بەبێ مەرام سڵاو ناکات. کێ بینیویە، گورگ سڵاو لە سەگ و مێگەل بکات؟ لە کۆنەوە گورگ دوژمنی مەڕ و بزن بووە، ئەدی قەدیمیان نەیانوتووە: ((سڵاوی گورگ بێ تەماح نییە.)) سەگ و مەڕەکە بە ئاراستەی مێگەلەکە گەڕانەوە.

# تا گوێرەکە دەبێتە مانگا، خاوەنی زیڕە دەکا



خاڵە کوردۆ گوێرەکەیەکی ڕەنگ خەنەیی بۆ مرادی کوڕی کڕی، مرادیش ئەو گوێرەکەیەی هێندە خۆشدەویست بەتەنها جێینەدەهێشت. گوێرەکەکەی دەبردە دەر و دەشت، تاوەکو یاری لەگەڵدا بکات، دەیبردە سەرکانی، تاوەکو ئاوی بداتێ، دەیبردە وێنجەزار تاوەکو وێنجەی تەڕ و تازەی دەرخوارد بدات.

مراد بەحەسرەتەوە سەیری چاوی گوێرەکەکەی دەکرد و دەیوت: ((گوێرەکە گیان کەی گەورە دەبیت؟ کەی شیرت دەبێ؟ کەی دەزێی و گوێرەکەت دەبێ، تاوەکو نەنکم خۆشحاڵ بێت و لە شیرەکەت ماست و پەنیر دروست بکات. باوکیشم دڵشاد دەبێت، کە گوێرەکەیەکی دیکەم هەبێ. ها گوێرەکە، کەی دەبیتە مانگا؟))

گوێلەکەکە دەیبۆڕاند و قەپۆزی لە دەستی مراد دەخشاند. وەرزی پایز هات و مراد

کادینەکـەی پڕکـرد لـە گـەڵا زەردی پایـز. چەنـدان باقـە وێنجـەی وشـکبووەوەی لـە گۆشـەیەکی کادینـەکە دانـا، هێشـتا هـەوا زۆر سـارد نەبـوو، مـراد گوێرەکەکـەی دەبـردە دەر و دەشـت، کاتێ کـە گوێرەکەکـە تێری دەخـوارد دەیهێنایـەوە. تاوەکـو گوێرەکەکـە نەخۆشـکەوت و دەمـی لـە ئـاو و ئالیکەکـە نـەدا.

خاڵە کوردۆ چەند جۆرە دەرمانێکی بە گوێرەکەکە دا، بەڵام گوێرەکەکە چاکنەبووەوە. ڕۆژ بـەڕۆژ لاواز و لەڕدەبـوو، مـراد دادەنیشـت و سـەیری چـاوی گوێرەکەکـەی دەکـرد و خـەمـی لێدەخوارد.

خاڵـە کـوردۆ چـووە شـار و دەرمانـی بـۆ گوێرەکـەکـە هێنـاو پێیـدا. گوێرەکەکـە وردە وردە بـاش بـوو، مـراد ئـەوەنـدە خۆشـحاڵ بـوو وەك ئـەوەی بـۆ خـۆی نەخۆشـکەوتبێ و چاکبووبێتـەوە.

مـراد گوێرەکـەکـەی بەکۆڵانەکـەدا بـرد، گوێرەکەکـە بەتونـد و تیـژی قۆشـمەی نەدەکرد، تەنهـا پـێ بەپـێ لەگـەڵ مـراد ڕێیدەکـرد. مـراد بـەوە ڕازیبـوو، دەسـتی بـە سـەر و گوێلاکـی گوێرەکـەکـەی دادەهێنـا، گوێرەکـەکـەش دەیبۆڕانـد.

مـراد گوێرەکـەکـەی بـردە  لای منـداڵان، دەیویسـت ئـەوانیـش ببینـن، کـە بارودۆخـی گوێرەکـەکـەی بـاش بـووە. باقـە وێنەجەیـەك لەبـەردەم کەرەکـەی خاڵـە کـوردۆ بـوو، گوێرەکـەکە چـووە پێشـی و تاوەکـو کەمێـك لـە وێنجەکـە بخـوات، کەرەکـە لوشـکەیەکی بەهێـزی لـە گوێرەکـەکـە دا، گوێرەکـەکـە کەوتـە سـەر زەوی و هـەر چـوار پەلـی لـە حەواکـرد.

مـراد بەڕاکردنـەوە چوو گوێرەکـەکـەی بڵندکردەوە، بەسـتەزمانە دەیبۆڕانـد و خوێن لە لا لغـاوی دەهاتەخـوارەوە و نەیدەتوانـی لەسـەر سمەکانی بووەسـتێ. مـراد بەڕاکردنـەوە شـەقێکی لـە تەنگـەی کەرەکـە دا، کەرەکـە لشمـەیەکی کـرد. هاوڕێیانـی مـرد لـە دەوری گوێرەکـەکە کۆبوونـەوە. هـەر چـوار پەلیـان گـرت و خسـتیانە سـەر پشـتی کەرەکـە و هـەر دوو پەلـی بەلایەکـی کەرەکـە شـۆڕبوونەوە و هەچـە هەچـەی لەکەرەکـە کـرد و بـەرەو لای ماڵـەوە ڕێگایـان گـرت.

کاتێ کە خاڵە کوردۆ چاوی بەگوێرەکەکە کەوت وتی: ((چی بووە؟))

مراد هەموو شتێکی بۆ خاڵە کوردۆ گێڕایەوە.



دووباره گوێرەکەکە دەمی نەدەکوتا و هیچی نەدەخوارد، چونکە کاتێ کە کەرەکە لوشکەی لێدابوو زمانی گوێرەکەکە بەر ددانی کەوتبوو و بریندار ببوو، کاتێ کە ئالیکی وشکی دەخواد خوێنی لێوەدەهات.

هەموو ڕۆژێك مراد دەچووە دەرودەشت و گوڵی وێنجە و نەرمەگیای بۆ دەدوورییەوە و لە تورەگەیەکی دەناو دەیهێنایە ماڵەوە، کەم کەم بەدەمیەوە دەکرد، زۆر بەوریاییەوە گیایەکەی دەدایێ و ئاگاداری ئەوە بوو، کە چیلکەدار و دڕك نەچێتە دەمییەوە. گوێرەکەکە هێواش هێواش گیاکەی دەخوارد، کاتێ کە یەکەم بەفر باری زمانی گوێرەکەکە چاك ببووەوە، بە لەوەڕ کەوتبووەوە. مراد بە دەوری گوێرەکەکە دەسووڕایەوە و دەیوت: ((گوێرەکە گیان، زوو ببە بە مانگا، تاوەکو شەڕی کەری خاڵە کوردۆ بکەین، دەبێ لەقەیەکی بەهێز لە تەنگەی کەرەکە بدەی، باشە!))

گوێرەکەکە دەیبۆڕاند و ئالیکی دەخوارد. ناوەڕاستی زستان بوو، کە ئالیکی گوێرەکە تەواوبوو. خاڵە کوردۆش پارەی نەبوو کا و جۆ بکڕێت، ئێستا گوێرەکەکە لە برسان دەبۆڕێنێ.

مراد دڵی بە گوێرەکەکە دەسووتا، چوو هەرچی نانە وشکەی ماڵێ بوو هێنای و لەبەردەمی گوێرەکەکەی ڕۆکرد. گوێرەکەکە ورتکە نانە وشکەکەی خوارد و بارودۆخی تێکچوو، خاڵە کوردۆ لەگەڵ مراد بەشەڕهات و وتی: ((نەدەبوو ئەو هەموو ورتکە نانە بەو گوێرەکەیە بدەی...))

خاڵە کوردۆ چووە لای کاك کارۆخ و یەك گونیە کا و یەك گونیە عەلەفی بەقەرز وەرگرت و بۆی هێنا. مراد کەم کەمە ئالیکی بە گوێرەکەکە دا، تاوەکو باشتر بووەوە. سەتڵە ئاوێکی لەبەردەم داناو وتی: ((گوێرەکە گیان، زوو ببە بە مانگا، تاوەکو ئەوەندە بەڵایەت بەسەردانەیێت.))گوێرەکەکە بۆڕاندی و کەمێك ئاوی خواردەوە.

زستان تەواوبوو، گیاوگۆڵ وردەوردە بەدەرکەوت، مراد گوێرەکەکەی بەگەڵ گاڕان دا، سەگەکان لەدەوری گاڕانەکە دەچەرخان و چاودێری گاڕانەکەیان دەکرد. لەناکاو گورگێکی ڕەش هێرشی هێنا، گاوانەکە بە ئاراستەی گاڕانەکە ڕایکرد، سەگەکان هێرشیان بۆ گورگەکە برد، گورگەکە لەدووی گوێرەکەکە بوو، گوێرەکەکە ڕایدەکرد،

گاوانەکە بە کوتەکەوە بەدوای گورگەکەوە بوو.

گورگ قەڵەمبازێکی لێدا و گازیکی لە ڕانی گوێرەکەکە گرت و لە خۆڵی وەردا، گاوانەکە هەڵمەتی بۆ گورگەکە برد، سەگەکان خۆیان هەڵدایە سەر گورگەکە، گورگ لەترسان قوچاندی.

مراد گوێرەکەکەی بردەماڵەوە، کاتێ کە خاڵە کوردۆ چاوی بە گوێرەکەکە کەوت و وتی: ((دیسان ئەو بەدبەختە تووشی چ بەڵایەك بووە؟))

خاڵە کوردۆ دەرمانی لە ڕانی گوێرەکەکەی داو پەڕۆیەکی تێوەرپێچا. مراد لەسەر زەوی دانیشت، سەری گوێرەکەکەی خستە سەر قاچەکانی و وتی: ((ئای گوێرەکە گیان، کەی دەبیتە مانگا، تاوەکو کەر لوشکەو چوتەت لێنەدا، تاوەکو ورتکەنان نەخۆشت نەکا، گورگ پڕتنەداتێ و گازت لێنەگرێ، بەو خودایە وا دڵم توایەوە و بوو بە ئاو، تۆ کەی گەورە دەبی؟))

خاڵە کوردۆ سەیرێکی مرادی کرد و وتی: ((بابە گیان! بیر لە چی دەکەیتەوە؟ گوێرەکە وا بەئاسانی نابێتە مانگا، هەزاران جۆرە ئازار و سەرئێشەی دەوێ))، بە بەلاش نەیانوتووە: ((تا گوێرەکە دەبێتە مانگا، خاوەنی زیرە دەکا.)) بەڵام خەم مەخۆ، ئەو گوێرەکەیەی کە من دەیبینم، چەند مانگێکی دیکە دەبێتە مێنگوینێکی بە هێز.))

مراد شیلەبزە گرتی و سەری گوێرەکەکەی لە ئامێز کرد و وتی: ((تا گوێرەکە دەبێتە مانگا، خاوەنی زیرە دەکا...)) گوێرکەکە یەك دوو جار بۆڕاندی.



# به مانگ بڵێن:
# تۆ لە دونیابووی منیش هاتم



شەو بوو، مانگ بە ئاسمانەوە بوو و لەچکە هەورێکی سپی بەسەرەوە بوو. زۆر تووڕەبوو، بەڵام ئاشکراش نەبوو، کە بۆچی سەیری هەورەکەی دەکرد. سەرپۆشەکەی لە ژێر چەنەگەوە بەست و ڕۆیی، کەس نەیدەزانی کێوە دەڕوا؟

ئەستێرەکان وتیان: ((مانگە خان، کێوە دەڕۆی؟ تۆ چرای ئاسمانی!))

مانگ سەیری ئەستێرەکانی کرد و وتی: ((دەچمە ماڵی نەنە مەرجان، نازانن ئەو لە پشت سەرمەوە چیم پێدەڵێ!))

ئەستێرەکان وتیان: ((چیت پێدەڵێ؟))

مانگ وەڵامی نەدانەوە و بە شەپە شەپ تێپەڕی. یەك لە ئەستێرەکان بەڕاکردن بەدووی کەوت. مانگ ڕۆیی ڕۆیی تاوەکو گەیشتە پارچە هەورێکی سپی. هەورەکە وتی: ((مانگە خان کێوە دەڕۆی؟ تۆ چرای ئاسمانی!))

مانگ سەیرێکی هەورەکەی کرد و وتی: ((دەچمە ماڵی نەنە مەرجان، نازانی نەنەمەرجان چی پێوتووم!))

هەور وتی: ((چی پێوتووی؟))

مانگ وەڵامی هەوری نەدایەوە و بە شەپە شەپ ملی ڕێی گرت، هەور و ئەستێرەکە بەدووی کەوتن، مانگ ڕۆیی ڕۆیی تاوەکو گەیشتە ماڵی نەنە مەرجان.

ماڵی نەنە مەرجان قەرەباڵغ بوو، ژوورەکەی پڕ بوو لە میوان، بوکی نەنەمەرجان لە گۆشەیەکی ژوورەکە نووستبوو. مانگ لە سەر ماڵی نەنە مەرجان ڕاوەستابوو، مانگ و ئەستێرە و هەور بە سەرسامییەوە سەیری نەنەمەرجانیان دەکرد، هەموو میوانەکان شاد و خۆشحاڵبوون. نەنەمەرجان نەوەیەکی هەبوو، چ نەوە، جوان و نازدار هەروەکو مانگ. بوکی نەنەمەرجان لە خەو هەڵسا و بە دڵخۆشییەوە سەیری منداڵەکەی دەکرد، مانگ بە ئەستێرە و هەورەکەی وت: ((ئێستا گوێ لە قسەکانی نەنە مەرجان بگرن، تاکو بزانین لە پشت سەرمەوە چی دەڵێ.))

نەنە مەرجان شاد و خۆشحاڵ بوو. مناڵەکەی پیشانی تاکتاکەی میوانەکان دەدا و هەندێ شتی دەوت. مانگ و هەور و ئەستێرە لە پەنجەرەی ماڵەکە نزیک بوونەوە و گوێیان لە قسەکانی نەنە مەرجان بوو. چاوی ئەستێرەکە لە خۆشیان ورنجەی داو وتی: ((مانگەخان نەنە مەرجان قسەی خراپ ناکات، دەیەوێ بڵێت مانگ زۆر جوانە.))

هەورەکەش زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: ((مانگەخان، بۆچی قسەی نەنە مەرجان دڵخۆشی کردی؟ ئەو دەڵێت نەوەکەی ئەوەندە جوانە بە مانگی دەمێنێتەوە.))

مانگ بە ڕووگرژییەوە وتی: ((وای! ئەوە تۆ دەڵێی چی! جوان گوێبگرە! مەرجان دەڵێت: گوایە من لە ماڵەوە نایەمە دەر، بۆ ئەوەی هەمیشە لەپشتی هەورەکانەوە بم، ئەگەر من لە خانووەکەم نەیەمە دەر، دڵتەنگ دەبم. شەو تاریک تاریک دەبێت، ئەدی ناڵێن من ڕووناکی ئاسمانم؟))

ئەستێرەکە وتی: ((مانگەخان باشە، نەنە مەرجان ئارەزوومەندە نەوەکەی وەك چرای ئاسمان بێت، وەکو مانگ، جوان و میهرەبان و نورانی بێت!))

مانگ بەسەرسامییەوە سەیری ئەستێرە و هەور و نەنەمەرجانی کرد. سەرێکی بۆ ڕاوەشاند و پێکەنی، تازە تێگەیی، کە نەنەمەرجان ئەوی چەند خۆشدەوێ. سەری شۆڕکردەوە و ماڵی نەنەمەرجانی پرکرد لە ڕووناکی. نەنە مەرجان سەیری مانگەکەی کرد، مناڵەکەی ڕوو بە ڕووی مانگ گرت و بەمیوانەکانی وت: ((سەیری مانگ بکەن! سەیری نەوەکەم بکەن، نەوەکەم وەکو مانگە، بە مانگ بڵێن: تۆ لە دونیابووی منیش هاتم.))

مانگ بەمیهرەبانی نەنە مەرجان سەرسام بوو و زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و تریفەکەی خۆی بە دەم و چاوی مناڵەکە پەخش کرد.



# دیوار مشکی هەیە، مشکیش گوێی هەیە



نەنەگوڵێ و بابە بەختیار لەماڵێکی بچووک دەژیان. خانوەکەی ئەوان دوو ژووری هەبوو، حەوشەشیان پڕبوو لە گوڵ و سەوزایی. حەوزێکی جوانیش لە ناوەڕاستی حەوشەکە بوو. بابە بەختیار بەیانیان زوو دەچووە بازاڕ، ئیشەکەی گەزۆ فرۆشی بوو. لە بازاڕۆکەی بەززازان سەکۆیەکی لێبوو، بابە بەختیار سینییە گەزۆیەکەی لە سەر سەکۆیەکە داناو هاواریکرد: ((گەزۆی شیرین! گەزۆی نایاب!))

خەڵکی بازاڕ موشتەری بابە بەخیار بوون. گەزۆی شیرین و بەتامەکەی ناوبانگی هەبوو. بابە بەخیار بە تەماح نەبوو. ئەوەندەبوو مەسرەفی نان و گۆشتی ماڵەکەی پێدابین دەکرد. تەبەقە گەزۆیەکەی لەسەر سەری خۆی دادەنا و دەیگێڕا. گۆشتی

لە قەساب دەكڕی و نانی لە نانەوا دەكڕی و دەچووەوە ماڵ. كە برسی دەبوو ئارامی لێدەبڕا. تاوەكو دەگەیشتەوە ماڵ، نەنەگوڵێ سفرەكەی ڕادەخست و مەنجەڵە گۆشتاوەكەی لەسەر سفرەكە دادەنا.

ئەو ڕۆژەش وەك ڕۆژانی دیكە، بە تەبەقە گەزۆ و بوخچەنان و كەمێك گۆشت گەڕایەوە ماڵەوە. دەست و دەم و چاوی شوشت و چوو لە ژوورەكە دانیشت. نەنەگوڵێ سفرەكەی ڕاخست، قامكە سەوزەیەكی لەسەر نانەكە داناو لەبەردەم بابە بەختیاری دانا، بابە بەختیار وتی: ((ئەدی گۆشتاومان نییە؟))

نەنەگوڵێ وتی: ((دەبێ بیر لەو پشیلەیە بكەیتەوە، گۆشتەكە لە هەر شوێنێك دابنێم دەیخوات.))

بابە بەختار كە زۆر برسی بوو، نان و سەوزەكەی خوارد، بەڵام زۆریش توڕەبوو، كە ئەگەر دەستی بگەیشتایە پشیلە ڕەشەكە گوێیەكانی هەڵدەقەند، بەڵام پشیلە ڕەشەكە لەو چالاكتر و زیرەكتر بوو، وا بەئاسانی نەدەكەوتە بەردەستی. بەناچاری بە نەنەگوڵێی وت: ((گۆشتەكە لەبەردەست دامەنێ! بیخەرە ژێر سەبەتەوە، بۆ ئەوەی كێشەت نەبێ.))

لەو كاتەدا گوێی لە خشەخشێك بوو، بابە بەختیار سەیری ئەمبەر و ئەوبەری خۆی كرد. هیچی نەدیت. نەنە گوڵێ گۆشتەكەی خستە ژێر سەبەتەكە و سەرقاڵی ئیشەكانی بوو.

عەسر نەنەگوڵێ بەرەو لای سەبەتەكە چوو، بۆ ئەوەی گۆشتەكە دەربێنێت و بۆ ئێوارە لێیبنێت، بەڵام بینی سەبەتەكە هەڵدراوەتەوە وگۆشتەكەش نەماوە! چریكەیەكی لێدا و نەفرەتی لە پشیلەكە كرد و وتی: ((ئاخر پشیلەی ڕەش چۆنی زانی گۆشتەكە لەژێر سەبەتەكەیە؟))

شەو كە بابە بەختیار هاتە ماڵەوە، نەنەگوڵێ مەنجەڵە چێشتەكەی هێنایە سەر سفرە. بابە بەختیار وتی: ((مەیلم بۆ گۆشتاو دەچێت، بۆچی گەنمە گوتاوت لێناوە؟))

نەنە گوڵێ هەناسەیەكی هەڵكێشا و وتی: ((گۆشتەكەم خستبووە ژێر سەبەتەكە، بەڵام جارێكی دیكە پشیلە ڕەشەكە گۆشتەكەی لێبردین.))

بابـە بەختیـار بـە نارەحەتییـەوە وتـی: ((لێرەوبـەدوا گۆشـتەکە بخـەرە نێـو قابلەمەیەکـەوە و کەرپوچێکیشـی لەسـەر دابنـێ.))
نەنەگوڵێ وتی: ((باشە!))
ئـەو ڕۆژە گۆشـتەکەی خسـتە نێـو قابلەمـە و پارچـە کەرپوچێکـی لەسـەر دانـا و چـوو قاپـەکان بشـوات. ئـاوی لـە بیرەکـە هەڵکێشـا و قاپەکانـی شووشـت. مشـتە نۆکێـك و کەمێـك فاسۆلیای خستە نـاو مەنجەڵێکـەوە. چـوو گۆشـتەکە بهێنـێ، بـەڵام جارێکی دیکە چریکاندی. قابلەمەکە لە گۆشـەیەك کەوتبـوو و گۆشـتەکەش نەمابـوو.
نەنەگوڵێ لـە دەسـتی خـۆی داو وتـی: (( هەنـاوت ڕەش بـێ پشـیلە ڕەش، چـۆن ئـەو گۆشـتە دەدۆزیتـەوە؟!))
نەنەگوڵێ دەسـتی لـە قابلەمـە و کەرپووچەکـە نـەدا، تاوەکو بابـە بەخیـار گەڕایـەوە و هەمـوو شـتەکانی بینـی. بابـە بەختیـار لـە خەفەتـان سیرەسـیرێکی بـە ددانەکانـی کـرد و وتـی: ((ئـەو گۆشـتەی کـە ئەمـڕۆ کڕیومـە، بیخـەرە سـەبەتەیەکەوە و بەدیـوارەوە هەڵیواسـە، ئەگـەر پشـیلە ڕەش ئـەو جـارە گۆشـتەکەی خـوارد، بەنـاوی خـۆم بانگـم مەکە!))
نەنەگوڵێ گۆشـتەکەی خسـتە نـاو زەنبیلەکـەوە، بابـە بەختیـار لـە گۆشـەیەکی ژوورەکە ڕاکشـا بـۆ ئـەوەی بخەوێت. نەنەگوڵێ ئیشـەکانی کـرد و چـوو بـۆ ئـەوەی زەنبیلەکـە بـە چەنگاڵـی دیـواری ناندینەکە(مەدبەخەکـە) هەڵبواسـێ. تاوەکـو نەنەگوڵێ لـە ژوورەکـە چـووە دەرەوە، خشـەخشـێك بەرگوێـی بابـە بەختیـار کـەوت. بابـە بەختیـار چاوەکانـی کـردەوە و خـۆی قـوڵاغ کـرد. بینـی مشـکێکی گـەورە لـە کۆگاکـەوە هاتـەدەرەوە و بـە دووی نەنـە گوڵێ کـەوت. بابـە بەخیـار ڤیتبـووەوە و بـەدوای مشـکەکە کـەوت.
مشـکەکە لـەدوای نەنـە گوڵێ وە دەڕۆیـی، نەنەگوڵێ سـەبەتە گۆشـتەکەی بـە چەنگاڵـی ناندینەکـە هەڵواسـی. مشـکەکە زۆربـاش سـەیری نەنـە گوڵێ و زەمبیلەکـەی کـرد و وردەوردە چـووە دەرەوە. بابـە بەخیـار بـەدوای مشـکەکە کـەوت، مشـکەکە ڕۆیـی تاوەکـو گەیشـتە پشـیلە ڕەشـەکە وەی وایەکـی کـرد. بابـە بەختیـار بینـی پشـیلە ڕەشـەکە لـە دوای مشـکەکە دەڕوات.



نەنـە گوڵێ پشـتی لـە نانـدینەکـە بـوو جلـی دەشوشـت. مشـك و پشـیلەکە لـە پشـت وییـەوە هاتـن و چونـە نانـدینەکـە، بابـە بەختیـار بەدویـان کـەوت.

پشـیلەکە خـۆی هەڵدایـە سـەر سـەبەتەکە،  هەرکـە ویسـتی قـەپ لـە گۆشـتەکە بـدات بابـە بەختیـار لینگـە نەعلێکـی لـە مشـکەکە گـرت و گونیـەیەکیشـی لـە زەمبیلەکـە هەڵکێشـا و پشـیلەکە لـە نێـو گونیـەکـە هەڵدەبەزییـەوە، بـەڵام مشـکەکە ڕایکـرد.

بابـە بەختیـار پشـیلە ڕەشـەکەی بـردە چۆڵەوانییـەك و بەڕەڵایکـرد، کاتێ کە گەڕایەوە ماڵـەوە، بینـی مشـکەکە بـە دیـواری کۆگاکە گیـری خواردبوو.

نەنـە گوڵێ  بـە مەنجەڵـە گۆشـتەوە هاتـە ژوورەوە، بابـە بەختار لەتەنیشت سفرەکەوە دانیشـت، بۆنـی گۆشـتاو بـەژوورەکان بڵاودەبـووەوە، نەنەگوڵـێ وتـی: ((چۆنـت زانـی مشك و پشـیلەکە لـە ناندێنـن؟))

بابـە بەختـار  پێکەنـی  و هەمـوو شـتێکی بـۆ نەنـە گوڵێ باسـکرد و وتـی: ((مشـك خەبـەری بـۆ پشـیلە ڕەشـەکە دەبـرد و پێـی دەگـوت، کـە گۆشـتەکەمان لەکوێ دانـاوە، پێویسـتە هۆشـمان کۆکەینـەوە، بەبـەلاش نەیانوتـووە: ((دیـوار مشـکی هەیـە، مشـکیش گوێـی هەیـە.))



# حەسەنۆك خەوبردۆتییەوە،
# ئاویش گوێزی بردۆتەوە



حەسەنۆك لە بەیانییەوە تاوەکو شەو دەنوست، کاتێ نانی بەیانی دەخوارد پشتی لە تەنوورەکە دەکرد و دەنوستەوە. نیوەڕۆ کە نانی دەخوارد بەتەنیشت سفرەکەوە بەخەواڵوویی ڕەت دەبوو. کاتێ کە نانی ئێوارەی دەخوارد لە گۆشەیەکی ژوورەکە دیسان درێژدەبووەوە. نەنە زێرین پێی دەوت: ((حەسەنۆك، خەو نابێ ببێتە ئیش و ژیانت! ڤیتبەرەوە بڕۆ ئیشێك بکە، زەحمەت بکێشە، نان پەیدابکە. تاکەی دەتەوێ بخەوی!))

بەڵام قسەی نەنە زێڕین لەو گوێیەوە دەچووە ژوورەوە و لە گوێیەکەی دیکەی دەهاتە دەرەوە. نەنە زێڕین بەخۆی دەوت: ((ئەگەر حەسەنۆك بەم شێوەیە گەورە ببێت، بەدبەخت دەبێت. ئێستا من مەسرەفی دەکێشم، لەدوای من چ کەسێك مەسرەفی بکێشێت؟ پێویستە بیرێکی لێبکەمەوە، ڕێگایەك بدۆزمەوە بۆ ئەوەی حەسەنۆك بەدوای ئیشێکەوە بێت.))

نەنە زێڕین زۆری بیرکردەوە، ئاخر سەرۆك خێزان دەبێ بەیەك ڕۆژ چوار ئیش پەیدابکات! نەنە زێڕن هیچی دیکە نان و گۆشتی نەکڕی، سەوزە و نۆك و فاسۆلیای نەکڕی. مێوژ و بادەم و گوێزی نەخستە باغەڵی حەسەنۆك.

چەند ڕۆژ تێپەڕی، نەنە زێڕین هەر دانەوێڵە و خۆراکێکی لە ماڵ بوو، بۆی لێنا و دەرخواردی حەسەنۆکی دا. وایلێهات هیچ خواردنێك لە ماڵەکە نەما.

بەیانی زوو حەسەنۆك لەخەو هەستا سەری بەرزکردەوە و وتی: ((نەنکە گیان، بەرچایم بۆ ئامادەبکە، من برسیمە.))

نەنە زێڕین سەرێکی بۆ بادا و وتی: ((نە نانم هەیە نە ناندێن. نەچام هەیە، نەچادان. نە قەندم هەیە، نەقەندان. هەندێك پەنیر مابوو من خواردم.))

حەسەنۆك بە عەبوسییەوە وتی: ((تۆ خواردت؟))

نەنە زێڕین وتی: ((ئەی کێ بیخوا؟ تۆ بیخۆی، کە شەو و ڕۆژ خەوتووی، یان من بیخۆم، کە دەچم بارستەیەك جلوبەرگی خەڵك دەشۆم؟))

حەسەنۆك سەری خۆی شۆڕکردەوە، جارێکی دیکە نوستەوە. نەنە زێڕین هەستایە سەرپێ و سەرپۆشەکەی لە سەرناو بەدوای ئیشەکەی خۆیدا چوو.

بووە نیوەڕۆ، نەنە زێڕین گەیشتەوە ماڵ، کاتێ کە گوێی لە دەنگی نەنکی بوو، لەخەو هەڵسا و وتی: ((نەنکە گیان هاتیەوە؟ من برسیمە، نانی نیوەڕۆم بدەیێ.))

نەنە زێڕین ڕووی خۆی گرژکردەوە و وتی: ((کوڕە شەرمەزاربە، بڕۆ ئیشێك بکەو نان و گۆشت بۆ ماڵەوە بهێنەوە! بۆچی نانی نیوەڕۆت لە منی پیرەژن دەوێ؟))

حەسەنۆك باوێشکی هاتەوە و وتی: ((ئێستا چەند دانە گوێزێکم بدەیێ، زۆر برسیمە.))

نەنە زێڕین کە گۆزەکەی هەمیشە پڕ لە گوێز بوو پێیدا، حەسەنۆك دەستی لە کونی گۆزەکە ڕاکرد، بەڵام ئەم جارەیان یەك دانە گوێزی تێدانەبوو! حەسەنۆك



وتـی: ((مشکەکان ئـەو گوێزانەیـان خـواردووە؟))
نەنە زێڕین وتی: ((حەسەنۆك ئەوانەی خواردووە، نەك مشکەکان.))
حەسـەنۆك بەخەمبارییـەوە لـە گۆشـەیەکی ژوورەکـە دانیشـت. هـەر لـەوێ خـەوی لێکەوتـەوە. نەنـە زێڕیـن دڵـی پێـی سـوتا، لێفێکـی هێنـا و دایپۆشـی.
شـەو حەسـەنۆك لەخـەو ڕاچەنـی، خـەوی بینـی بـوو، کـە کۆمەڵـە مشـکێك گوێزەکانـی ئەویـان دەخـوارد. سـەیری دەور و بـەری خـۆی کـرد، نـە گوێـزی بینـی و نەمشـك. دووبـارە بەسـکی برسـییەوە خـەوت.
بەیانـی زوو حەسـەنۆك لـە برسـان خەبـەری بـووەوە، لێفەکـەی لەسـەرخۆی فڕێـدا و وتـی: ((نەنـە گیـان، سـکم لەبرسـان دێشـێت.))
 نەنـە زێڕیـن خەوتبـوو، حەسـەنۆك چـاوی بـە دانـە گێزێـك کـەوت کـە لـە نێـو دەرگاکـە کەوتبـوو، بـۆی چـوو و گوێزەکـەی هەڵگرتـەوە، شـکاندی و خـواردی و سـەیری دەور و بـەری خـۆی کـرد، گوێزێکـی دیکـەی لـە ناوەڕاسـتی هەیوانەکـە بینـی، پـڕیدایـێ و ئەویشـی شـکاند و کاکڵەکـەی خـوارد.
کـەم کەمـە بارودۆخـی باشـبوو و چاوەکانـی تریسـکەیان بـۆ گـەڕایەوە، گوێزێکـی دیکـە لەسـەر پەیژەکـە بـوو، حەسـەنۆك ڕایکـرد و ئـەو گوێزەشـی هەڵگرتـەوە شـکاندی و خـواردی. لـە لێـواری حەوزەکـەش دانـە گوێزێکـی گـەورەی لێبـوو، حەسـەنۆك چـوو ئەویشـی هەڵگرتـەوە و خـواردی. لـە دەرەوەی حەوشـەکەش دوو گوێـزی لێبـوو، بەڕاکـردن ئەوانیشـی هەڵگرتـەوە و چەنـد دانـە گوێزێـك لـە ناوەڕاسـتی گـەڕەکەکـە بـوو، حەسـەنۆك بۆیـان چـوو و هەڵیگرتنـەوە، لەوکاتـەدا دەرگای حەوشـەیان داخـرا.
حەسـەنۆك گوێـی لـە دەنگـی نەنـە زێڕیـن بـوو کـە وتـی: ((حەسـەنۆك گیـان بـڕۆ، بـڕۆ ئیـش بکـە و پـارە پەیدابکـە.))
حەسـەنۆك دەسـتی بەگریان کرد و وتی: ((نەنکە گیان، خەومدێت، زۆر خەومدێت.))
نەنـە زێڕیـن گوێـی بـەم قسـانە نـەدا و ڕۆیشـت، حەسـەنۆك لـە پشـتی دەرگا خـەوت، وردە وردە منداڵـە ورتکـە دەورەیانـدا، بـە بینینـی ئـەوان حەسـەنۆك خـەوی زڕا. یەکێـك لـە منداڵـەکان وتـی: ((حەسـەنۆك هاتوویەتیـە کـۆڵان دەتـەوێ چـی بکـەی؟))
حەسـەنۆك وتـی: ((نەنـە زێڕیـن نایەڵـێ بچمـەوە ژووری و دەڵـێ پێویسـتە بـڕۆم ئیـش بکـەم و حەقدەسـت وەرگـرم. تـۆ هیـچ ئیشـێکت پـێ شـك نایـەت؟))

یەکێك لە منداڵەکانی پێکەنی و وتی: ((لەباغی سوڵتانی گوێز لێدەکەنەوە، تۆش بڕۆ گوێز لێبکەوە و پارەت دەدنێ.))
حەسەنۆك دەیویست جارێکی دیکە بگرێت و بانگی نەنکی بکاتەوە، بەڵام پەشیمان بووەوە، ملی ڕێگای گرت، ڕۆیی ڕۆیی ڕۆیی تاوەکو گەیشتە باغی سوڵتانی، باخەکە پڕ بوو لە درەختی گوێز، حەسەنۆك خەوی دەهات، لە لێواری باخەکە خەوت، باخەوان گەیشتێ و وتی: ((حەسەنۆك بۆچی لێرە خەوتووی!؟)) حەسەنۆك لەخەو ڕاچەنی، سەیرێکی قەڵافەتی باخەوانەکەی کرد و ترسا و وتی: ((هاتووم گوێز لێکەمەوە و حەقدەست وەربگرم.))
باخەوان تورەگەیەکی دایە دەست حەسەنۆك و وتی: ((بڕۆ نێو باغ، تا زیاتر گوێز لێکەیتەوە، پارەت زیاتر دەدەمێ.))
حەسەنۆك تورەگەکەی وەرگرت و چوە ناو باخەکە، بینی منداڵان لەنێو باخەکە گوێز لێدەکەنەوە، حەسەنۆك چووە لایەکەوە کە کەسی لێنەبوو، جۆگەلە ئاوێك بەوێدا تێدەپەڕی، دەیویست لە لێواری ئاوەکە بخەوێت، بەڵام دەشترسا باخەوانەکە بێت و بیبینێ، چووە سەر درەختێکی گوێز تاوەکو گوێز لێبکاتەوە، تاوەکو نیوەڕۆ گوێزی لێکردەوە، دواتر لەسەر درەختەکە هاتە خوارەوە، گوێزەکانی هەموو لە تورەگەکە کرد، زۆر ماندوو ببوو، تورەگەکەی لە لێواری ئاوەکە داناو هەر لەوێ خەوت.
لەو کاتەدا نەنە زێڕین نیگەران بوو، هەستایە سەرپێ و بۆ سۆراغکردنی حەسەنۆك ڕۆیی، بەڕێکەوت، تاوەکو گەیشتە باخی سوڵتانی، لە باخەوان و لەو منداڵانەی کە گوێزیان لێدەکردەوە، پرسی، هەموان بەنێو باخەکەدا گەڕان تاوەکو دۆزییانەوە.
باخەوان بە دەنگێکی بەرز وتی: ((حەسەنۆك خەوتووی؟))
حەسەنۆك لەخەو ڕاچەنی و وتی: ((بەخودا یەك تورەگەم گوێز لێکردۆتەوە، سەیری بکە!))
لە بەدبەختی ئەو قاچی لەسەری تورەگەکە گیرببوو و سەری تورەگەکە کەوتبووە ناو ئاوەکە و گوێزەکان دانەدانە بەئاوەکەدا ڕۆیشتبوون، تورەگەکە خاڵی خاڵی بوو، حەسەنۆك هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: ((گوێزەکان ئاو بردنی!!))
منداڵەکان دایانە قاقای پێکەنین، نەنە زێڕین تورەگەکەی هەڵگرت و ڕایکرد، لە



شوێنێك كە پوشكە و جیلكەدار لەسەر ئاوەكە كۆبووبووەوە و گوێزەكان هەموو لە شوێنێك گیریان خواردبوو، نەنە زێڕین هەمووی لە تورەگەكە كرد و گەڕایەوە.

حەسەنۆك خەواڵو سەیری منداڵەكانی دەكرد و منداڵەكان دەور و خولیاندەدا و دەیانوت: ((حەسەنۆك خەو بردۆتیەوە، ئاویش گوێزی بردۆتەوە. حەسەنۆك خەو بردۆتیەوە، ئاویش گوێزی بردۆتەوە...))

نەنە زێڕین تورەگە گوێزەگەی لەبەردەم حەسەنۆك دانا و وتی: ((لە ڕاستیدا حەسەنۆك خەو بردۆتیەوە، ئاویش گوێزی بردۆتەوە.))

حەسەنۆك زۆر بەشادمانی سەیری تورەگە گوێزەكانی دەكرد.



# نەپارەم دا نەچەنەبازی،
# بوك بە ئێمە بوو ڕازی



باجی بەهار لەو دونیا گەورەیەدا، تەنها کوڕێکی کەچەڵی هەبوو. هەموو ئومێدێکی بەو بوو. ئەم کوڕە شاگردی گۆزە چییەك بوو. ئاوی دەهێنا و قوڕی دەگرتەوە و کاسە و قاپ و گۆزەکانی دەگواستەوە بەرهەتاو. هەر ئیشێکی وەستایەکەی پێی دەسپارد، بە گورج و گۆڵی ئەنجامی دەدا. هەر کاتێك بێ ئیش دەبوو، لە گۆشەیەکی کارگەکە دادەنیشت، هەندێك قوڕی لەبەردەم خۆی دادەنا و یاری مندالانە و بوکەڵەی گڵیی و دەخیلەی دروست دەکرد.

عەسر کاتێ کە کارگەکە دادەخرا، کامەران دەگەڕایەوە ماڵەوە، منداڵان دەورەیان دەدا، ئەویش یاری منداڵانەی دەدانێ، بوکەڵەی دەدایە یەکێیان و دەخیلەی دەدایە

یەکێکی دیکە. گۆزەی گچکەی دەدایە یەکێکی تر. بۆیە منداڵەکان کامەرانیان زۆر خۆشدەویست.

کامەران گەورەبوو کاتی ژنهێنانی هات، بەڵام باجی بەهار نەیدەزانیّ لەدەرگای کیّ بدات و کوڕەکەی بکاتە زاوای کیّ؟ یەك دونیا خەم لە دڵی بوو.

ڕۆژێکیان باجی بەهار لەچکەکەی لەسەری ناو و چووە ماڵی ئەم و ئەو، بەڵام کەس کچی خۆی بە کامەران نەدا، هەتا فەقیرەکەی ئاوایش کچی خۆی بە کامەران نەدا.  بەدڵتەنگی و نائارامییەوە گەڕایەوە ماڵ.

تاریك داهات کوڕەکەی گەڕایەوە ماڵ، کاتیّ کە باجی بەهاری بەو دڵتوندییەوە بینی پرسی: ((نەنە چی بووە؟))

ئەویش درۆی لەگەڵ نەکرد، هۆکاری ئەو هەموو خەم و خەفەتەی بۆ باسکرد و وتی: ((نەنە گیان! قوربانی ئەو کەللە کەچەڵەت بیّ، هەژارەکەی ئاوایش کچەکەی خۆی بەتۆ نەدا.))

کامەران پێکەنی و وتی: ((خەم مەخۆ نەنە گیان! دەڕۆم کچی حەکیم دێنم.))

باجی بەهار ئاهێکی هەڵکێشا و وتی: ((کەچەڵ بوویی و گێژۆکەش بوویی.))

کامەران سینگی خۆی قیتکردەوە و وتی: ((درۆناکەم، دەڕۆم کچی حەکیمەکە دێنم.))

باجی بەهار بەخەمبارییەوە وتی: (( ئاخر کچە فەقیریان بەتۆ نەدا، بە چ جۆریّ دەچی کچە حەکیم بخوازی؟!))

کامەران گوتی: ((نەتبیستووە حەکیم چی وتووە؟))

باجی بەهار وتی: ((نا))

کامەران وتی: ((حەکیم وتوویەتی سبەی هەموو داخوازیکەری کچەکەم بەخۆیان و بەدەخیلەیەکەوە بێنە ماڵەکەم. ئەو پرسیاریان لێدەکا، ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە، کچەکەی دەداتیّ.))

باجی بەهار سەرێکی بۆ ڕاوەشاند و وتی: (( تۆ زۆر سادەی! حەکیم دەیەویّ بزانیّ دەخیلەی کیّ پارەی زیاتری تێدایە، کچەکەی بەو دەدات.))

کامەران هیچی دیکەی نەوت و چووە کارگە، دەیویست بیربکاتەوە و تێبگات، سبەی



بە کام دەخیلە بچێتە ماڵی حەکیم، بەڵام ئەو چوزانێ کە حەکیم کام دەخیلەی دەوێ؟ وای بەباش زانی هەندێ قوورِ لەگەڵ خۆی بباتە ماڵی حەکیمەکە و هەر جۆرە دەخیلەیەی کە حەکیم دەیەوێ، ئەوی بۆی دروست بکات.

ڕۆژی دوایی کە هەر گەنجێکی ئاوایی بەخۆیی و بەدەخیلەیەکەوە دەچووە ماڵی حەکیم. (کامەران)یش بە مشتێ قورِەوە بەرەو ماڵی حەکیم بەڕێکەوت. هەموو داخوازیکەرەکان لە حەوشەی حەکیم وەستابوون، حەکیم وەك پادشایەك لە هەیوانەکە دانیشتبوو و وتی: ((پرسیاری یەکەم! چ کەسێك دەخیلەیەکی لەشێوەی قۆچی بزن هێناوە؟))

داخوازیکەرەکان هەموو سەیری یەکتریان دەکرد، دەخیلەی هیچیان بەوێنەی قۆچی بزن نەبوو، کامەران بەخێرایی قورِەکەی شێلا و دەخیلەیەکی لە شێوەی قۆچی بزن دروست کرد. بە ڕاکردنەوە دایە دەست حەکیم. حەکیم بەسەرسامییەوە سەیری کامەرانی کرد و وتی: ((پرسیاری دووەم! کێ دەتوانێ ئەو پارچە بەردە بخاتە ناو ئەم دەخیلەیە؟))

حەکیم پارچە بەردێکی پیشاندان، کە هێندەی سێوێك دەبوو، داخوازیکارەکان بەسەرسامییەوە سەیری دەخیلە و پارچە بەردەکەیان کرد. بیریان لەوە دەکردەوە، بە چ شێوەیەك ئەو پارچە بەردە بەو کونە بچووکەی دەخیلەکەدا فڕێدەنە خوارێ. کامەران دەخیلە شێوە قۆچ بزنەکەی تێك و پێکداو دانەیەکی دیکەی لێ دروستکرد و چەقووەکەی لەحەکیم وەرگرت و بنی دەخیلەکەی پێ برِی و پارچە بەردەکەی خستە ناوی. دواتر کونی بنەوەی گرت و دەخیلەکەی دایە دەست حەکیم. حەکیم بەسەرسامییەوە سەرێکی بۆ بادا و پێکەنی و وتی: ((ئێستا هەموو دەخیلەکان لە هەیواندا جێبهێڵن!))

داخوازی کەرەکان، دەخیلەکانیان لە نێو هەیوانەکەدا قەڵاچن کرد، حەکیم بەرزەپێ بووەوە و بە نووکە شەقان کەوتە سەر دەخیلەکان و شکاندنی و وتی: ((پرسیاری سێیەم! ئێستا چ کەسێك دەتوانێ دەخیلەی خۆی هەڵگرێتەوە؟))

هەموو سەیری یەکتریان دەکرد، دواتر سەیری حەکیمیان کرد، کامەران چووە پێشەوە، چەند مشتێکی لە دەخیلە شکاوەکەی هەڵگرتەوە، بەردەکەشی دۆزییەوە،



ئەوەندە پارچە گۆزەكانی وردكرد تاوەكو كردیەوە گڵ. دواتر هەندێك ئاوی هێناو كردیە قوڕ و جوان شێلایی و دەخیلەیەكی دیكەی دروست كرد و وتی: ((حەكیم! من دەخیلەكەی خۆمم هەڵگرتەوە.))

حەكیم پێكەنی و بەرزەپێ بووەوە و بەدەنگێكی بەرز وتی: ((زاواكەی من كامەران ـ ە. دەی دەهۆڵ لێدەر و شەیپور ژەن با دەستپێبكەن!))

سەدای ساز و شەیپوور و دەف لە ئاوایی بەرپابوو، كامەران جلی زاوایەتی پۆشی و بە كچی حەكیمەوە بەرەو ماڵەكەیان گەڕایەوە.

باجی بەهار لە گۆشەیەكی حەوشەكەیان دانیشتبوو و خەمی لێدەخوارد، كە دەرگای حەوشە كرایەوە كامەران كچی حەكیمی هێنا. باجی بەهار بەسەرسامییەوە سەیری كامەران و كچی حەكیمی كرد! لە خۆشیان هەلهەلەیەكی لێدا و وتی: ((ئەی خوایە! ئەی هاوسێكان! ئەی خەڵكی ئاوایی! كوڕەكەی من بووە زاوا.))

باجی بەهار چەقەنەی لێدەدا و بەدەوری بووك و زاوا دەسوڕایەوە و دەیوت: ((نەپارەم دا نەچەنەبازی، بوك بە ئێمە بوو ڕازی. نەپارەم دا نەچەنەبازی، بوك بە ئێمە بوو ڕازی...))



# ژیاننامەی وەرگێڕ



* د. هاوژین سڵیوە عیسا کەریم ئیسحاق تۆما قەساب، لە دایکبووی (١/ ٥/ ١٩٧٩)، هەرمۆتە ـ کۆیە.
* (٢٠٠٤) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی بە دەستهێناوە.
* (٢٠٠٨) بڕوانامەی ماستەری لە زمان و ئەدەبی کوردی بە دەستهێناوە.
* (٢٠١٢) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی بە دەستهێناوە.
* (٢٠١٧) پلەی زانستی بەرزبۆتەوە بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر.
* زمانی: (کوردی) و (عەرەبی)و (فارسی) و (سریانی) دەزانێت.
* (٢٠١٠) خەڵاتی یەکەمی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە فێستیڤاڵی گەلاوێژ بەدەستهێناوە.
* (٢٠١٢) لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا، لە بارەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری خەڵاتی لاوی ساڵی پێبەخشراوە.
* (٢٠١٦) توێژینەوەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ (فازیل شەورۆ) نووسیوە بەناوی (جگەرە لە جیهانبینیی شیعری شێرکۆبێکەسدا)، لە فێستیڤاڵی گەلاوێژ بەشداریان پێکردووە و خەڵاتی یەکەمیان بەدەستهێناوە.

* جێگری بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (زانکۆی کۆیە)بووە.
* ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی هەنگاوی نوێ بووە.
* یاریدەدەری بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری شارەوان بووە.
* بەڕێوەبەری نووسینی (گۆڤاری کەلتووری کورد)بووە.
* جێگری سەرنووسەری (گۆڤاری کەکۆن)ە.
* ئەندامی دەستەی نووسەرانی (گۆڤاری ڕۆشنبیری کەلدان)ە.
* مامۆستای ڕەخنەی ئەدەبییە لە زانکۆی کۆیە.
* ئەندامی سەنتەری مەلای گەورەیە.
* سەرۆکی بەشی زمانی کوردی بووە لە زانکۆی کۆیە (٢٠١٩/١/٧-٢٠٢٠/٩/١٠)

## کتێبە چاپکراوەکانی:

١. لە پایزەوە بۆ بەهار، شیعر، چاپخانەی بێریڤان، هەولێر ٢٠٠٧.
٢. وێنەی هونەری لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، دەزگای سەردەم ٢٠٠٩.
٣. خوشکە نەسیمۆ، کۆمەڵێ حیکایەتی سریانی، وەرگێڕانی لە زمانی سریانییەوە بۆ زمانی کوردی، چاپخانەی کەمال ٢٠١٢.
٤. مۆسیقای نامۆیی، شیعر، چاپخانەی کەمال ٢٠١٣.
٥. ڕەهەندی دەروونی لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٣ .
٦. خۆری دەق و ئاوێزەی ڕەخنە، ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٣.
٧. مێژووی هەرمۆتە، توێژینەوەیەکی مێژوویی لەبارەی مەسیحییەکانی کۆیە ـ هەرمۆتە، چاپخانەی زانا، سلێمانی،٢٠١٣.
٨. هەڵبژاردەیەك لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ زمانی سریانی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر ٢٠١٥.
٩. هێما ئایینی و ڕۆشنبیرییەکان، ن: صەبری المەقدەسی، و. لە عەرەبییەوە: دەلال صلیوە، پێداچوونەوەو داڕشتنەوەی: د. هاوژین سڵێوە، ٢٠١٥.
١٠. پاییزی نیگەرانی، شیعر، چاپخانەی شەهاب، هەولێر ٢٠١٥.



١١. ئیرۆتیك لەشیعری (حەمام)ی شێرکۆ بێکەسدا، هاوبەش لەگەڵ د. دەریا حەوێزی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر ٢٠١٥.
١٢. کاریکاتێر لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٦ .
١٣. جگەرە لە جیهانبینیی شیعری شێرکۆبێکەسدا، لەگەڵ:(فازیل شەوڕۆ) نووسیویانە، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ٢٠١٧.
١٤. موسیقى الاغتراب، شعر المؤلف: هاوژین صلیوە، ترجمة: محترم محمد، مطبعة هاوار دهۆك، ٢٠١٨.
١٥. ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و زمانی سریانی- لە شاری کۆیە (شیعر بە نموونە)، کتێبی هاوبەش لەگەڵ مامۆستا شادان شکر ٢٠١٨.
١٦. تابلۆی پەپوولان، شیعر بۆمنداڵان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٩.
١٧. توتییەکی ژیر، چیرۆك بۆمنداڵان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٩.
١٨. ڕەخنەی پراکتیکی، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٩.
١٩. دایك لە جیهانبینیی شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی دەروونییە، لەگەڵ (فازیل شەوڕۆ) نووسیویانە، چاپخانەی سارا، سلێمانی ٢٠١٩.
٢٠. ئاگردانێك بەقەد نیشتیمان، ژیاننامەی فاروق شەهید عەلی مەولوود، (یاداشتە ڕۆمان)، لەگەڵ (فازیل شەوڕۆ) دایانڕشتۆتەوە و کردوویانە بە بابەتێکی ئەدەبی، ٢٠٢٠.
٢١. دیوانی شێواو، توێژینەوە و ئامادەکرن، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٢٠.
٢٢. زایەڵەی فلوتە ئەویندارەکەی سەرداری باب سەردار، لە گەڵ م. فازیل شەوڕۆ و د. هێمن عەبدولحەمید ئامادەیان کردووە، ٢٠٢٠.
٢٣. خەونی فەرمانبەرێك - چیرۆك- ، ٢٠٢٠.
٢٤. بنچینەیەك بۆ فێربوونی زمانی فارسی (مبانی یادگیری زبان فارسی)، ٢٠٢١.
٢٥. چیرۆکەکانی حەسەنۆك ـ بەرگی (١،٢)، نووسینی: محەمەدڕەزا یوسفی، وەرگێڕانی لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی کوردی، ٢٠٢١.

